
کریستنیی ماکلیلاند
عیسا و ژنان
چاپخانەی لایفوای
ناشڤیل تێنسی

دەزگای بڵاوکردنەوە: چاپخانەی لایفوای © ٢٠١٩ Kristi McLelland چاپی دووەمی مانگی (٣) ی ٢٠٢١.

ئەم بەرهەمە هەموو مافێکی پارێزراوە، نابێت و رێگە نادرێت به بێ ڕەزامەندی پێشوەختەی دەزگای بڵاوکردنەوە، هیچ دانەیەکی یان بەشێکی بە هەرشێوە و ڕێگایەك بێت چی بە ئەلکترۆنی یان کاغەز جا بە لەبەرگرتنەوەی بێت یان بەکارهێنانی هەرسیستمێکی تر کۆپێ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە، جگە لەوەی بە نوسراو لەلایەن بڵاوکراوەکەوە بەڕوونی ڕێگەی پێدرابێت، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی، داواکاری پێشکەش بکەن بۆ چاپخانەی لایفوای© یان لایفوای پلازا/ناشفێڵ/ تێنیسی ٣٧٢٣٤.

ژمارەی داهێنان: ٩٧٨-١-٥٣٥٩-٩٢٠٣-٩

ژمارە: ٠٠٥٨٢١٥٨٤

پۆلێنکردنی دیوی دەهەمی: ٢٤٨.٨٤٣

وشە کلیلییەکان: عیسا، مەسیح، ژنان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کتێبی پیرۆز- ژیانی بە کۆمەڵ و دابونەریت.

هەموو ئیقتیباسەکان لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون، لە چاپی نێودەوڵەتی نوێ®NIV® مافی کۆپیکردنی پارێزراوە لەلایەن کۆمەڵەی کتێبی پیرۆزەوە. لە (1973, 1978, 1984و 2011) مۆڵەتی بەکارهێنانی وەرگیراوە، کە هەموو مافەکانی لە سەرانسەری جیهان پارێزراوە.

ئەو ئیقتیباسانەی کە بە CSB® دیاریکراوە لە کتێبی پیرۆزی ستانداردی مەسیحی وەرگیراون. مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لەلایەن بڵاوکرەوەی کتێبی پیرۆزی هۆڵمان، 2017، مۆڵەتی بەکارهێنانی وەرگیراوە.

کتێبی پیرۆزی ستانداردی مەسیحی Christian Standard Bible®, و (CSB®) دوو هێمای بازرگانین کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە تۆمارکراون مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لە

لەلایەن بڵاوکرەوەی کتێبی پیرۆزی هۆڵمان، مۆڵەتی بەکارهێنانی وەرگیراوە، ئەو ئیقتیباسانەی کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون و بە (KJV) دیاریکرون وەرگیراون لە ڤێرژنی پاشا جەیمسەوە، ئەو ئیقتیباسانەی کە لە کتێبی پیرۆز وەرگیراون و بە (NRSV) ئاماژەیان پێکراوە ، وەرگیراون لە چاپی نوێێ ستانداردی کتێبی پیرۆز، مافی بەکارهێنانی پاریزاروە لە لایەن بەشی پەروەردەی مەسیحی ئەنجومەنی نیشتمانی کەنیسەکانی مەسیح لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٨٩ . مۆڵەتی بەکارهێنانی وەرگیراوە و هەموو مافەکانی پارێزراوە.

بۆ داواکردنی کۆپی زیاتری ئەم سەرچاوەیە پەیوەندی بکە بە خزمەتگوزاری فرۆشتنی Lifeway Resources لە چاپخانەی لایفوای© یان لایفوای پلازا/ناشفێڵ/ تێنیسی ٣٧٢٣٤.

بۆ بە دەستهێنانی هەرزانیارییەك فاکس بکە بۆ(٦١٥٢٥١٥٩٣٣) یان پەیوەندی بکە بە (٨٠٠٤٥٨٢٧٧٢) یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ (orderentry@lifeway.com) یان سەردانی ماڵپەڕێ (www.lifeway.com) بکە.

چاپکراوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لایف وەی، وان لایفوای پلازا، ناشفیل، تێنسی ٣٧٢٣٤.

سودمان لە ماڵپەڕی کتێبی پیرۆز بینیوە بۆ وەرگێڕانی دەقەکانی کتێبی پیرۆ بۆ کوردی سۆرانی.

تیمی سەرنوسەر

خزمەتی پێگەیشتووەکان بۆ بڵاوکرنەوە

بەڕێوبەری خزمەتی پێگەیشتووان

بێکی لۆید

بەڕێوەبەری خزمەتی پێگەیشتووان بۆ خوێندنی کورت خایەنی کتێبی پیرۆز

میشێل هیکس

سەرنوسەری ناوەڕۆم

سارا دۆس

سەرنوسەری بەرهەمهێنەر

ئێرین فرانکلین

گرافیك دیزاینەر

لۆرن ئێرڤین

دیزاینی بەرگ

میکا کاندرۆس دیزاین

خشتەی ناوەڕۆك(پێڕست)

دەربارەی نوسەر..................................................................٥

پێشەکی..........................................................................٦

چۆن ئەم توێژینەوەیە بەکار بهێنین؟ ......................................................١٠

خولی یەکەم: ناسینی مەسیح ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.................................١٤

خولی دووەم:مەسیح و ژن لە سەدەی یەکەمدا..........................................٣٨

خولی سێیەم: مەسیح و ژنی سەربیرەکە................................................٦٣

خولی چوارەم: مەسیح و ژنی لای دیوارەکه............................................٨٦

خولی پێنجەم: مەسیح و ژنە کۆڵنەدەرەکە.............................................١١١

خولی شەشەم: مەسیح و ژنی سەر پلیکانەکەی باشور..................................١٣٤

خولی حەوتەم: مەسیح و چیرۆکی دوو مریەمەکە........................................١٥٧

ئاهەنگی کۆتای...................................................................١٧٩

ڕێبەری سەرکردایەتیکردن..........................................................١٨٤

فەرهەنگ ........................................................................١٩٢

## دەربارەی نوسەر







کریستی ماکلیلاند مامۆستا و وتاربێژ و پرۆفیسۆرە لە زانکۆ، لەو کاتەوەی لە بواری فێرکردنی مەسیحی لە قوتابخانەی دالاس بۆ لاهوت ماستەرەکەی تەواو تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و فێرکردنی خەڵك ك پیرۆز بخوێننەوە(خوێندکاری بکەن) نوسینەکانی دەربارەی خوداوەندە لە ر دیدگای ڕۆژهەڵاتییەوە بۆ کتێبی پیرۆز  کە پێی وایە ئەم دیدگایە لە دەمانزانی.

ئارەزووی گەورەی ئەو بۆ خەڵك کە بەڕاستی خۆشەویستی خودا ئەزموو دروستکرد کرد کە تێیدا سەرکردایەتی ئینجیلی

گەشتەکانی خوێندن بۆ )ئیسرائیل، تورکیا، یۆنان و ئیتاڵیا( دەکات.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کریستی و ئەوەی کە دەیکات، سەردا .NewLensBiblicalStudies.com

پێشەکی

"کتێبی پیرۆز، داماڵراو لە یەهودیەت کتیبی پیرۆز نییە ، مەسیح ی داماڵراو لە یەهودییەکەی مەسیح نییە"( «ئینجیلێك کە جولەکایەتییەکەی لێ دەرچوویێت، ئینجیل نییە. مەسیحێك کە جولەکەبوونی خۆی داپۆشراوە)

د.راسل مور

هەموو سەرکێشییەك ساتی دەست پێکردنی هەیە و باشترینەکان دەهێنێت بۆ ئێمە، لە ساڵی (٢٠٠٧) سەرکێشییەك منی دۆزییەوە، خوداوەند دەرگای بۆ کردمەوە کە بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز بڕۆم بۆ میسڕ و ئیسڕائیل.

لەو کاتە کە وانەی کتێبی پیرۆزم دەوتەوە لە بەشی خوێندنی کتێبی پیرۆز لە کۆلێژی ولیامسون، گەشتم کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی بەرەو پێشچوون لە پیشەکەم و فێربوون، بەڵام خوداوەند پلانی باشتر لەوەی کە خۆم هەم بوو بۆ منی دانابوو.

لە ئیسرائیل سەرسام بووم بە بینی ئەوەی کە کلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند جیاوزە لە کلتوری ئێمەی ڕۆژئاوا. دەستم کرد بە تێبینیکردنی ئەوەی کە چۆن لەکتێبی پیرۆز نزیك ببمەوە وەك ڕۆژئاواییەك، بە دیدگای ڕۆژئاوایی دەیبینم و پرسیاری ڕۆژئاوایم لە دەقی کتێبی پیرۆز دەکرد. لە ئیسرائیل فێری کتێبی پیرۆزبووم لە دیدگایەکی کلتورییەوە، لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای خوێندنم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوداوەند بە باشترین شێوە و بە تەواوی پارچەپارچەی کردم و شکاندمی، ئەو بە تەواوەتی منی گۆڕی.

فێربوونی کتێبی پیرۆز لە میانەی مێژوویی ڕەسەن، کولتوور، زمانەوانی و جوگرافیاییەوە، ڕێگەی پێدام مەسیح لە جیهانی جوولەکەکاندا بناسم.

من تەنها گەشتم بەسەر ئیسرائیلدا نەکرد، هەستم دەکرد وەك ئەوەی گەشتبکەم بەکاتدا، گەڕابێتمەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایینی بۆ فێربوون دەربارەی کتێبی پیرۆز و ئەو سەردەمەی کە مەسیح دوو هەزار ساڵ بەرلە ئێستا تێیدا ژیاوە.

"ئێمە لە بیرمان چووە کە کتێبی پیرۆز وەك بیانییەك دەخوێننیەوە، وەك سەردانکەرێك کە گەشتمان نەکردووە تەنها بۆ جیهانێکی نوێ و بۆ سەردەمێکی نوێ، ئێمە گەشتیارێکی ئەخلاقین کە زۆر پێویستمان بە ڕێبەرێکە"

گاری.م.بورگ

لەوانەیە پرسیار بکەن دەربارەی واتای وێنەی بەرگی ئەم کتێبە ، ئەو دەفرەی وێنەی گیراوە گۆزەیەکی فرمێسکڕێژە، پارچەیەك شوێنەواری ڕاستەقینەی هونەرییە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم یان دووەم، لە ئیسرائیل دۆزراوەتەوە، یەکێك لە پرۆفیسۆرەکانم بە دیاری پێشکەشی کردم.

ئەم گۆزەی فرمێسکە لەوانەیە هی ژنێکی جولەکەبێت کە لەسەردەمی کۆندا ژیابێت، یان تەنانەت لەسەردەمی ژیانی مەسیح لەسەر زەوی، لە نزیك ڕۆژهەڵاتی کۆن، ژنانی جولەکە فرمێسکەکانیان لە گۆزەی فرمێسکڕێژدا کۆدەکردەوە و لە کاتی پەرستنشدا دەیان ڕشت بۆ خوداوەند، وەك هێمایەك بۆ بۆ باوەڕ و بەرجەستەکردنی پەیامی خوداوەند، زەبور ٥٦-٨ دەڵێت "خۆت ئاگاداری سەرگەردانی منی، فرمێسکەکانم بخەرە مەشکەی خۆتەوە،
ئایا ئەوان لە کتێبی تۆدا نەنووسراون؟".

زۆرجار سەیری گۆزەی فرمێسکەکە دەکەم و دەپرسم چیرۆکی ئەم ژنە چۆن بووە؟ بەچیدا تێپەڕیوە، کاتە خۆش و ناخۆشەکانی چۆن بووە، پرسیار ئەوەیە کە لە کوێ گۆزەکەی هەڵگرتووە؟ چەند جار دەریکردووە بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی لەبەردەم خوداوەند کۆبکاتەوە.

بەنیسبەت منەوە گۆزەی فرمێسکڕێژ نوێنەرایەتی هەندێك لەو شتانە دەكات كە ژنان لە سەدەی یەكەمی زاینیدا پێیدا تێپەڕیون. لەو سەردەمەدا ژنان هەمیشە لەلایەن كۆمەڵگاوە بەهادار نەبوون، بەڵكو زۆرجار لە كولتوری ئەو سەردەمەدا پەراوێز خراون، خوداوەند خەم و كێشەكانی دەبینین و هانی دەدان بە ستایشكردن ئازارەكانیان بەرزبكەنەوە بیگەیەنن بە ئەو، دواتر لە مەسیحەوە كاریكرد بۆ گەڕاندنەوەی ژن و پیشاندانی ڕزگاركەری ژیانی، عیسا بەهای بەژن دا، لەشەرمەزارییەوە سەری بەرزكردەوە و خستییە سەر ڕێگای ژیان، عیسا ئارەزووی ئەوە دەكات كە هەمان شت بۆ ئێوە و منیش بكات، وەك شوێنكەوتوانی.

كە چوومە ئیسرائیل، فێربووم كە خوداوەند لەوە باشترە كە من زانیومە.

تێگەیشتن لەوەی كە خوداوەند كێیە منی گۆڕیوە. هێشتا من دەگۆڕێت، پێم وایە كە هەمان شت بۆتۆش دەكات مەبەست ئەوەیە تۆش دەگۆڕێت، ئەوكاتانەی كە لە ئیسرائیل بووم ژیانی منی دیاریكرد و تەواوی ئاڕاستەی ژیانی منی گۆڕی، لەیەكەم گەشتی خوێندنمەوە لە ساڵی (٢٠٠٧) تیمەكانم دەبەم بۆ خوێندنی كتێبی پیرۆز لە ئیسرائیل. ئەو نیعمەتەی كە خوداوەند پێیداوم دەبێت بەم دیارییەی كە بە ئێوەی دەدەم، هیوام وایە ئەم كتێبە ئەو دیارییە بێت بۆ ئێوە.

كتێبی پیرۆز بە شێوەیەكی سەرەكی لەلایەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نووسراوە. تێگەیشتنێكی قوڵ لەمیانەی كلتوور و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربارەی ئەو سەردەمەی كە كتێبی پیرۆزی تێیدا نووسراوە، بە شێوەیەكی بەرچاو تێگەیشتنی ئێمە زیاد دەكات دەربارەی ئەوەی كە نووسەرانی پەرتووكی پیرۆز مەبەستیان چییە لەوەی كە نووسیویانە و ئەوەی لە كتێبی پیرۆزدا باسكراوە.

یەكێك لە جیاوازییە سەرەكییەكانی نێوان كلتووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئەوەیە كە چۆن فێردەكەن و چۆن فێردەبین. ئێمە لە ڕۆژئاوا زیاتر سەر بە كلتووری یۆنانی-ڕۆمانیین. ئێمە قەدری ئەدەب دەزانین و لە كتێبخانە دادەنیشین و كتێبەكانمان بە دەستەوەیە و دەیخوێنینەوە، تێبینی دەنوسین، وەڵامی پرسیارەكان دەدەینەوە، دەفتەری كارەكانمان تەواو دەكەین.

فێركردن و فێربوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازە- لەمڕۆشدا جیاوازە، و جیاواز بووە لەو سەردەمەی كە مەسیح لەسەر زەوی بووە. ئەوەی كە بینراوە دەربارەی فێركردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، حاخامێك(مامۆستایەك) لەكاتی ڕۆشتندا وانە دەڵێتەوە، كاتێك مەسیح وانەی دەوتەوە شێوازێكی پراكتیكی بەكاردەهێنا، تەنانەت قوتابیەكانیشی دەیانتوانی

ببینین، ئەم شێوازە فێرکردنە فەلسەفی نەبوو. هەر لێرە بوو. ئەوە "لە سەرەوە" نەبوو؛" ئەوە "لێرە خوارەوە" بوو.

شێوازی مەسیح بەوشێوەیە نەبوو کە مەنهەجێکی خوێندن یان کتێبێك دابنێت، ئەو زیاتر بەناو کێڵگەیەکی تۆوی خەردەلدا دەڕۆی بەسەر هاتێکی دەهێنایەوە کە چۆن شانشینی خودا وەك تۆوی خەردەل وایە.

لە نەریتی فێربوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خوێندکار دەیەوێت زۆر نزیك بێت لە (مامۆستا)کەی بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە وشەکانی لەدەست نەدات. خوێندکار هەرگیز نازانێت کەی و لە کوێ (مامۆستا)کەی دەست بە وانە وتنەوە دەکات! بەشێوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندکاران لە ڕێگەی دۆزینەوەوە فێردەبن نەك بەدەستهێنانی زانیاری، (مامۆستا) بەم شێوەیە خوێندکار فێر دەکات- ڕێنمونی دەکات بۆ دۆزینەوە. بەم شێوەیە دەمەوێت ڕێنوێنیتان بکەم لە ماوەی ئەم حەوت هەفتەیەی کە پێکەوەین.

ئێمە هەوڵدەدەین بە پێی دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەماشای کتێبی پیرۆز بکەین، لەهەمانکاتدا چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بە پێی نەریتی جولەکە بخوێنینەوە، بەو شێوازەی کە حاخام(مامۆستاکان) تا ئەمڕۆ منداڵانی ئیسرائیل فێردەکەن، ئێمە بەیەکەوە دەچینە ناو دۆزینەوەی شتەکان لە جیاتی ئەوەی تەنها فێری ناوەڕۆك یان وانەکان بین.

هەوڵدەدەم سود لەم خوانی جەژنە حەوت هەفتەییە وەربگرم کە پێکەوەین، لە دەوری مێزێك کۆببینەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی کتێبی پیرۆز بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو خۆشەویستییەی کە مەسیح بۆ ژن هەیەتی لە سەدەی یەکەمی زاینیدا، لەسەر ئەم مێزە، ئێمە دیدگا ڕۆژئاواییەکانمان لادەبەین و دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان لەچاودەکەین، من بەبەردەوامی ئامۆژگاریکەر و ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەرتان دەبم بۆ لە قاڵبدانتان بە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

شەرەفمەندم لەگەڵ بەڕێزتان بەشداریدەکەم لەم حەوت هەفتەیەی خوانی جەژنی کتێبی پیرۆز بەشێوزاێکی کۆن، خوداوەند ئەمە ڕۆژەی ئێمەی بینی تەنانەت بەرلەوەی بناغەی جیهان دابڕێژێت، ئەو ئێمە بانگێشتی ئەم مێزە دەکات و خواردنمان پێدەدات.

با وشەی خوداوەند وەربگرین

بەهیوای باشترین بۆ هەمووان

کریستی ماکلیلاند



## چۆن ئەم توێژینەوەیە بەکار بهێنین؟

لەم کاتەی، کە بەیەکەوەین، ئێمە وشەی خودا بە شێوەیەك دەخوێنین، کە لەوانەیە کەمێك جیاواز بێت لەوەی لە ڕابردوودا خوێندوتانە و ئەزمونتان کردووە.

هەروەك لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەم پێدا، ئێمە هەوڵ دەدەین کتێبی پیرۆز بە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەماشا بکەین و لە هەمان کاتدا چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی نەریتی جولەکە بخوێنینەوە، بەو شێوەیەی کە حاخام(مامۆستا)کان مەسیحیان فێری کتێبی پیرۆز کردووە، هەروەك چۆن هەندێك لە حاخامەکان(مامۆستاکان) بەم شێوەیە هێشتا منداڵان لە ئیسرائیل فێر دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، با کەمێك باسی چوارچێوەی توێژینەوەکەمان بکەین.

ئێمە لە کتێبی پیرۆز نزیك دەبینەوە وەك منداڵێك کە چاوەڕوان دەکات لەلایەن باوکییەوە خواردنی پێبدرێت

لەوانەیە کارێکی ئاسانبێت کە کتێبی پیرۆزمان پێبێت و دابنیشین و بەخۆمان بڵێین(بیر لە هەندێك ئەزمونی پراکتیکی دەکەمەوە دەربارەی ئەو بەشەی کە دەیخوێنمەوە)، مزگێنییەکی خۆشم بۆ ئێوە پێیە: ئێمە هەتیوی ڕۆحی نین، ئێمە باوکێکی میهرەبانمان هەیە کە بە وشەکانی تێرمان دەکات. خوداوەند زۆر دەبەخشێت، لە ڕێگەی خوێندنەوەی وشەکانی ئێمە ئەرکی خۆمان بە جێدەیەنین بەوەی کە ئامادەبین بۆ ئەو شتەی خوداوەند دەیەوێت فێرمان بکات. ئێمە جێگیر دەبین بە گوێڕایەڵێکردن و سوپاسگۆزاری بۆ ئەو خواردنەی کە خودایەکی زیندوو پێمان دەدات لە ڕێگەی وشەکانییەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، خودا بەپرسیارە لە دابینکردنی خواردن بۆمان.

## ئێمە بەدوای وەڵامی ((ڕاست))دا نا گەڕێین.

هەرچەندە لەوانەیە ئەمە بۆ گوێیە ڕۆژئاواییەکانمان سەیربێت، بەڵام لە جولەکەدا، ئەو خوێندکارەی کە پرسیاری باشی هەیە باشترە لەو خوێندکارەی کە هەموو وەڵامە ڕاستەکانی پێیە، ئێمە کتێبی پیرۆز ناخوێنینەوە تەنها لە پێناو خوێندنەوەیدا، ئێمە لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا کارلێك دەکەین، ئێمە پرسیار لەسەر دەقەکە دەکەین، دەمانەوێت بزانین دەقەکە چیمان فێردەکات دەربارەی خودا بەرلەوەی بپرسین کە چیمان فێردەکات دەربارەی خۆمان، لەم کاتەی کە بەیەکەوەین، ئێمە سەرنج دەخەینە سەر کارلێککردن لەسەر دەقی کتێبی پیرۆز لە کۆمەڵگادا، ئێمە فێردەبین کە ئاسای بێت بەلامانەوە هەندێك پرسیار کە ناتوانین بە ئاسانی وەڵامیان بدەینەوە یان ئەو پرسیارانەی بەهۆی ئەوەی کە ڕوون نین سەرمان سوڕبمێنێت بەدەستیانەوە.

## ئێمە دەمانەوێت وشەی خودا ببێت بە بەشێك لە ئێمە.

شێوازی فێربوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر لەگەڵ شێوازێکی نەریتی زارەکیدا یەك دەگرێتەوە، هاوشێوەی ئەوە ئەو شێوازە فێربوونە فەرمییە نییە کە لە ڕۆژئاوای ئێمەدا پەیڕەودەکرێت، لەم خوێندنەی کە پێکەوەین، ئێمە دەمانەوێت ئەم چەمکانەی کە لە وشەی خوداوەن ببن بە بەشێك لە دڵ و مێشکمان تا ئەوڕادەیەی ببن بە بەشێك لە ئێمە،هەروەها گۆڕینی شێوازی بینینی خودا و کارلێککردنمان لەگەڵ جیهان، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئێمە هەفتانە دەگەڕێینەوە بۆ هەندێك لە هەمان ئەو چەمکانەی پێشوو بەمەبەست ئەم توێژینەویە بەو شێوەیە دیزاینکراوە، لە کۆتایی کاتەکانمان بەیەکەوە، هیوادارم ئەم چەمکانەی کتێبی پیرۆز ئەوەندە ڕوون و ئاشنا بن بە ئاستێك کە ببن بە بەشێك لە ئێوە.

## فێربوون هەوڵێکی بەکۆمەڵ دەبێت لەم کاتەی کە بەیەکەوەین.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فێربوون  بەشێوەی بە کۆمەڵە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە : لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی باوە کە حاخامێك(مامۆستایەك)  قوتابییەکانی فێربکات کاتێك کە بەرێگادا دەڕۆن. ئەم نەریتە لە فێرکردن بەهایەکی گرنگی هەیە بۆ گفتوگۆی ئەو خوێندکارانەی کە دەربارەی بابەتێك لەگەڵ یەکتردا دەدوێن.حاخامەکان(مامۆستا)کان زۆرجار ڕێنمایی خوێندکارەکانیان دەکەن کە یەکەمجار بڕۆن گفتوگۆی بیروباوەڕەکانیان بکەن دەربارەی فێرکردنەکە پێش ئەوەی مامۆستا چەمکەکەیان بۆ ڕونبکاتەوە، ئێمە هەندێك لەو بیرۆکانە بەکاردەهێنین لەم کاتەی کە بەیەکەوەین، لە زۆر حاڵەتدا من سەرەتا دەستپێدەکەم یەکەمجار لەم کاتی فێربوونەمان بەیەکەوە،  بەڵام ئێوە تێبینی ئەوە دەکەن ئەو شێوازەی کە من بەکاری دەیەنم بۆ ڕێنمایکردنی گفتوگۆی گرووپەکان لە قوتابخانە ئاینییەکاندا بەکارهاتووە، بەکارمان هێناوە بۆ گفتوگۆی دەقەکانی کتێبی پیرۆز پێکەوە دوای تەماشاکردنی ڤیدیۆکان.

هەر هەفتەیەکمان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

سەیرکردن: پوختەی فێرکارییە ڤیدیۆییەکانمان لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لەکاتی بەدواداچوونتدا. ئازادانە تێبینییەکانی خۆت لێرە زیاد بکە لەکاتی سەیرکردنتدا.

گفتووگۆکردن: ئەم بەشە ئەو پرسیارانەی (کە لەسەربنەمای ڤیدیۆ فێرکارییەکان و خوێندنەکانی هەر هەفتەیەك) لە خۆدەگرێت، بۆ ئەوەی گرووپە بچوکەکەت پێکەوە لێکۆڵینەوە بکەن.

بەدواداچوون (قوڵبوونەوە): لەم بەشەدا بەشێوەیەکی قوڵ دەڕۆینە ناو ئەو بابەتانەی کە لە کاتی گفتۆکردنەکاندا باسمانکردووە.

سەیرکردن: لەم بەشەدا بە شێوەیەکی قوڵ تیشك دەخەینە سەر تێڕوانینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان جەختکردنەوەی کلتوری بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مەسیح لەسەدەی یەکەمی زاینیدا.

فێربوون: لەبەشی فێربووندا بەشێك لە کتێبی پیرۆز وەردەگرین لە دیدگای  ڕۆژهەلاتی ناوەراستەوە لێیّ دەڕوانین.

ژیان: لە بەشی ژیاندا، هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین بۆ ئەو چەمكانەی فێری دەبیت لە ژیانی خۆتدا جێبەجێی بكەیت.

كاتەكانی تەماشاكردن و گفتوگۆكردن بۆ ئەوە دانراوە كە لەگەڵ گروپە بچووكەكەتدا تەواو بكرێت. بەڵام بەشەكانی بەدواداچوون(قوڵبوونەوە)، سەیركردن، فێربوون و ژیان تایبەتە بە كاتی خوێندنی خۆت(خۆت پێی هەڵدەستیت). لەبری ئەوەی ئاماژەیان پێبدەین بەپێی ڕۆژەكانی خوێندن، ئاماژەمان پێداون بەپێێ بەشەكان، بەدرێژایی هەفتەكە بە ئیسراحەتی خۆت هەریەكەیان تەواوبكە لەنێوان كاتی هەفتانەی گروپەكەمان، بەپێی ئەوەی كە بەگونجاوی دەزانیت .

تكایە تێبینی بكە، زاراوەكانی ناو دەقەكە كە بەم شێوازە نیشانە كراون لە فەرهەنگی لاپەڕەكانی ١٤٤-١٥٣دا بە وردی ڕوون كراوەتەوە.



## پێشەکی

کاتێك ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ سەیرکردنی یەکەم ڤیدیۆی فێرکاریمان پێکەوە، کورسییەکانمان ڕێکدەخەین بۆ ئەوەی کە بەیەکەوە دابنیشین بۆ یەکەم دانیشتنمان دەربارەی خوانی کتێبی پیرۆز، ئەم کاتەی کە بەیەکەوەین من بە خوانی ناوی دەبەم لەبەرئەوەی ئێمە وشەی خود بەقەدەر ئەوەی کە دەیخۆین نایخوێنینەوە، ئێمە وشەکانی خودا لە ناخمانەوە وەردەگرین، ڕێگەدەدەین کە کاربکات لەناو ناخماندا.

بۆ من باشترین ژەم ئەوەیە کە پێویست ناکات چێشت لێبنێم، ئەوە بە تەواوی ڕاستە کاتێك دەچینە سەر وشەی خودا(قسەی خودا)، خوداوەند ئەم خوانی جەژنەمان بۆ ئامادە دەکات. ئێمە لەو کاتەدا دێینە سەر مێزەکە و باوەڕمان بەوە هەیە کە خودای زیندوو خواردنمان پێدەدات.

ئێمە هەتیونین  و بێ باوك نین، پێویست ناكات هەوڵبدەین و زەحمەتبكێشین بۆ خواردنی وشەكانی خودا، زۆر بەسادەی و ئاسانی خۆشەویستییەكی قوڵ و جێگیر بەسە  خواردنی خوانی ئەم جەژنەی كەخوداوەند بۆ ئێمە و تۆی ئامادەكردووە.

كاتێك دەچینە سەر مێزی كتێبی پیرۆز، پێش ئەوەی تەماشای ڤیدیۆكە بكەیت، هەندێك كاتت هەیە  بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

بۆچی وتت بەڵێ بۆ خوانی ئەم جەژنە؟

لەڕێگەی ئەم جەژنە حەوت هەفتەییەوە، داوا دەكەین خوداوەند چی بكات لە ژیانتدا؟

ئەم ڕستەیە تەواو بكە:

"من لێرەم چونكە دڵم پێویستی بە ..............................................................."

دانیشە  هەناسەیەكی قووڵ هەڵمژە. چێژ لە خوانی جەژنەكە وەربگرە!

## تەماشاكردن

### خوانی جەژن

ئەم تێبینی و بۆشاییانەی خوارەوە كە دانراوە بەكاربهێنە لە كاتی فێركردنەكەماندا، دەتوانیت هەر تێبینیەك كە هەتە زیادی بكەیت لە كاتی تەماشاكردنەكەدا.

ئێمە ووشەی خودا دەخۆین. لە هەنگوین شیرینترە (زەبوری ١٩: ١٠).

ئەوانە لە زێڕ دڵگیرترن،
لە زێڕی بێگەردی زۆر،

له هەنگوین شیرینترن،
له دڵۆپی شانەی هەنگوین.

پێویست ناکات هەوڵبدەین و زەحمەتبکێشین بۆ خواردنی وشەکانی خودا، خۆمان ئامادە دەکەین بۆ وەرگرتنی لە خوداوەندەوە(زەبوری٨١: ١٠)

ئێمە دەمانەوێت چاوببڕینە ژیانمان و سەیرێکی خودا بکەین، ئێمە دەمانەوێت چاوبڕینە خودا و سەیرێکی ژیانمان بکەین.

دەستی ڕاست لە جیهانی کتێبی پیرۆزدا، دەستی چاکەیە، دەستی شەرەفە، دەستی پیرۆزییە، دەستی کوڕایەتی بووە(زەبوری ١١٠: ١)

ئێمە دەمانەوێت کە خەڵکێکی (دەست ڕاست) بین کە ئەوانیتر پیرۆز و شەرەفمەند بکەین.فێربوونی ڕۆژئاوا جیاوازە لە فێربوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زۆربەی کتێبی پیرۆز لەلایەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نووسراوە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کاتی پێکەوەبوونماندا، دەمانەوێت فێری خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بین لە ڕێگەی دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

تەماشاکردن

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
|---|---|
| کردار | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی؟<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن؟<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |

| | |
|---|---|
| باوەڕ ⟵ تێگەیشتن | تێگەیشتن ⟵ باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە (پوختە – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو ووردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، تێگەیشتنی ئێمە زیاتر دەکات دەربارەی نووسەرانی کتێبی پیرۆز و ئەو کەسانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە و مەبەستیان چی بووە لەوەی کە دەیانگوت و دەیانکرد.

ئێمە دەمانەوێت وەك ڕووبار بژین نەك دەریاچە. ئێمە دەمانەوێت وشەکە بگات بە ئێمەو لە ڕێگەی ئێمەوە، بۆ ئەوانی تر.

ئێمە بەڕاستی ئەو کاتە شتێك فێربووین، کاتێك دەتوانین، کە بیبەخشین.

تەماشاکردن

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
…………

……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
…………

……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………………………
……………………………

## گفتوگۆکردن

### **با یەشیڤیا بکەین**

هەروەك لە یەکەم خوانی جەژنی کتێبی پیرۆزدا، پێکەوە گفتوگۆمان کرد، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی کات لە میانەی گفتوگۆی بە کۆمەڵ (گفتوگۆی گروپ) و لە کۆمەڵگادا فێردەبن و گەشەی ڕۆحی دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییە کلتورییەمان، هەموو هەفتەیەك ڕاهێنانی یەشیڤیا دەکەین، لەوانەیە ئێمە زنجیرە گفتوگۆ (وۆرك شۆپ) ناوی بێنین یان ( بە زنجیرە گەردەلولی مێشکی) کە دەربارەی ناونیشانێك لە کلتوری رۆژئاوایمان گفتوگۆ دەکەین بەکراوەی دەربارەی چەمکێکی کتێبی پیرۆز، وەك کۆمەڵەیەك بەیەکەوە دەڕۆین کە عیسا لەگەڵماندایە وەك مامۆستایەیەك.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گرووپەکەت باس بکە:

چیتان بیستووە یان چیتان بینیوە لە خوانی جەژنەکەمان پێکەوە، کە دەتەوێت لەبیرتان بمێنێتەوە؟

ئەو تاکە شتە چییە کە لە خوانی جەژنەکەماندا فێربوویت؟ دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکەیت؟

بۆ تۆ چۆن دەبێت کاتێك کە ئامادەیت بۆ وەرگرتنی وشەکانی خودا کە کتێبی پیرۆز دەخوێنیتەوە؟

چۆن چەمکی (خواردنی وشەی خودا) جیاوازە لە (خوێندنەوەی وشەی خودا)؟

کام لە ڕەگەزەکانی خشتەی جیاوازی نێوان دیدگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لاپەڕە( ) بۆ تۆ جێگەی هەڵوەستەکردن و گرنگ بووە؟

چی لە ژیانتدا لە ئێستادا وا دەکات بتەوێت کە دەستت درێژ بکەیت و دەست لە باڵەکەی عیسا بدەیت؟

پێت وایە خەڵکی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر زۆرترین سەرنجیان لەسەر  چی بووە دەربارەی مەسیح ؟

پێتوایە چی وایکردووە کە مەسیح جیاواز دەربکەوێت بۆ خەڵکی سەردەمەکەی خۆی؟

ئەمڕۆ یەشیڤا زاراوەیەکی فەرمییە کە ئاماژە بە سیستەمێکی پەروەردەیی دامەزراو دەکات کە تیشك دەخاتە سەر خوێندنی تەورات و تەلمود. هەرچەندە لە سەدەی یەکەمدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چۆن مامۆستایەك لێکدانەوە بۆ بەشێکی کتێبی پیرۆز یان چەمکێکی تیۆلۆژی(لاهوتی) دەکات کە ئەم فێرکردنە ڕەوایە یان نا. چۆن کۆمەڵگایەك ڕەوایەتی فێرکردنی پەرتووکی پیرۆز دیاری دەکات؟ یەشیڤا لە کردارێکی زمانی  عیبرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە واتای " نیشتەجێبوون" دێت، یەشیڤا کاتێك ڕوودەدات کە خوێندکارەکان مناقەشەو دیبەیتی مامۆستاکەیان لە پرسیار و گفتوگۆکردندا دەکەن.

قوڵبوونەوە

## ژیانکردن وەك ڕووبار، نەك دەریاچە

بۆ ماوەی ١١ ساڵە ئەندامانی تیمەکەم دەبەم بۆ ڕووباری ئوردون. ڕووباری ئوردون لە دەریای جەلیلەوە دەڕژێتە ناو دەریای مردوو. ئەو ئاوەی دەجولێت، دەڕوات- ئەوە ئاوی زیندووە، (mayim chayim)، بۆماوەی (١١) ساڵ لە ئاوی دەریای مردودا گوزەرم کرد، ئاوی دەریای مردوو هێشتا بێ جووڵەیە - ئاوێکی مردووە.

وەك مامۆستایەکی زانکۆ، هەموو کاتێك بە خوێندکارەکانم دەڵێم، "تۆ شتێك فێر نەبوویت کاتێك بینیوتە. شتێك فێر نەبوویت کاتێك گوێت لێ بووە. شتێك فێر نەبوویت کاتێك بینیوتە و بیستووتە. شتێك فێربوویت کاتێك دەتوانیت بیبەخشیت بەئەوانیتر"

ئێمە دەمانەوێت وشەی خودا لە ڕێگەی ئێمەوە بۆ ئەوانی دیکە بگوازرێتەوە، وەك ڕووبارێك بە ئازادی بڕوات. ئێمە نابێت ئەوەی کە خودا فێری کردووین تەنها بۆ خۆمان بێت، بێ جووڵە بین وەك دەریای مردوو.

ئەوەی مەسیحی باڵادەست بۆت ئاشکرا دەکات، خواردنت دەداتێ لەم خوانی جەژنەدا، بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی تۆوە بگات بە کەسانی دیکە. ئێمە دەمانەوێت وەك ڕووبار بژین نەك دەریاچە.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن و وەڵامەکانتان لە خوارەوە بنوسن:

چۆن خوانی ئەم جەژنە دەکرێت لە رێگەی تۆوە بگاتە کەسانی تر لەم هەفتەیەدا؟

کێ پێویستە ئەو ڕاستیانە ببیستێت کە لە خوانی ئەم هەفتەیەدا فێربوویت؟

بۆ کێ دەتوانی ڕووبار بیت بۆ ئەم هەفتەیە؟

## سەیرکردن



# تاڵیت

تاڵیت شاڵێکی نوێژکردنە. لە ڕابردوودا بەکارهێنراوە و تا ئەمرۆش بە چەندین شێوازی جیاواز بەکاردەهێنرێت بە پێی نەریت و ئاستی ئاینی مرۆڤەکان. زۆرجار تاڵیت لە کاتی نوێژ و ستایشکردنی خوداوەندا لەبەر دەکیرێت لە سەرژمێری ١٥: ٣٧-٤٠ و دواووتار ٢٢-١٢ ، لە تەوراتدا ڕێنمای گەلی ئیسرائیل کراوە کە گوڵنگ لە گۆشەی جلەکانیان دروست بکەن.

### گوڵنگ لەسەر جلوبەرگ

هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو:

لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”با گوڵنگ لە لچکی جلەکانتان دروستبکەن، نەوە دوای نەوە و لەسەر لچکەکانی خوارەوە گوڵنگی مۆر دابنێن. کاتێك ئەم گوڵنگانە دەبینن هەموو فەرمانەکانی یەزدانتان بەبیر دێتەوە و جێبەجێی دەکەن و بەدوای ئارەزووی دڵ و چاوتان ناکەون هەتا بەدوایاندا بەدڕەوشتی بکەن، هەتا بەبیرتان بێتەوە و هەموو فەرمانەکانی یەزدان جێبەجێ بکەن و بۆ خوداتان پیرۆز بن.

کتێبی پیرۆز/سەرژمێری بەشی ١٥: ٣٧-٤٠

(لە لچکەکانی کەواکەت کە خۆتی پێ دەپۆشیت، گوڵینگ بۆ خۆت بکە)

کتێبی پیرۆز/دواووتار ٢٢:١٢

هەرگوڵنگێك چەند گرێیەکی بچوکی تێدایە، کە کۆی گشتی گرێکانی سەر شاڵێك (٦١٣) گرێیە کە هەر گرێیەك نوێنەرایەتی یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ناو تەورات دەکات، هەر کاتێك ئیسرائیلییەکان گرێی سەر گوڵنگەکەیان بینی ڕاسپاردەکانیان لەبیر دەبێت، لە زمانی عبیریدا وشەی (kanafayim) بەکاردەهێنرێت بۆ سوچی شاڵەکە، کە دەکرێت بەواتای (باڵ)یش بێت. ئەگەری هەیە کە گوڵنگەکان بە شێوەیەکی جێگیر لەسەر گۆشە یان لێواری باڵەکان جێگیر کرابن.

تەورات ڕێنمای ئیسرائیلییەکان دەکات کە تاڵی شین و وەنەوشی بەسەر گوڵنگی شاڵەکانیاندابێت، هەردوو سەرچاوەی زانیارییە شوێنەوارناسەکان و مامۆستاکان(حاخامەکان) پێمان دەڵێن ئەو ڕەنگە شینەی کە بەکاردێت بۆ ڕەنگکردنی ئەم گوڵنگانە لە ڕژێنی قاوخە شەیتانۆکەوە دروستکراوە (دەکەوێتە دەریای ناوەڕست)ەوە، هەر قاوخە شەیتانۆکەیەك بڕێکی زۆر کەم ڕەنگی تێدایە ئەمەش وادەکات کە زۆر گران بێت.

بەپێی کلتوری درواسێکانمان ڕەنگی شین و وەنەوشەی بەکارهێنراوە وەك ئامڕازێك و هێمایەکی شاهانەی(پاشایەتی). بۆ ئیسرائیلییەکان لەوانەی ئەم تاڵە شینە یان وەنەوشەییە هێمایەك بێت بۆپێگەی شاهانەی تەواوی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی.

"ئێفۆدەکەش لە زێڕ و ڕیسی شین مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو بە جۆلایەکی شارەزا دروستبکەن". (دەرچوون ٢٨: ٦)

ئەو تاڵە شینەی ناو گوڵنگە ئیسرائیلییەکان هێمایەك بوو بۆ ئەوەی کە هەرهەموویان ببن بە کاهینێکی شاهانە لە نێو گەلەکاندا- واتە هەریەکێك لە ئەوان کاهینی گەلێك بێت.

بیرۆکەی پاشایەتی گەلی ئیسرائیل بەسترابوویەوە بە پەیوەندی پەیماننامەی خودا لەگەڵ ئەوان، ئیسرائیلییەکان شاهانە نین بەهۆی هیچ تایبەتمەندییەکی دنیاییانەوە، ئەوان کۆمەڵگایەکی شاهانەن لەبەرئەوەی گەلی خودان(دواووتار ٧: ٦-٧) خودا بە خۆشەویستی خۆی جیایانی کردەوە و بە خۆشەویستییەکەی بەرزیانی کردەوە.

هەڵبژاردنی گەلی ئیسرائیل بۆ ئەوە بوو کە ئەوان ڕەچەڵەکی شاهانەی خۆیان لەبیربێت، کاتێك کە سەرنجی کلتوری چنراوی ئیسرائیل و شوناسی گەلەکەیان دەدەین کە خودا ڕێنمای کردوون. کاتێك کە خودا پێێ فەرموون کە تاڵی شاهانە بکەنە گوڵینگەکەیان، گەلی ئیسرائیل

هەتاوەکوو ئێستا کاردەکەن بۆ ئەوەی کە پارێزگاری لەو شوناسە نەتەوەییان بکەن کە لە لەدایك بونیانەوە بۆ چەندین ساڵ لە میسڕدا هەڵیانگرتووە.

ناسنامەیەك کە پەیوەستە بە ئەرکی کۆیلایەتی کردنەوە، خودا تەنها لەو کۆیلایەتییە ئازادیان ناکات. بەڵام یەکسەر بەبیری ئەوانی هێنایەوە کە ئەوانی کردووە بە شا و گەلێکی شاهانە، وەك ئەوە وابوو کە خودا بڵێت: "دەزانم لە میسڕ چییان پێگوتن و چۆن بە خراپی مامەڵەتان لەگەڵ کرا بە ئێوە دەڵێم ئێوە کاهینێتی شاهانەیتان هەیە، گەلێکی پیرۆز کە بەهۆی خۆشەویستی منەوە جیاکراونەتەوە، بەو شوناسەوە بژی کەمن پێم بەخشیون، لەبیری بکە هەر ناو ناتۆرەیەك کە جیهان بیەوێت بەسەرتدا بسەپێنێت.

مەتای ٩: ٢٠-٢٢ بخوێنەرەوە

لە مەتای نۆدا نموونەی ژنێك دەبینن کە بە بەردەوامی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ کێشەی خوێنبەربوونی هەبووە، ئەمەش وایکرد بوو کە بە پێی شەریعەتی جولەکە ئەو ژنە پاك نەبێت(گڵاوبێت)، بە پاك دانەنای ئەم ژنە بە پێی شەریعەتی جولەکە کاریگەری کردبوویە سەر ژیانی ڕۆژانەی، کە نەیدەتوانی سەردانی پەرستگا یان کڵێسە بکات، لەم سەردەم و کولتوورەدا، ئەو قەدەغەکردنە بە شێوەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵگەی ئایینی و فێرکردنی ئاینی دایبڕی، گەلی خودا و ماڵی خودا کە زۆربەی کات شوێنێك بوون بۆ حەوانەوەو دڵنەویکردنی پەنابەران و لێقەوماوان لە کاتی لێقەومانەکاندا، نەبوونە پەناگەیەك بۆ ئەم ژنە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئایینی بە شێوەیەکی کاریگەر پشتیان لێکردبوو خۆیان لە پەیوەندیکردن لەگەڵیدا بەدوور گرتبوو.

وا لەو ژنە دەڕوانرا کە ئەو لەدەرەوەی جیهانی کۆمەڵایەتییە بە واتایەکی تر لە (ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مردووە)، ئەم ڕوانینە زۆر ئازاربەخش بوو کاتێك کە سروشتی کلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستت لەبیربێت، ئەم ژنە لە کۆمەڵگا دووردەخرایەوە تا ئەو ڕادەیەی، کە تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەی ڕێگەیان پێنەدەدرا دەستی لێبدەن یان دڵنەوای بکەن، تا ئەو کاتەی کە بە ڕێوڕەسمێکی ڕەسمی پاك دەکرایەوە. ئەوە زەحمەتە بۆ ئێمە تێبگەین کە ئەو ژنە چەند هەستی بەتەنیای کردووە .

ساتێك تەرخان بکە و بیهێنە بەرچاوت، کە جیهان و ژیانی ئەم ژنە دەبێ چۆن بووبێت؟ پێت وایە ئەو زیاتر ئارەزووی چی کردووە؟ پێتوایە چی شتێك گەورەترین ئازاری داوە؟



ئەم ژنە کە چەندین ساڵە لەگەڵ ئازاری جەستەی، سۆزداری و ڕۆحیدا دەژی دەستی لە لێواری (چمکی) کراسەکەی مەسیح دا (ئایەتی ٢٠)، وشەی (kraspedon) یۆنانی کە بۆ لێوار یان چمك ی کراس بەکار هاتووە هەمان وشەیە کە لە (حەوتەمین) وەرگێڕانی پەیمانی کۆن بەکارهاتووە بۆ گوڵنك. کە هەموو ئیسرائیلییەکان لە لێوار یان چمکی باڵەکانی جل و بەرگی دەرەوەیان جێگیریان دەکرد، لە عیبریدا وشەی (kanafayim) بۆ چمك یان لێوار بەکاردێت.

ئەو ژنەی کە کێشەی خوێنبەربوونی هەبوو دەستی بۆ چمك یان لێواری شاڵەکەی مەسیح برد.

بیر لەوە بکەرەوە، کە ئەو ژنە دەبێت چی پێویست بوبێت بۆ ئەوەی کە دەستی بگاتە مەسیح، ژنێك کە دابڕاوە لە گەلی هەڵبژێردراوی خودا و وەرگرتنی فێرکردنە ڕۆحییەکان، بە بڕوای من ئەم ژنە بە باوەڕێکی گەورەوە مامەڵەی کردووە، پێم وایە ئەو ژنە بە درێژکردنی دەستی بۆ گرتنی گوڵینگی سەر شاڵەکەی مەسیح، ئەو خودای لە وشەکانییەوە بەدەست هێناوە (مەلاخی٢:٤) و باوەڕەکەی بە مەسیح وەك کوڕی خوداوەند دووپاتکردەوە، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە بەسەریدا هاتووە، سەرەڕای ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگەی ئایینی بەسەریدا هێنایان و خۆیان لێدورخستەوە، ئەو باوەڕی بە مەسیح هەبوو هیواکانی خۆی لە سەر بەڵێنەکانی خودا دانا.

ئەم دیمەنە لە مەتای (٩) دەردەکەوێت و هەروەها لە مەلاخی (٤: ٤) دا دەردەکەویت" خۆری ڕاستودروستیتان لێ هەڵدێت و تیشکەکانی دەبێتە هۆی چاکبوونەوە"

ئەمە لەدەست مەدە لەو کاتەدا، عیسا پاداشتی باوەڕەکەی دایەوە، چاکی کردەوە و گەڕاندییەوە بۆ ژیان، لەنێو کۆمەڵگە جولەکەیەکەیدا، بە درێژکردنی دەستی بۆ ئەو، چارەسەری جەستەی و رۆحی کرد، یارمەتیدا بۆ ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆناو کۆمەڵگەکەی لەگەڵی وەستا لەبەردەم جیهاندا. لەمیانەی ئەو کلتورەی کە ئەو ژنەی تێدا دەژیا دەستبردن بۆ مامۆستایەکی پیرۆزی وەك مەسیح لەلایەن کەسێکی گڵاوەوە(پیس)ەوە بیرۆکەیەکی مەترسیدار و ئابڕوو چوون بوو، بەپێی نەریتی ئەو ڕۆژگارە، عیسا مافی ئەوەی هەبوو کە کاردانەوەیەکی توندی بەرامبەری

هەبێت و ڕەتی بکاتەوە، تەنانەت بیشیکوژێت. لێرەدا بە وردی ئاگاداری کاردانەوەی عیسا بن. تاوانباری نەکرد. ئەو ڕەتی نەکردەوە. لەبری ئەوە، پەرتووکی پیرۆز دەڵێت عیسا ئاوڕی دایەوە، بینی و فەرمووی: "کچم دڵنیابە، باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە ژنەکە دەستبەجێ چاك بووەوە" (مەتا ٢٢: ٩) ئەمە چی ڕاستییەکی جوانی کتێبی پیرۆزە، ستایش بۆخودای زیندوو بکەن.

له چی بوارێکی ژیانتدا پێویسته گوێت له خودا بێت که دەڵێت: "کچم دڵنیابە باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە"؟ لە خوارەوە وەسفی بکە ئازاد بە لە بەکارهێنانی دەفتەری زیادە ئەگەر پێویستت بە شوێنی زیاتر بوو بۆ نووسین. ئەم چیرۆکەی مەتا(٩) چۆن هانت دەدات لەم بارودۆخەدا؟

**تەورات**

هەروەك مەسیحییەکان کە پەیمانی کۆنیان دابەشکردووە بۆ چەند پۆلێنێك( بۆ نموونە، شەریعەت، مێژوو، شعر، پێغەمبەرە گەورەکان، پێغەمبەرە بچووکەکان)، جولەکەکانیش دەقە پیرۆزەکانی خۆیان دابەشکردووە، تەورات بەشێکە لە کتێبی پیرۆزی جولەکەکان، کە فێرکردن و شەریعەت لە خۆدەگرێت.

بۆ جولەکەکان هیچ شتێك لە تەورات گرنگتر نییە. مەرجەعی یەکەم و بنەڕەتییانە، کە دەگەڕێنەوە بۆی کاتێك دەسەڵات لە کتێبی پیرۆزەوە وەردەگرن. کتێبەکانی تەورات بریتین لە ( پەیدابوون، دەرچوون، لێڤییەکان، سەرژمێری و دواووتار) کە توێژەرانی ئەمڕۆ پێی دەڵێن (پێنج کتێبەکە).

زۆرجار وشەی (تەورات) بە (شەریعەت)یش وەردەگێڕدرێت، هەرچەندە تەورات زیاتر فێرکردنە نەك شەریعەت، بە پێی تەورات فەرمانەکان(ڕاسپاردەکان) ئازادمان دەکەن زیاتر لەوەی بمان چەوسێننەوە، کە وەك چوارچێوەیەك وان ڕێگە بە مرۆڤ دەدات لە خێزان و هۆز و نەتەوەکەیدا بە باشی کارەکانی بکات.

فێربوون

## چۆڵەوانییەکە هەڵبگرە لەگەڵ خۆت.

دەرچوون ٣: ١-١٠ بخوێنەرەوە.

لە دیدگای ڕۆژئاواییەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکە، پرسیار بکە، چۆن ڕوویدا؟ ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەین بینوسە:

لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکە، پرسیار بکە، بۆچی خودا وا دەکات؟ ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەین بینوسە:

ئەم چیرۆکە لە بیاباندا (چۆڵەوانیدا)ڕوویدا، موسا شوانی مەڕەکانی خەزووری بوو، مەڕەکانی بردە ئەوپەڕی دەشت و دەرەکە، (دەرچوون١:٣) ئێمە زۆرجار بیر لە بیابانێك یان چۆڵەوانییەك دەکەینەوە وەك شتێك کە دەمانەوێت لێی دەرباز بین. بەڵام گەلی جولەکە بیابان وەك ئەو شوێنە دەبینن کە زۆرجار پەروەردگار لێی لەگەڵ گەلەکەیدا کۆدەبێتەوە و قسەیان لەگەڵ دەکات.

یەزدان لەبیاباندا چاوی بە موسا کەوت(دەرچوون٣)، قسەی لەگەڵ کرد، خوداوەند تەوراتەکەی بە گەلەکەی بەخشی لە چیای سینا لە بیابان(دەرچوون٢٠) لە بیابان چاوی بە ئەلیاس کەوت

بە چرپەی دەنگێك قسەی لەگەڵ کرد (یەکەم پاشاکان ١٩: ١٢) مەسیح بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بردرایە چۆڵەوانی دوای لە ئاو هەڵکێشانی، دوای چل شەوڕۆژ لە بەڕۆژووبوونی و ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ تاقیکردنەوەکان و فێڵەکانی شەیتان، فریشتەکان خزمەتیان کرد(مەتا٤: ١-١١).

لە بیابان - چۆڵەوانیدا- خودا دەتبینێت، وانە ناوازەکانتان فێر دەکات کە ئەم شوێنە وشك و بێ بەرهەمانە بە شێوەیەکن کە لە هیچ شوێنێکی تر ناکەن. لە کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆربەی کات چۆڵەوانی وەك شوێنێکی پیرۆز دەبینرێت، شوێنێکی نزیکبوونەوەیە، کە خودا کە بە (وشە) لەگەڵت دەدوێ.

ئەم چیرۆکەی موسا لە بیاباندا باس لە خودای زیندوو دەکات، کە " زەلیلی گەلەکەی لە میسر بینی"(دەرچوون ٣:٧ ا). خوداوەند "گوێی لە هاوارەکانیان بوو لەبەر سەرکارەکانیان" "(دەرچوون ٣:٧ ب) ئەو " نیگەرانی ئازارەکانیان بوو"(دەرچوون ٣:٧ ب) . خوداوەند ئەوەی بینی و بیستی وەڵامی دایەوە و هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات. کاتێك کتێبی پیرۆز دەیخوێنینەوە کە خودا (بینی) یان (گوێی لێ بوو) ئەو وشانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە خوداوەند دەستپێشەخەری دەبێت بۆ ئێمە، ) خوداوەند هیچ شتێکی لێ ون نابێت- وەك مرۆڤێك نییە کە ڕووی وەرگێرا بەولادا ئەوشتانەی کە ڕوودەدەن لەدەستی بچێت یان نەیبینێت، خودا لە هەموو شوێنێکدا هەیە؛ ئەو هەموو ئەو شتانە دەبینێت و دەیبیستێت کە بەسەرماندا دێت. ئەو وەڵام دەداتەوە، زیندووە، بەخەبەرە، هەمیشە ئامادەیە بۆ ئەوەی بێت بۆ ڕزگارکردنمان، بۆ ئەوەی لە ڕێنمایی و خۆشەویستیدا ئاگاداری منداڵەکانی بێت.

ئەم چیرۆکە زۆر دەربارەی دارستانێکی سوتاو نییە، بەڵکو دەربارەی خودایەکی زیندووە کە ڕەتی دەکاتەوە کە ڕووی وەربگێڕێت (تەماشای نەکات) ، هەڵیبژاردووە کە ببینێت و ببستێت وە گرنگی بە هەمووشتێك بدات. دەربارەی خودایەکی زیندووە کە ناترسێت کە بێتە خوارەوە بۆ ناوەڕستی وێرانەکانی ئەم جیهانە، وە دانانی دەستەکانی لەسەر هەموو ئەو وێرانانە بۆ ئەوەی بۆ ئێمەی چاکبکاتەوە، ئێمە لە ناخۆشییەکان ڕادەکەین بەڵام خوداوەند دەڕواتە ناو ناخۆشییەکان بۆ ئەوەی ڕزگارکردنمان و چاککردنەوەمان و نوێبونەوەمان بۆ بهێنێت.

کاتێك ئێمە لە چۆڵەوانییەکدا(بیابان)دا بین و کەوتبینە میحنەتەوە لە ژیانمان ، زۆرجار پرسیار دەکەین، "دەبێت چەندێك لەم چۆڵەوانییە یان میحنەتییەدا بم؟" یان پرسیار دەکەین، "چۆن لەو چۆڵەوانییە سەختەی ژیانم دەربازبم؟" بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوان پرسیار دەکەن، "چۆن دەتوانم ئەم میحەنەتە لەگەڵ خۆم هەڵبگرم؟" "چۆن ئەو قسەیەم لەبیربێت کە یەزدان لە چۆڵەوانی فێری کردم؟"

ئایە تۆ لە میحنەت و نارەحەتی لە چۆڵەوانیدا دەترسیت؟ ئایە دەتەوێت بە خێراترین کات تێی پەڕێنیت؟ یان سەرەڕای سەختییەکەی تۆ بە زۆری وەك کاتێك دەیبینیت بۆ گەشەکردن و نزیك بوونەوە لە خوداوەند؟ ئەو بابەتە ڕونبکەرەوە.

چی دەگۆڕێت لە دڵماندا لە کاتی میحنەوت و ناخۆشیدا وامان لێدەکات کە زیاتر متمانە بە خوداوەند بکەین؟

ئایە کەسێك دەناسیت کە ئێستا بە دۆخێکی نارەحەتی و سەختیدا تێبپەڕێت؟

چۆن دەتوانیت هانی بدەیت بۆ ئەوەی گوێ لە خودا بگرێت لەو کاتە ناڕەحەتی و ناخۆشییەیدا؟

# ژیان

**بەرەوپێشەوە ڕۆشتن لە ژیاندا**

"لەبەر ئەوە بە زمانی شیرین

دەیبەمە چۆڵەوانی و

بە نەرمی قسەی لەگەڵدا دەکەم.

لەوێ ڕەزەمێوەکانی دەدەمەوە،
دۆڵی عاخۆردەکەم بە دەرگای هیوا.
لەوێ وەك ڕۆژانی هەرزەکاری گۆرانی دەڵێت،
وەك ڕۆژی سەرکەوتنی لە خاکی میسڕەوە.»

یەزدان دەفەرموێت: «لەو ڕۆژەدا دەبێت،
پێم دەڵێیت: ”مێردەکەم“ و
چیتر پێم ناڵێیت: ”گەورەم.“

یەزدان دەفەرموێت: «لەو ڕۆژەدا دەبێت،
پێم دەڵێیت: "مێردەکەم" و
چیتر پێم ناڵێیت: "گەورەم."

بۆ هەتاهەتایە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و
بە ڕاستودروستی و دادوەری،
بە خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی بۆ خۆمت نیشان دەکەم.

بە دڵسۆزییەوە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و
دان بە یەزداندا دەنێیت.

هۆشەع ٢/١٤-١٥-١٦-١٩-٢٠.

لەوانەیە ئاشنابن بە پەیامی کتێبی هۆشەع، پێغەمبەر هۆشەع دەبینرێت بە ئیلهام بەخشی ڕۆحی پیرۆز، پەیوەندی خودای لەگەڵ گەلەکەی بەراورد کرد بە پەیوەندی هاوسەرگیری-هاوسەرگیرییەك کە ئیسرائیل، گەلی هەڵبژێردراوی خودا، چەندین جار دڵسۆز نە بووە بەرامبەر بە خودا تێیدا.

لە هۆشەع، بەشی دوو کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، وێنەیەکی خوداوەند دەبینن کە توشی شۆکمان دەکات لە وەفا و دڵسۆزی خوداوەند بۆ منداڵەکانی، خودای زیندو لە بیابان و چۆڵەوانیدا لە ناخۆشترین کاتدا هاوسەرگیری لەگەڵ ئیسرائیل کرد، گەلەکەی بەجێنایەڵێت هەرچەندە ئەوان بە وەفا نەبوون بەرامبەر ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ خوداوەند بەستبوویان، ئەم بەشە وێنەی خۆشەویستی و قوربانیدانی خوداوەندمان پێشان دەدات.

لەپاڵ ئەوەی کە ئیسرائیل بە خراپترین، بارودۆخیدا تێدەپەڕێت، خوداوەند باشترین شت پێشکەشیان دەکات، بە واتایەکی تر ئەو بووکەی، کە لەم وێناکردنەدا هەیە ، گەلی ئیسرائیلە، کە بە نەزرەکانی هاوسەرگیرییەکەی نەدەژیا. ئەو خۆی لەبەردەم گەلاندا دەکرد بە لە شفرۆش- هەروەك چۆن خێزانی هۆشەع لە هاوسەرگیرییەکەی ناپاکی لێکرد. هۆشەع (٣: ١).

بەڵام خۆشەویستی خوداوەند لە گوناهەکانمان گەورەترە، ئەو کەفارەتی هەموو گوناهەکانمان دەکات، تەنها خوداوەند وابەستە بوو بە پاراستنی بەڵێنی هاوسەرگیرییەکەی، خوداوەند

هاوسەرگیری لەگەڵ ئیسرائیل کرد بەو پێیەی دەیزانی کە ئیسرائیل ناتوانێت هەموو یاسا و فەرمان و نەزرێکی ئەم هاوسەرگیرییە جێبەجێ بکات، خوداوەند ئەم هاوسەرگیرییەی کرد چونکە دەیزانی دەتوانێت ئەو وابەستەی بەڵێنەکەی بێت و ڕۆژێك بەرخی خودا (مەسیح) دێت، کەفارەتی هەموو گوناهەکانمان هەڵدەگرێت.

خوداوەند ئیسرائیلی ڕاکێشا بۆ بیابان و لەوێ قسەی لەگەڵ کرد، ئەو بیابانەی کە نوێنەرایتی بێ بەرهەمی و چۆڵەوانی دەکرد، کردی بە شوێنی نوێبونەوە، ڕزگارکردن، بەستنی پەیمان و خۆشەویستی هەتا هەتای. بۆ من هۆشەع یەکێکە لە جوانترین بڕگەکان لە تەواوی کتێبی پیرۆزدا. زۆرجار خوداوەند بەشێوەیەکی تایبەت لە کاتی ناخۆشی و ناڕەحەتیدا قسە لەگەڵ گەلەکەی دەکات، دەمانەوێت ئەو وانانەی کە فێر بووین و ئەو ئینتیمایەی کە لە کاتە ناخۆشی وناڕەحەتییەکانمان بۆ خوداوەند دروست بووە لەگەڵ خۆمان هەڵبیگرین و لە ژیانماندا بەرەو پێشوە بڕۆین.

دوایین جار کەی بوو، کە لە وەرزی ناخۆشی و ناڕەحەتی و میحنەتدا بوویت؟ لە خوارەوە باسی ئەو بارودۆخە بکە:

لەو ماوەیەدا چی فێربوویت؟


خوداوەند چۆن وەڵامی ئێوەی دایەوە لەو میحنەتییەدا؟

چۆن ئەو  شتانەی کە لەکاتی نارەحەتی و ناخۆشیدا فێربوویت دەبێتە سەرچاوەی بەهێز بوونت لەم ژیانەدا؟

چۆن دەتوانیت ئەو وانانەی کە لەکاتی نارەحەتیدا فێربوویت لە بیرت نەچێت و لە بیری نەکەیت؟

# خولی دووەم:

# عیسا و ژن لە سەدەی یەکەمدا



## پێشەکی

**لەم هەفتەیەدا ئێمە بە دوای دووشتدا دەگەڕێین کە عیسا پێشکەشی کردووە لە هەموو دیدارەکانی لەگەڵ ژنان دا بەپێی کتێبی پیرۆز( پەیمانی نوێ)، لە هەر چیرۆکێکدا عیسا دوو شت دەخاتە ناو ژیانی ژنانەوە. ئێمە فێر دەبین کە بەدوای ئەم دوو شتەدا بگەڕێین لە دیداری عیسا لەگەڵ ژنان لە جیهانی سەدەی یەکەمدا.**

هەروەها ئێمە مێژوویەکی کورتی ژنان لە ئیسرائیلدا دەکێشین، کە لە پەیدابوون دەست دەکەین و بەرەو سەردەمی ئینجیلەکانی پەیمانی نوێ دەڕۆین. لەسەرەتای پەیدابوونەوە ژن سەرەتایەکی باشی هەبووە. خودا ژنی بە شکۆمەندی و شەرەفەوە دروستکرد و بەپێی کلتووری شارستانییەتی سەرەتایی ژن لەسەر شێوە یان وێنەی خوداوەند دروستکراوە. ئامادە بوون و بەشداریکردن و سەرکردایەتیکردنی ژنان لە کلتوری جیهانیدا چەندین جار بینراوە.

بەڵام عیسا لە جیهانێکدا لەدایکبووە کە تێیدا ژن پێگەی شەرەفی خۆی لە چاوی کۆمەڵگادا لەدەست دابوو. لەم هەفتەیەدا لە کاتی فێربونمان بەیەکەوە، ئێمە مێژوویەك دەکێشین لەسەر

ئەوەی چۆن ئەم گۆڕانکارییە کولتوورییە ڕوویداوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە چۆن عیسا هات بۆ جیهان بۆ ئەوەی ژن لە شەرمەزارییەکەی دەرباز بکات و شەرەفی بۆ بگەڕێنێتەوە.

پێش ئەوەی سەیری ڤیدیۆی فێرکارییەکە بکەیت، چەند ساتێك وەربگرە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە.

کاتێك دەچینە مێژووی کتێبی پیرۆز:

لە دوای خوانی جەژنی هەفتەی ڕابردووەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

هەفتەی ڕابردوو وەك ڕووبارێك بەرەو کێ رۆشتیت و ئەوەی لە خوانی جەژنەکەدا فێربوویت بۆ کێت باس کرد؟

ئەو گفتوگۆیە چۆن ڕۆیشت؟ ئایا کات ڕێگەی پێدان پشتڕاستی ئەو شتانە بکەنەوە کە فێر بوویت؟

لە کاتێکدا کورسییەکانمان بۆ دانیشتنی دووەمی خوانی ئەم جەژنە ڕێکدەخەین، جارێکی دیکە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی کە تێربکرێین بە وشەی خودا لەلایەن خودی یەزدانەوە. ئەو بە جۆرێك لە شێوازە کۆنەکان ئەم مێزەی بۆ ئامادەکردووین و ئەو کەسەیە کە ئێمەی بۆ ئێرە هێناوە، ئەو دەیەوێت لەم خوانی جەژنەدا چاومان پێی بکەوێت. لەسەر ئەو مێزەی کە خۆی ئامادەی دەکات بۆ ئێمە. لەبیرت بێت، دەمانەوێت چاو ببڕینە خودا و سەیرێکی ژیانیشمان بکەین

دانیشە. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چێژ لە خوانی جەژنەکە وەربگرە!

**تەماشاکردن**

**خوانی جەژن**

**ئەم تێبینی و بۆشاییانەی خوارەوە بەکاربهێنە کە لە کاتی خوێندنی خوانی جەژنەکەماندا دابینکراوە. ئازادبە لە زیادکردنی تێبینیەکانی خۆت کاتێك گوێت لێ دەبێت، ئازادانە تێبینییەکانی خۆت زیاد بکە لەکاتی گوێگرتنەکەتدا.**

لەبیرت بێت کە ڕۆژهەڵاتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی کتێبی پیرۆزیان لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نووسیوە.

هەموو کلتوورێك زاراوە و دەستەواژەی خۆی هەیە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو خەڵکەکەی لێی تێدەگەن.

کتێبی  پیرۆز زاراوە و دەستەواژی جولەکەی تێدایە،  کە خەڵکی جولەکە بە ئاسانی دەیانزانن و لێی تێدەگەیشتن.

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
|---|---|
| کردار | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |
| باوەڕ تێگەیشتن | تێگەیشتن  باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی  فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە<br>(پوختە  – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە  لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو ووردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی  خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

ئێمە وەك کلتوورێکی ڕۆژئاوای،  زیاتر لە ئەسینا و ڕۆماوە نزیکین  تاوەکو لە ئورشەلیمەوە. ئێمە زیاتر یۆنانی-ڕۆمانیین لەوەی کە سامی یان جولەکە بین. لە ئەنجامدا ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە پێش ئەوەی باوەڕمان هەبێت، دەمانەوێت تێبگەین. بەڵام شێوازی  ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە باوەڕ بە خودا بکەیت، پاشان لێی تێبگەیت. بەپێی ئەم بیرۆکەیە تێگەیشتن لە باوەڕەوە دێت.

ژنان لە مێژووی ئیسرائیلدا سەرەتایەکی زۆر باشیان هەبووە. ژنانی وەك ئیڤا، مریەم، دێبۆرا، جەیل، ئەبیگەیل، ئێستەر و ڕوث بە شەرەفمەندییەوە ڕیز لێگیراو بوون، لە ڕێگەی فێرکردنە کاریگەری  مامۆستاکانەوە لە ماوەی نێوان دوو پەیمانەکەدا، ژنان بە شێکی زۆری پێگەی کۆمەڵایەتییان لە دەستدا، ژنان لە بری ئەوەی کە ڕێزیان لێبگیرێت و بێ ڕێز و شەرمەزار دەکران.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شەرەف

| | |
|---|---|
| بێ تاوانی | (رۆژئاوا)تاوان |
| ڕاست | هەڵە |

شەرمەزاری

پیاوە جولەکە خواپەرست و فەزیلەتدارەکان زۆر بە توندی  دژی داگیرکاری هێلینیزم و "ڤێگاس" وەستانەوە.

عیسا لە جیهانێکدا لەدایك بووە کە بیروباوەڕی  (بن سیرا) تێیدا بڵاوبووەوە، کە بۆ ماوەی (٢٠٠) ساڵێك بوو گەشەی کردبوو.

عیسا لە سەدەی یەکەمدا دادپەروەری و ڕاستودروستی بۆ ژنان هێنا. ئەو بە بەخشندەییەوە لە شەرمەزارییەکانیان ڕزگاریکردن و  و شەرەفی بۆ گەڕاندنەوە.

عیسا نەهات بۆ ئەوەی شتەکان پێچەوانە بکاتەوە. عیسا هات بۆ ئەوەی شتەکان ڕاست بکاتەوە.

تەماشاکردن

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

...................................................................

.......................................................................................................

……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
………………………………………………………………………………

تەماشاکردن

……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………
……………………………………………………………………………………

.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
.......................................................................................................
..............................................................................................

## با دەستبکەین بە یەشیڤا

هەموو هەفتەیەك هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا، بۆ ئەوەی بە شێوازی بە كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆبکەین لەسەر چەمکە ڕۆحییەکان و پێکەوە گەشەبکەین لە بەرەکەتدا، وەك كۆمەڵەیەکی کتێبی پیرۆز. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گرووپەکەت تاوتوێ بکە.

تازە چیتان بیستووە یان چیتان بینیوە لە خوانی جەژنەکەمان کە پێکەوەین، کە دەتەوێت لەبیرتان بێت؟

ئەو تاکە شتە چییە کە لە خوانی جەژنەکەماندا فێربوویت دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکەیت؟

ئایە لەم هەفتەیە زیاتر سەیری خودات کردووە وەك ئەوەی سەیری ژیانی خۆت؟ یان بە پێچەوانەوە ڕونی بکەرەوە؟

ئەگەر خۆت ببینییەوە کە چاوت بڕیوەتە ژیانت و سەیرێکی خوداوەندت کردووە، چ شتێك لەم هەفتەیەدا دەتوانیت بە شێوەیەکی جیاواز بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە گۆڕینی سەیرکردنەکانت؟

عیسا چۆن میشپات (دادپەروەری) و تزادیکا (ڕاستو دروستی) هێناوە بۆ ناو ژیانت؟

ئایا دەتوانیت چیرۆکێك باس بکەیت یان باسی سەردەمێك بکەیت کە خودا بە بەخشندەیی دەربازیکردوویت؟

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوێکی باشت هەبێت مانای بەخشندەیتە، کێ بەخشندەترین کەسە کە دەیناسیت؟ بۆچی بە بەخشندەی دەزانیت؟ ئایا چاوێکی باشت هەیە؟

ڕات چی بوو لەسەر کورتە نەخشەی مێژووی ژن لە ئیسرائیل؟ ئایا هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر هەبوو؟

لە خوانی ئەم هەفتەیەمانەوە چیت بۆ دەرکەوت؟

## میشپات (MISHPAT)

وشەی عیبری میشپات، زۆرترین جار بە "دادپەروەری" وەرگێڕدراوە، میشپات ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە خزمەتکردن لە ئابووری خودادا. لەبەرئەوەی خودا داکۆکی لە هەژاران و ستەملێکراوان دەکات، بەتایبەتی بێوەژن و هەتیوەکان، چاوەڕوانی شوێنکەوتووانی دەکات هەمان شت بکەن.

له ڕاستیدا، میشپات له ناوەڕۆکدا ئەوەنده پرسیاری بێتاوانی و تاوانباری نییه، ئەوەندەی شەرەف و شەرمەزارییه. بۆ هێنانەدی دادپەروەری بۆ جیهان، خودای گەوره خۆبەزلزانەکان بەرز دەکاتەوه به بەرزکردنەوەیان بۆ شەرەف و داپۆشینی شەرمەزارییان.

میشپات که له نزیکەوه بەستراوەتەوه به وشەی تزێداکا، یان "ڕاستو دروستی"، مامەڵه لەگەڵ سزادانی هەڵەکان دەکات ، بەڵام هەروەها له خەمی مافی یەکسانه بۆ هەمووان- دەوڵەمەند و هەژار، مێ و نێر، بێگانه و ڕەسەن.

قوڵبوونەوه

## ژیانێکی بێشومار

**"وشەی خودا وەك ڕووبارێك وایە ... قوڵ و فراوانە ؛ ئەوەندە قووڵە کە بەرخێك بتوانێت بە ناویدا بڕوات ئەوەندەش قوڵە کە فیلێك بتوانێت مەلا بكات تیایدا."**

**گریگۆری گەورە**

کتێبی پیرۆز زیندووە و چالاکە وەك ئێمە، کاتێك لەگەڵ کتێبی پیرۆز دادەنیشین، ئەوە ژیان لەگەڵ ژیان دەکەین- ئەو ژیانەی کە خودا بۆ ئێمەی داناوە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزی خۆیەوە کارلێك لەگەڵ وشەی زیندوی خودا دەکات.

کاتێك وشەی زیندووی خودا لەگەڵ ژیانی خودا لە ناخماندا بەریەکدەکەوێت، ئەوە ژیانی زیاتر دروست دەبێت، ئەمەش بەرەو ئەوشتەمان دەبات کە جولەکەکان پێی دەڵین(L'chaim) دەستەواژەیەکە کە بەواتای (ژیانکردن) دێت کە واتای گەشانەوە، زیادبوون، ژیانەوە دەگەیەنێت.

کاتێك قورسای دەکەوێتە سەر ژیانمان وا دەکات کە لەگەڵ خودا کات بەسەر ببەین، ئەو یارمەتیمان دەدات تێبگەین کە خودا چی دەوێت لەم ژیانەی کە دروستی کردووە، باشترینی ژیانمان بۆ دەهێنێت، لەم جیهانەدا، بارودۆخەکانی دەرەوەمان زۆربەی کات و ووزە و هەست و سۆزەکانمان دەبەن، کتێبی پیرۆز پێشانمان دەدات کە لە ڕاستیدا چی ڕاستە دەربارەی خودا، دەربارەی ئێمە و سەبارەت بە جیهانی دەوروبەرمان. لەبەرئەوە ئێمە وشەی خودا وەردەگرین؛ ئێمە ڕێگەی پێدەدەین کاری خۆی بکات لەناو ناخماندا.

کاتێك دێتە سەر پەیوەندییت لەگەڵ کتێبی پیرۆز، هەست دەکەیت زیاتر وەك بەرخ یان فیل بیت؟ بۆچی؟

ئایا باوەڕت وایە کە وشە و ڕێگاکانی خودا ژیانێکی زۆرت بۆ دەهێنێت؟ ئایا باوەڕت بەم ڕێگا عەقڵانییە هەیە، ئایە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەیە لە شێوازی ژیانتدا؟ ڕوونی بکەرەوەوە.

**تزێداکا(Tzedakah)**

تزێداکا (Tzedakah) وشەیەکی عیبرییە  بە واتای (ڕاست) و زۆر شتی تر دێت. کاتێك کە ئەم وشەیە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤاکان بەکاردەهێنرتی، واتای وشەی (تزێداکا) ڕاستکردنەوەی شتەکانە بە بەخشندەییەوە.

وە رگێڕانێکی دیکە بۆ ئە م وشە یە بە ئاسانی دە کرێت بڵێین بە واتای (میهرەبان)ی دێت. لە ڕاستیدا، لە جیهانی سەدەی یەکەمدا، بەخشین بە هەژاران وەك کردەوەیەکی ڕاستودروستی سەیر دەکرا. (بڕوانە مەتا ٦: ١-٤).

مرۆڤ بە هاوبەشینەکردنی بەخشندەیی، خودی دادپەروەری و ئیرادە و فەرمانی خودا پێشێل دەکات. تزێداکا لە ئابووری خودادا ئیختیاری نییە.

سەیرکردن

دەرگای سێیەم لەم ڕۆدا، دەرگای حولدای ڕۆژهەڵاتییە



**بەیت(BEIT)**

بەیت وشەیەکی عیبرییە بە واتای (ماڵ) دێت، لە جیهانی سەدەی یەکەمدا کولتوری میوانداریکردن و ژیانی بە کۆمەڵ باو بووە، بۆیە جێگەی سەر سوڕمان نییە کە بیرۆکەی بونی ماڵ و پەیوەندییەکان لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوون، خەڵك بە کارەکەی و پیشەکەی نە دەناسرانەوە بەڵکو بە ڕەچەڵەك و بە نەسەبەکەت دەناسرایتەوە.

سلێمان پەرستگایەکی بۆ یەزدان دروست کرد- یان بەیت (ماڵێك). پەرستگای ئۆرشەلیم ماڵی یەزدان بوو. بە واتای خودا لە ئورشەلیم دەژی لە ناو گەلەکەیدا لەگەڵیاندا.

## حولدا

ئێمە زیادکردنێکی ترمان هەیە بۆ لیستی ژنە خوداپەرستەکانی ئیسرائیل لە پەیمانی کۆندا، کە لەم هەفتەیەدا لە خوانی جەژنەکەماندا باسمان کرد- حولدا، پێغەمبەرێك لە سەردەمی پاشا یوشیا. دووەم پاشاکان ٢٢-٢٣ ٣٤ دووەم کۆرنسۆس ٣٤ چیرۆکی ئەو دەگێڕنەوە.

دووەم پاشاکان ٢٢-٢٣ بخوێنەرەوە

لەم چیرۆکەوە تێدەگەین کە تەورات، ئەو شەریعەتەی کە بە گەلی خودای دەگوت چۆن خودا ڕازی بکەن و نەتەوەی ئیسرائیل بەڕێوەبەرن، بۆ ماوەیەك ونبووە. کاتێك تەوراتە ونبووەکە دەدۆزرێتەوە لە پەرستگاکەدا لەلایەن حلیقیای سەرۆکی کاهینەکانەوە، پاشان هێنرایە لای پاشا یوشیا. شافان، سکرتێری، بە دەنگی بەرز بۆ یۆشیای خوێندەوە.

کاتێك پاشا گوێی لە وشەکانی پەڕتووکی تەورات بوو، جلەکانی لەبەر خۆی دادڕی. ئەمەش نیشانەی خەم و ماتەمینی بوو لە کولتوری عیبریدا (٢ پاشاکان ٢٢: ١١). یۆشیا تێگەیشت کە ئیسرائیل چەندە بە قووڵی لە ڕێگای یەزدان لایداوە وەك ئەوەی لە شەریعەتدا هاتووە.

بە چاوی خۆی بینی کە ئیسرائیل چەندە لە گوێڕایەڵی کردنی یەزدانی پەروەردگار دوور کەوتووەتەوە . پاشا یوشیا حوکمڕانی نەتەوەیەکی دەکرد کە پێویستی بە تەوبەیەکی قووڵ و گۆڕانکاری و چاکسازی و هەستانەوە هەبوو.

دەبێت چی بکات؟ چی بکات؟ لەگەڵ میلەتەکەی لە پەیوەندیدا بوو، یۆشیا دەستی بۆ کام لە پێغەمبەرانی خودا درێژ کرد بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری؟

پاشا یوشیا چەند پێغەمبەرێکی لەبەردەستدا بوو- یەرمیا، سەفنیا و ناحوم و حەبەقوق و حولدا.

من وا بیر دەکەمەوە کە ناوی چوار پێغەمبەری یەکەم کە تازە باسمان کرد بۆ ئێوە ئاشنان-هەریەکێك لەم پیاوانە لە ڕێگەی ئیلهامبەخشی ڕۆحی پیرۆزەوە کتێبیان نووسیوە کە ئێستا بەشێکن لە کۆمەڵە پێغەمبەرانی ئیسرائیل (پەیمانی کۆنمان) و بە ناوی ئەوانەوە ناویان لێنراوە.

ڕەنگە بژاردەیەکی لۆژیکی بێت، کە ڕاوێژ بە یەکێك لەو پیاوانە بکات- ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، کە خودا لە سەردەمی خۆیاندا بە هێزەوە بەکاریان هێناون. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو ژیرییەی پێغەمبەرانە، کە بژاردەبوون لەبەردەمیدا، پاشا یوشیا ڕاوێژی بە حولدا کرد.

ئەو پێشبینی ئەوەی کرد کە کارەسات بەسەر ئۆرشەلیم و شانشینی یەهودادا بێت، هەروەها پێشبینی کرد کە یوشیا لە ژیانیدا ئەم بەڵایە نابینێت چونکە دڵی وەڵامدەرەوە و خاکی بووە لەبەردەم پەروەردگاردا. هەردوو پێشبینییەکە هاتنەدی.

حولدا بوو بە کەسایەتییەکی ناسراو لە مێژووی ئیسرائیلدا بەهۆی ڕۆڵی لە چاکسازییەکانی پاشا یۆشیا. بە هاوکاری لەگەڵ پاشا یۆشیا، حولدا یارمەتی گەلی ئیسرائیلدا بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا، لە ئەنجامدا نەوەیەکی گەلی خودای لە تووڕەیی و حوکمەکەی ڕزگار کرد.

ساڵانێك دواتر کاتێك پەرستگای هیرۆدس لە ئۆرشەلیم دروستکرا (فراوانکردنی پەرستگای زروبابل)، ئەو دەروازانەی کە سەردانیکەران و نوێژکەران تێیدا دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە

دەرەوە لە پەرستگا کە، ناویان لێنرا دەروازەکانی حولدا.ناوی حولدا لەلای هەموو ئەوانەی کە هاتبوون بۆ ئۆرشەلیم بۆ پەرستنی خودای زیندوو لە ماڵی خۆیدا ناسراو بوو.

چی شەرەفێکی مەزنە، ئەمە باوەڕپێنەکراوە کە ئەو دەروازەنەی کە لە ڕێگەیەوە خەڵك دەرواتە ناو پەرستگای خودا بە ناوی ژنێکەوە ناونراوە.

کاتێك هاوەڵی تیمەکانم دەکەم بۆ ئیسرائیل، لەبەردەم دەروازەکانی حولدا دادەنیشین، لەسەر پلیکانەکانی فێرکردنی مامۆستایانی باشوور، کە بەرەو دیواری باشووری چیای پەرستگاکە دەڕوات بۆ یەکێك لە پۆلەکانی کتێبی پیرۆزمان.

بۆ سەدان ساڵ، زیارەتکاران دەهاتنە ئۆرشەلیم بۆ ڕێزگرتن لە جەژنی سێ پێکە کە لە کتێبی پیرۆز دەرچوون ١٦دا هاتووە، کە ئەوانیش - جەژنی پەسحە، پەنتەکۆست (جەژنی هەفتەکان) و جەژنی چادرەکان. (لە کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆر شت ناونراوە لەسەر بنەمای واتا حەقیقەتیەکەی نەك مەجازییەکەی لەبەرئەوە ئەو جەژنانە بە جەژنی (پێکان) ناسراون ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە خەڵکەکە ساڵانە سێ جار بە پێ گەشتیان دەکرد بۆ ئەوەی بەشدارییان تێدا بکەن).

لە کاتێکدا پەرستشکارەکان بە هەنگاوەکانیان بەرزدەبونەوە بەرە و باشوور بۆ ئەوەی لە دەروازەکانی حولدا وە بچنە ناو پەرستگاکە، لەوانەیە زەبورەکانی سەرکەوتنیان گوتبێت (زەبور ١٢٠-١٣٤)، زەبورەکانی ستایشکردن کە بۆ زیارەتکارانی پەرستگاکە نووسراون.ئەم زەبورانە ڕیتم و میلۆدییان هەیە . پەرستشکارەکان ئەو ماوەیە زەبورەکانیان بەو شێوەیە نەدەخوێندەوە کە ئێمە دەیخوێنینەوە؛ ئەوان بە شیوەی گۆرانی دەیان وتەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆت، لە دوورەوە گەشت بکەیت بۆ ئورشەلیم. دواجار گەیشتووی بە شارەکە دوای گەشتێکی دوور و درێژ، کاتێك بە پلیکانەکاندا سەردەکەویت بۆ چوونە ناو ماڵی خودا (پەرستگا)، ئەم گۆرانییەی خوارەوە دەڵێیت:

چاوم بەرەو چیاکان هەڵدەبڕم،
یارمەتی من لەکوێوە دێت؟

یارمەتی من لەلای یەزدانەوەیە،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

لێ ناگەڕێت پێت بخزێت،
ئەوەی دەتپارێزێت خەواڵوو نابێت.

بێگومان ئەوەی ئیسرائیل دەپارێزێت
خەواڵوو نابێت و نانوێت.

یەزدان پارێزگاری تۆیە،
یەزدان سێبەری تۆیە لەلای دەستی ڕاستت،

نە خۆر بە ڕۆژ ئەزیەتت دەدات،
نە مانگ بە شەو.

یەزدان لە هەموو خراپەیەك دەتپارێزێت،
گیانت دەپارێزێت.

یەزدان پارێزگاری هاتوچۆت دەكات،
لە ئێستاوە و بۆ هەتاهەتایە.

زەبوورەكان ١٢١

ئەوە ساتێكی ئاهەنگگێڕان بوو، بینینی ماڵی خودا، كە یارمەتی لێیەوە دێت بۆت- دوای ماوەیەكی دورودرێژ زیارەتكاران، ئامادەن بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا لەبەردەم تاكە خودای ڕاستەقینەدابن، من وا خەیاڵ دەكەم، كە پەرستشكەرەكان ئەزموونی پێكەنین و خۆشییان كردووە كاتێك گەیشتنە ماڵی یەزدان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیسرائیلەكەیان پەرستش بكەن. لە تەنیشت خوشك و و براكانیان لە ئیسرائیل.

## میشنا (MISHNAH)

بە پێی بیروباوەڕی جولەكە كاتێك خودا تەوراتەكەی بەخشی بە موسا لە چیای سینا، كۆمەڵە شەریعەتی دووەمی بە شێوەی زارەكی پێداوە، بە ناوی میشنا، وشەی میشنا بەواتای (دووبارە بونەوە) دێت، بەپێی ئەم بیركردنەوەیە ، شەریعەتی نووسراو (یان میكرا) زۆر مەزنتر و گرنگتر بووە، میشنا (تەوراتی زارەكی) واتای تەوراتی نوسراو فراوانتر دەكات و ڕونی دەكاتەوە، لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا، پیاوێك ناسراو بە یەهودا -ناسی، یان بە ئینگلیزی یەهودای شازادە، سەركردایەتی پڕۆژەیەكی كرد بۆ تۆماركردنی ئەو نەریتانەی كە تا ئەو كاتە گوازرابوونەوە.

ئەم بەڵگەنامە نووسراوە پەنجەرەیەکی بچووك پێشکەش بە ئایینی جوولەکە دەکات دەربارەی ماوەی ۲۰۰- ۳۰۰ی زایینی، ئەم دۆکۆمێنتە دابەشکراوە بە سەر (٦) بەشی سەرەکیدا، کە هەریەك لەم بەشە سەرەکییانە دابەش بووە بەسەر (۷-۱۲) لقی لاوەکیدا کە لە درێژترینیانەوە دەست پێدەکات بۆ کورترینیان.

فێربوون

**مانناMANNA)**

دەرچوون ١٦: ١-٥، ١٣-١٧، ٣١-٣٦ بخوێنەرەوە.

- سەیری ئەم بڕگانەی کتێبی پیرۆز بکەن، لە دیدگای ڕۆژئاواوە، سەرەتا هەوڵ بدە تێبگەیت، ئەم تێگەیشتنەی وەرتگرتووە با بەرەو باوەڕهێنانت بەرێت، ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

- سەیری ئەم بڕگانەی کتێبی پیرۆز بکەن، لە دیدگای ڕۆژهەڵاتەوە، سەرەتا هەوڵ بدە باوەڕی پێبهێنیت، ئەم باوەڕهێنانەی کە وەرتگرتووە با بەرە و تێگەیشتنت بەرێت، ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لەم چیرۆکە جوانەدا ساتێك دەبینین کە ئیسرائیلییەکان سەرەتا باوەڕیان بە خودا هیناوە، دواتر لێیَ تێگەیشتوون. کتێبی دەرچوون چیرۆکی ڕزگاربوونی عیبرانییەکان لە ستەم و کۆیلایەتی میسڕ دەگێڕێتەوە. دوای نزیکەی ٤٣٠ ساڵ لە کۆیلایەتی و کاری زۆرەملیَ لە میسڕ،... پەروەردگار بە شێوەیەکی موعجیزەیی لە میسڕ ڕزگاری کردن، لە ڕێگەی دەریای سوورەوە. ئەو ساڵانەی کۆیلایەتی ئەوانی گۆڕی. کاتێك دەریای سووریان بەزاند بۆ ئازادی خۆیان، ئەوان شپرزە و لاواز و سەرلێشێوا و پەشۆکاو بوون، میسڕ لە پشتیانەوە و بیابانەکە لە پێشیانەوە، ئیسرائیلییەکان بەرەو داهاتوویەکی نادیار لەگەڵ خودادا ڕۆیشتن.

گەلی خودا کە تازە لە کۆیلایەتی ڕزگاریان بوو، هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو چۆن بە ئازادی بژین دوای نزیکەی ٤٣٠ ساڵ لە کۆیلایەتی. لە بیابان بوون و برسی بوون. بەیانییەك لە خەو هەستان، لە چادرەکانیان چوونە دەرەوە، سەیری سەر زەوییان کرد و شتێکیان بینی، شتێك کە پێشتر نەیانبینیبوو. کاتێك نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان بینی بە یەکتریان گوت: «ئەوە چییە؟» چونکە نەیاندەزانی چییە.

دەرچوون ١٦: ١٥

لە دەرچوون ١٦ باسێك دەخوێنینەوە، کە یەزدان دەستی کرد بە دابینکردنی مانا بۆ گەلەکەی. ئینجیل پێی دەڵێت "نان لە ئاسمانەوە" (دەرچوون ١٦: ٤). هەروەها مانا بەم شێوەیە وەسف کرا وەك تۆوی گژنیژ سپییە و تامیشی وەك ناسکە نانی بە هەنگوینە(دەرچوون ١٦: ٣١).

وشەی عیبری بۆ مانا (manna) بریتییە لە وشەی مان هوی (manhue) (یان ha-man )بەپێی ئەو وەرگێڕانەی کە بەکاری دەهێنیت- مانای وشەکە لە شێوەی پرسیارێکدا دێت. مان هوی بە واتای "ئەمە چییە؟" ئیسرائیلییەکان برسی بوون. ئەوان بێ ئەوەی بزاننماننا یان خوارد. نەهێنییەکیان خوارد چونکە دەیانزانی لە دەستی خوداوە هاتووە. متمانەیان بە سەرچاوەکە هەبوو و گازیان لێگرت و خواردیان.

ئەوان (ئەمە چییە) یان خوارد، دواتر بەمەیان زانی کە ئەوە ڕزق و ڕۆزی خوداوەندە کە لە دڵسۆزی خۆداوەندەوە بۆ ئەوان دابینکرا بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ، خوداوەند هەموو ڕۆژێك مانای دابین دەکرد بۆیان جگە لە ڕۆژی شەممە. بە ئیسرائیلییەکان گوترا کە لە ڕۆژی پێش شەممەدا پێویستی دوو ڕۆژ خواردن کۆبکەنەوە. پەروەردگار هەرگیز شکستی پێ نەهێنان. هەرگیز ڕۆژێکی نەدەپەڕاند. هەرگیز نەچووە پشوو و ئەوانی لەبیر نەدەکرد. لە هەمووی گرنگتر، ئەو هەرگیز تەواو نەبوو. گەلی خودا فێربوون کە ڕزق و ڕۆزی ئەو تەواو نابێت؛ بەردەوامە لە بەخشین و پێدانیان.

## ئەوەی دەتوانیت باوەڕی پێ بکەیت، لە وشەکانییەوە وەریبگرە، دواتر بەرەو تێگەیشتن بڕۆ.

ئایا بارودۆخێکی سەخت یان پەیوەندییەك هەیە لە ژیانتدا لە ئێستادا؟ زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەیت کە خودا دەتوانێت بیگۆڕێت؟ لە خوارەوە وەسفی بکە.

ئایا چیرۆکێکت لە بیرە لە ژیانتدا بەسەرت هاتبێت کە بتوانیت بیگێڕیتەوە کاتێك کە تۆ لە ناخۆشی و نارەحەتیدا بویت و خوداوەند لەگەڵت بووە و پێداویستییەکانی بۆ دابینکردوویت؟

لە خوارەوە باسی بکە.

چۆن ئەو چیرۆکەی ڕابردووت کە لە ناخۆشیدا بویت ئەوەت بیردەهێنێتەوە کە خوداوەند دابینکەری پێداویستییەکانمانە، چۆن دەتوانێت هانت بدات لەم دۆخە سەختەی کە ئێستا ڕووبەڕووت دەبیتەوە؟

نەوەی ئیسرائیل چل ساڵ مەنایان خوارد هەتا هاتنە خاکی ئاوەدانی، مەنایان خوارد هەتا هاتنە سنووری خاکی کەنعان. (دەرچوون ١٦: ٣٥).

نەوەی ئیسرائیل لە گلگال چادریان هەڵدا و لە ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ لە دەشتی ئەریحا جەژنی پەسخەیان گێڕا. بۆ ڕۆژی پاش جەژنی پەسخە، هەر هەمان ڕۆژ، لە

بەروبوومی خاك نانی فەتیرە و دانەوێڵەی برژاویان خوارد.هەروەها لەو ڕۆژەدا مەنا بڕایەوە کاتێك لە بەری خاکەکەیان خوارد، ئیتر لەدوای ئەوە مەنا بۆ نەوەی ئیسرائیل نەبوو، بەڵام ئەو ساڵە لە بەری زەوی کەنعانیان خوارد.
یەشوع ٥: ١٠- ١٢

ڕزق و ڕۆزی خودا بۆ منداڵەکانی ئەوەندە ورد بوو کە ڕۆژێك دوای ئەوەی ئیسرائیلییەکان میوەی خاکی کەنعانیان خوارد، وازی لە ناردنی مانا هێنا. ئەو ڕزق و ڕۆزییەی کە بەڵێنی دابوو پێیان بۆی هەڵگرتن بۆ ئەو زەوییەی کە بەڵێنی داوە لێیَ بژین، ئێمەش وەك ئیسرائیلییەکان لەسەر بەڵێنەکانی یەزدان دەژین بۆمان، ئەویش بێهیوامان ناکات.

بەڵام بەڵێن نادات پێشوەختە هەموو ئەو شتانەمان پێ بڵێت کە ڕوودەدەن. بەڵێن نادات پێش ئەوەی دەست بە بونیادنان بکەین نەخشەکە ببینین. زۆرجار پاداشتەکە لە دیوەکەی تری گوێڕایەڵیدایە.

لێڤیەکان چونە ناو ڕوباری ئوردنەوە بە سندوقی پەیمانی یەکەوە ڕوو بارەکە لەت بوو، ژیان هەمیشە هەموو ڕاستییەکانمان پێ نابەخشێت پێش ئەوەی بڕیارێك بدەین. بەڵام ئێمە هەمیشە دەتوانین بڕیار بدەین کە متمانە بە کەسایەتی خودا بکەین. هەمیشە دەتوانین بڕیار بدەین باوەڕمان بە چاکەی خودا و خۆشەویستی چەسپاو هەبێت.

خواردنی نهێنیەك پێویستی بە باوەڕبوون بەو خودایە هەیە کە نهێنییەکە دابین دەکات. ئەگەر چاوەڕێ بین تا لە هەمووی تێدەگەین، هەرگیز ناجوڵێین، هەرگیز بەڕێ ناکەوین، هەرگیز نازانین چی دەکرا. چاوەڕوانی تا لە دۆخەکە تێدەگەین دەکرێت دڵمان ئیفلیج بکات- ئەمەش وادەکات زۆر بترسین بۆ ئەوەی بڕۆینە ناو شتە نوێیەکان و شتەکانی داهاتوو لەبەرئەوەی نادیارە.

ئێمە سەیری نهێنییەکە دەکەین و دەڵێین: «ئەوە چییە؟» کاتێك دەزانین ئەوە خوداوەندە کە ڕێبەرایەتی دەکات، هانمان دەدات، قسە دەکات، دەجووڵێت- نهێنییەکە بخۆ. پشتی پێ ببەستە و

بزانە بەرەو کویێ دەتبات. پشت بە نهێنییەکە ببەستە و سەیری خودای زیندوو بکە کە دابینی کردووە بۆت.

لە چی بارودۆخێك، زروفێك لە ئێستادا، پێت وایە ڕەنگە خودا داوای ئەوەت لێ بکات باوەڕت پێی هەبێت و متمانەت پێی هەبێت پێش ئەوەی بە تەواوی تێبگەیت؟ لە خوارەوە باسی بکە.

چی، شتێك هەیە، کە ڕێگریت لێدەکات لە متمانەکردن بە خودا بۆ ئەم زروف و بارودۆخە، یان پەیوەندییە؟ ڕوونیبکەرەوە.

ئایا باوەڕت وایە پاداشتەکە زۆرجار لە دیوەکەی تری گوێڕایەڵیدایە؟ بۆچی یان بۆچی نا؟

**خواردنی نهێنییەك**

ئیسرائیلییەکان بۆ ماوەی چل ساڵ لە بیابانەکاندا مانایان خوارد تا چوونە ناو کەنعان. مانهوی(Manhue) پرسیارێکە- "ئەوە چییە؟" لە بیاباندا، ئیسرائیلییەکان نهێنییەکیان خوارد، شتێك کە نەیانزانی و لێی تێنەگەیشتن، چونکە دەیانزانی لە یەزدانەوە هاتووە. هەندێك جار لە ڕزقەکەیدا بۆ ئێمە، خوداوەند داوامان لێدەکات متمانەمان پێی هەبێت و بەرەو پێشەوە بچین بەبێ ئەوەی هەموو وەڵامەکانمان هەبێت، بۆ ئەوەی متمانەمان هەبێت کە ئەو تەنانەت لەو شتانەشدا کە هەست دەکەین وەك نهێنیەك بۆ ئێمە بەردەوام دەبێت.

ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە، کە خەڵکێك بین کە دڵنیایی و ڕوونی تێگەیشتنی تەواومان هەبێت بەرلەوەی بەرەوپێشەوە بڕۆین، بەڵام خودا بەڵێنی ئەوە نادات هەموو جارێك هەموو ئەو وەڵامانە بداتەوە بە ئێمە.


ئایا دەتوانیت بیر لەو کاتە بکەیتەوە کە "نهێنیەکەت خوارد" چونکە دەزانیت ئەوە لە خوداوەندەوەیە، کە ڕێبەرایەتیت دەکات، هانت دەدات، ڕێنماییت دەکات بۆ شتێکی نادیار؟

دوایین جار کەی بوو بەڵێت بۆ شتێکت کرد، بەبێ ئەوەی سەرەتا هەموو ڕاستییەکان بزانیت؟

چۆن دەرچوو؟ ئایا هێشتا لە ناویدایت؟

ئەم هەفتەیە پەیوەندی بە هاوڕێیەکتەوە بکە، نامە بنێرە، یان ئیمەیڵێك بنێرە و داوای لێبکە چیرۆکێکی ئەو کاتەی کە ئەویش "نهێنییەکی خواردووە" لەگەڵتدا باس بکات. گێڕانەوەی چیرۆکەکانمان دەربارەی ڕزق و ڕۆزی خودا شکۆمەندی بۆ ئەو دەهێنێت، خزمەت دەکات بۆ ئەوەی باوەڕی داهاتوومان بەهێز بکات.

# خولی سێیەم: مەسیح و ژنی سەربیرەکە



**پێشەکی**

عیسا لە جیهانێکدا لەدایك بووە کە ئایدیۆلۆژیا و لاهووتییەکانی بن سیرا دەربارەی ژنان نزیکەی دوو سەد ساڵێك بوو بڵاوبوبویەوە، ئەو لە جیهانێکدا لە دایك بوو، کە ژن ڕێزی لێ نەدەگیرا و پێگەکەی خۆی لە دەست دابوو، بە شەرمەزارییەوە سەیردەکرا، عیسا میشپات (دادپەروەری) و تزێداکا (ڕاستودروستی)ی بۆ ژنان هێنا. ئەو بە بەخشندەییەوە ژنانی دەرباز کرد لە شەرمەزاری و شەرەفمەندی پێبەخشین، لە سەدەی یەکەمی زاینیدا.

ئەم هەفتەیە یەکەم چیرۆکی ئینجیلیمان دەخۆین کە باس لە بینینی عیسا لەگەڵ ژنێکدا دەکات.

لەکاتێکدا بەشداری لە جەژنەکەماندا دەکەیت، لە داهاتوودا کاتێك چیرۆکی عیسا و ژنان دەخوێنیتەوە، بەردەوام بە لە گەڕان بەدوای ئەوەی کە عیسا چۆن دادپەروەری و ڕاست ودروستی دەهێنێت- دەربازیان دەکات بەخشندەییەوە.

کچەکان، ئێمە بە باوەڕەوەین. ئەگەر عیسا بۆ ئەوی کردبێت، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت بۆ ئێمەشی بکات.

لە کاتێکدا، کە دێینە سەر مێزی کتێبی پیرۆز

لە خوانی جەژنی هەفتەی ڕابردووەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

هەفتەی ڕابردوو وەك ڕووبارێك بەرەولای کێ ڕۆشتیت و ئەوەی لە خوانی جەژنەکەدا فێربوویت باست کرد؟

ئەو گفتوگۆیە چۆن ڕۆیشت؟ چۆن کاتەکانتان پێکەوە تەحەدای ئێوەی کرد یان ئەوەی فێری بوون پشتڕاستتان کردۆتەوە؟

ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی کورسییەکانمان ڕێك بخەین  بۆ دانیشتنی سێیەمی ئەم خوانی جەژنە ئینجیلییە، ئێمە هەوڵی خواردنی وشەکانی خودا دەدەین زیاتر لەوەی کە بیخوێنینەوە، ئێمە دەمانەوێت ئەو وشانە بڕواتە ناومانەوە و کاری خۆی بکات، ئێمە وەك کچەکانی خوداوەند لە وشەکان نزیك دەبینەوە، بە پشتا خۆمان دەچەمێنینەوە، دەممان دەکەینەوە، متمانەمان هەیە کە خودا خواردنمان پێدەدات و خۆمان بۆ ئەوە ئامادە کردووە.

دانیشە. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چێژ لە خوانی جەژنەکە وەربگرە!

تەماشاکردن

**خوانی جەژنەکە**

ئەم تێبینی و بۆشاییانەی خوارەوە بەکاربهێنە لە کاتی فێرکردنی خوانی جەژنەکەماندا. هەست بە ئازادی بکە بۆ زیادکردنی تێبینیەکانی خۆت کاتێك تەماشایان دەکەیت.

عیسا لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە دایك بوو، و هەم بەزەیی و هەم هاوسۆزی جێبەجێ دەکرد. بەزەی و هاوسۆزی پێشانی ئەو ژنانە دا کە لەمیانەی ژیان و خزمەتەکەیدا بینینی.

| | |
|---|---|
| **COMPASSION(بەزەی)** | **EMPATHY هاوسۆزی** |
| **لەگەڵ cum = with[2]** | **لە گەڵ em = in[3]** |
| **ئازار pathos = pain[4]** | **ئازار pathos = pain** |

نەدەترسا لە دانیشتن لەگەڵ ئەو ژنانەی کە ئازاریان هەبوو. نەدەترسا لەوەی لەگەڵیان بچێتە ناو ئازارەکانیانەوە.

له  ئینجیلی یوحەنادا، حەوت وتەی مەسیح هەیە کە بە (من) دەست پێدەکات بەڵام بەر لە هەر ئەم حەوت وتەیە، رستەیەکی گشتی هاوبەش هەیە بۆ چونە ناو ئەم حەوت وتەوە کە بنەماکەیەتی، بە واتایەکی تر ئەم حەوت وتەیە راست نە دەبوو ئەگەر رستەکەی بەردەمیان راست نەبوایە.

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
| --- | --- |
| ئەرك | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |
| باوەڕ ⟵ تێگەیشتن | تێگەیشتن ⟵ باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی  فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە<br>(پوختە – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو وردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی  خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو جۆر ئاو هەیە: ئاوی مردوو و ئاوی زیندوو. ئاوی مردوو هەرچەندە ناجوڵێت بەڵام هێشتا ئاوە؛ وەك ئاوی ناو خەزانێك، بەڵام ئاوی زیندوو ئاوی جوڵاوە، وەك ئاوی بیر و ڕووبار و چەمەکان. لە سەدەی یەکەمی زاینیدا خەڵك پێیان باش بوو لە ئاوی زیندوودا لە ئاو هەڵبکێشرێن.

کاتێك عیسا هاتە سەر زەوی دابەشبوون (کەرتبوون)ی نێوان جولەکە و سامیرەییەکان حەوت سەدەبوو، جولەکەکان و سامیرەییەکان لە دوو پەرستگای جیاوازدا پەرستشیان دەکرد و کتێبی پیرۆزی جیاوازیان بەکاردەهێنا.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چی لە ئێستا و چی لە کۆندا ، سێ پێوانەی سەرەکی کولتوری هەیە:

- شەرەف /شەرمەزاری

- میوانداریکردن

- ژیانی بە کۆمەڵ( ئەولەیەتدان بە ئێمە نەك من)

هەندێك جار ئەو جولەکانەی، کە لە جەلیلدا دەژیان بە ناوچەی سامیرەدا دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بگەنە یەهودیا. ئەم ڕێگایە سەخت بوو، چونکە جولەکە و سامیرەییەکان لە ناکۆکیدا بوون؛ بەڵام دەبینین عیسا بووە دەرفەتێك بۆ هێنانی میشپات(دادپەروەری) و تزێداکا(ڕاست و دروستی) بۆ ژنێکی سامیرەیی.

عیسا لە گفتوۆکەیدا لە گەڵ ژنە سامیرەییەکە، ناوی نە نا گوناهبار بەڵکو سەرچاوەی ئازارەکەی دۆزییەوە، لەگەڵی دانیشت، بە بەخشندەییەوە دەستی کرد بە دەربازکردنی،ئەو لەسەر بیرەکە دانیشت وچاوەڕێی کرد، دەستی بۆ درێژ کرد و سەرەتا ئەو دەستی کرد بە قسە کردن لە گەڵیدا، ئەو بۆشاییەی نیوانیانی پڕکردەوەو، پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا دەتوانێت لە دوای ئەو ئاو بخواتەوە لە دەفرەکەیدا، وەك کەسێکی پاك مامەڵەی لەگەڵ کرد نەك پیسێك، ئەو دەستی کرد بە قسەکردن لەسەر ئاوی ژیان لە کاتێکدا کە لەسەر بیرەکە دانیشتبوون ئەو بیرەی سەرچاوەی ئاوی زیندوو بوو، ئەو ڕێزی لێگرت بە باسکردن دەربارەی لاهوت و پەرستش کردن. ژنە سامیرەییەکە یەکەم کەس بوو کە عیسا پێی گوت کە ئەو مەسیحە. ئەو بوو بە

شایەتحاڵێك - بۆ كۆمەڵگاكەی. ژنە سامیرەییەكە بۆ هەمیشە ئەو شەرەفمەندییەی هەیە كە ئەو یەكەم كەس بووە كە عیسا پێی وتووە كە ئەوە مەسیحەكەیە.

بۆچی بە سامیرەدا گەشت دەكەیت؟

لە یوحەنا ٤:٤ دا ئەوەمان خوێندەوە كە عیسا " دەبووایە بە ناوچەی سامیرەدا تێبپەڕێت." یوحەنا٤:٤

مێژوو پێمان دەڵێت كە زۆرێك لە جولەكەكانی جەلیلە بە تەواوی لە سامیرە دوور دەكەوتنەوە لە ڕێگایان بەرەو ئۆرشەلیم، تەنانەت بۆ ماوەیەكی درێژتر یان دەبڕی بۆ ئەوەی بەو ناوچانەدا تینەپەڕن كە سامیرەییەكانی تێدا دەژیان بۆیە دەبوایە بسورانایەتەوە بەدەوری ئەو شوێنانەی كە سامیرەییەكانی تێدا دەژیا و ڕێگایەكی دورودرێژ ببڕن.

كەواتە چیرۆكی یوحەنای ٤ چییە؟

**بۆچی دەبوایە عیسا بە سامیرەییەدا تێبپەڕێت؟**

پێم وایە، كە عیسا سامیرەی هەڵبژارد كە پیایدا تێپەڕێت، چونكە ویستویەتی چارەسەر بۆ ئەو جیابوونەوە و ناكۆكییە قووڵ و كۆنە، حەوت سەد ساڵەی نێوان جولەكەكان و سامیرەییەكاندا بهێنێتە ئاراوە. دوای ئەو ساتەی لە یۆحەنای ٤ دا، كە عیسا و ژنە سامیرەییەكە لەسەر بیرەكە بوون، لەوانەیە خەیاڵی ئەوەبكەیەن، كە قوتابییەكانی لە سیچاری كۆندا دەوەستن و دەمێننەوە كاتێك بە ناوچەكەدا تێدەپەڕن.

ڕەنگە عیسا و قوتابییەكانی بەڕاستی هاوڕێیەتییەكی باشیان لەگەڵ ئەم ژنە و سامیرەییەكانی گوندەكەدا كردبێت. لەوانەیە عیسا ئاشتی بۆ سیچاری كۆن هێنابێت لە ڕێگەی بینینەكەی لەگەڵ ئەم ژنە.

تەماشاکردن

..............................................................................................
..............................................................................................
..............................................................................................
..............................................................................................
.....................................................................

..............................................................................................
..............................................................................................
..............................................................................................
..............................................................................................
.....................................................................

..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................

..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................

..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................

### تەماشاکردن

..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................

..........................................................................................................
..........................................................................................................
..........................................................................................................

........................................................................................................................
.................................................................

........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
.................................................................

........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
.................................................................

........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
........................................................................................................................
.................................................................

گفتوگۆکردن

**با دەستبکەین بە یەشیڤا**

هەموو هەفتەیەك هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا، بۆ ئەوەی بە شێوازی بە كۆمەڵێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆبكەین لەسەر چەمكە ڕۆحییەكان و پێكەوە گەشەبكەین لە بەرەكەتدا، وەك كۆمەڵەیەكی كتێبی پیرۆز. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گرووپەكەت تاوتوێ بكە:

تازە چیتان بیستووە یان چیتان بینیوە لە خوانی جەژنەکەمان کە پێکەوەین، کە دەتەوێت لەبیرتان بێت؟

ئەو تاکە شتە چییە کە لە خوانی جەژنەکەماندا فێربووین دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکەیت؟

ئایە لەم هەفتەیە زیاتر تێراماوی لە خودا وەك ئەوەی سەیری ژیانی خۆت بکەیت؟ یان بە پێچەوانەوە ڕونی بکەرەوە؟

عیسا چۆن میشپات (دادپەروەری) و تزادیکا (ڕاست ودروستی) هێناوە بۆ ناو ژیانت؟

لەم وەرزەی ژیانتدا، دڵت زیاتر هەستی کردووە وەك "ئاوی مردوو" یان "ئاوی زیندوو" وە؟ ڕوونی بکەرەوە

ئەو هاوڕێیانەت کێن؟ کە یارمەتیت دەدەن ئاوەکەت هەڵبگریت؟

هاڤەر (HAVER) کۆکەی هاڤەریم(**HAVERIM**)

لە زمانی عیبریدا دەقاو دەق بەواتای هاوڕێ یان برادەردێت لە سەدەی یەکەمی زاینیدا، (haver) هاوڕێ هاوبەشی خوێندنەکەت بوو مامۆستاکەت بوو کە دەتتوانی پرسیاری قورسی لێبکەیت وچاوەڕێی ئەوت دەکرد، کە ئەویش پرسیاری قورست لێبکات.

هاڤەریم پشتگیری یەکیان دەکرد بۆ ئەوەی کە بگەن بە حەقیقەت، ئەگەر کەسێکت بە هاڤەر بانگ بکردایە لەسەدەی یەکەمی زاینیدا، ئەوە بەواتای ئەوەی دەکرد کە تۆش بە هەمان شێوەی ئەو پەیڕەوی تەورات دەکەیت، تەنانەت لەوانەیە شوێنی هەمان ڕابی بکەویت

لەوانەیە زۆربەی ڕۆژەکانت لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەت بەسەر بەریت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گرنگترین پرسەکانی ژیانت و ژیانی دەوروبەرەکەت.

قوڵبوونەوە

**وشەی خودا بخۆن**

بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی یەزدانە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبێتەوە.

زەبوور ١: ٢.

کاتێك بیر لە تێڕامان لە بەشێکی کتێبی پیرۆز دەکەیتەوە، چ وێنەیەك یان کردارێك دێتە مێشکت؟.

دڵنیانیم لە وەڵامەکەت لە سەرەوە چیت نووسیووە. بەڵام کاتێك بیر لە "مێدیتەیشن" دەکەمەوە لە چوارچێوەی کولتووری ئەمڕۆماندا، بەزۆری بیر لە شتێکی بێدەنگ دەکەمەوە کە بیرکردنەوە لە بیرۆکەیەك یان ڕاستییەکی ڕۆحی لەخۆدەگرێت، چالاکییەکە، کە ڕەنگە بە تەنیا ئەنجامی بدەم. بەڵام ئەوە ئەوە نییە کە ئامادەبووانی ڕەسەنی کتێبی پیرۆز لە مێشکیاندا دەبوو کاتێك زەبور ٢:١یان دەخوێندەوە. ئەمە نموونەیەکی گەورەیە لەوەی کە ئێمە چۆن مەیلی لێکدانەوەی وشەو چەمکە ئینجیلییەکانمان هەیە بە مانا و وێنە باوەکانی ئەمڕۆمان.

ئەم وشەیەی "مێدیتەیشن" لە زمانی ڕەسەنی عیبریدا واتە وشەی (هاگاه)، کە بە واتای خواردن یان خواردنی شتێك دێت، وەك شێرێك نێچیرەکەی دەخوات، وشەکە واتایەکی بەهێز و چالاکی هەیە.

عیسا لە کولتوورێکدا لەدایك بووە، کە پەیوەندی زارەکیی هەیە. ڕابییەکان دەقەکانی پەیمانی کۆنیان لەبەردەکرد و لە ڕێگەی ئەو لەبەرکردنەوە کتێبی پیرۆزیان فێری ئەوانیتر دەکرد. زۆرجار گەشەی ڕۆحی لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بوو. سەرکردە ڕۆحییەکان بە شێوەی زارەکی کتێبی پیرۆزیان فێر دەکرد. ئەوانەی لە کۆمەڵەی ڕۆحی لەگەڵ یەکتردا بوون، دواتر گفتوگۆیان دەکرد دەربارەی ئەوەی کە بڕگەیەکی کتێبی پیرۆز مانای چییە، بە جۆرێك لەگەڵ وشەی خودا وەك کۆمەڵەی باوەڕداران دەجەنگان. کە ئەمەش خواردن دەدات بە باوڕی کەسایەتییان لەم ململانێ بە کۆمەڵەی لەگەڵ وشەی خودا، بە پێێ ئەم بیرکردنەوەیە(مەنتیقە) باوەڕداران لە شەڕدا بوون لەگەڵ وشەی خودا بۆ ئەوەی تێبگەن کە خودا کێیە؟. بۆ ئەوەی ڕێگای ژیانی خۆی بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بژین کە خودا ڕازی بکات و گوێڕایەڵی ئەو بێت و لەژێر چاودێری ئەودا گەشە بکات. "هاگا-ئینگ" بڕگەیەك بووە هۆی گوێڕایەڵی، ڕۆیشتن بە ڕێگای ژیان لەگەڵ خودا.

شوێنکەوتوانی خودا لەگەڵ وشەکانیدا لە زۆرانبازیدا بوون  بۆ ئەوەی تێبگەن کە ئەو کێیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بژین کە خودا دڵخۆش بکات، لە ژێر چاودێری ئەودا گەشە بکەن.

وێنەی: چەند پیاوێك هەوڵی تێگەشتن لە چەند بەشێکی کتێبی پیرۆزدەدن



لە هەندێك ڕووەوە تێگەیشتنی ڕۆژئاوایی ئێمە بۆ تێڕامان لە قسەی خودا هاوشێوەی چوارچێوەی عیبری ڕەسەنە. کاتێك ئێمە بڕگەیەك (هاگا) دەکەین، ئەوە بەواتای ئەوەدێت دەبێت بە بەشێك لەوەی کە ئێمە کێین، ئەوەش خوردن دەدات بە باوەڕمان بە خودا، لە سەدەی یەکەمدا، جولەکەکان ڕاستییەکی ڕۆحییان وەسف دەکرد کە ئەوان بیریان لێ دەکردوە وەك "بوون بە بەشێك لە بەرگەکەیان"- بە واتایەکی تر بوون بە بەشێك لە خۆیان(پێکهاتەیان). کاتێك ڕاستییەکی ڕۆحی لە دڵ و مێشکماندا دووبارە و دووبارە دەکەینەوە، دەبێتە بەشێك لە ئێمە، دەبێتە "بەشێك لە بەرگمان". وە بەو ڕاستییە نوێیانەی ناوەوەمان، توانای ئەوەمان هەیە کە خودا بە تەواوی بناسین و لەگەڵیدا بە ڕێگای ژیاندا بڕۆن.

دەتوانین بە تەنیا هاگا، یان مێدیتەیشن لەسەر بڕگەیەك بکەین، بەڵام خواردنی پێکەوە زۆر باشترە. ئێمە دەمانەوێت وەك شێرێك کە نێچیرەکەی بخوات، قسەی خودا بخۆین.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

لە کۆمەڵگەی ڕۆحی خۆتدا هاگا بکەیت بۆ تۆ چۆن دەبێت؟

چ ڕاستییەکی ئینجیلی بووەتە بەشێك لە پێکهاتەت(بونت) ئەوەی کە تۆ کێیت لەم دواییانەدا؟

ئەو ڕاستیانە چۆن سودی بۆ باوەڕەکەت هەیە؟

سەیرکردن

**بیری یەعقوب**

بیرەکەی یاقوب لەوێ بوو و عیسا کە لە گەشتەکەدا ماندوو بوو، لە لای بیرەکە دانیشت. نزیکەی نیوەڕۆ بوو. یۆحەنا ٤:٦

کاتێك خوداوەند خۆی بە موسا ناساند لە دەرچوون لەدەرچوون (٣) ئینجا فەرمووی: «من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.» دەرچوون ٣: ٦ یەعقوب دادەنرێت بەیەکێك کە باوکەکانی گەلی جولەکە، بیری یەعقوب لەسەردەمی پەیدابوون هەڵکەندراوە.

دوای سەدان ساڵ، مەسیح لە گەڵ ژنێکی سامیرەی لەسەر ئەم بیرە باشە دانیشت، لە سەردەمی عیسادا بیرەکە لە شارێکدا بوو کە پێی دەگوترا سیچار، لە بنی چیای گیریزم، ئەو چیایەی کە ژنە سامیرەییەکە باسی دەکرد، ئەو چیایەی کە سامیرەییەکان پەرستنشیان لێدەکرد. سامیرەییەکان پەرستگایەکیان لەسەر لوتکەی چیای گیریزیم دروست کردبوو، چونکە ڕێگەیان پێنەدرابوو لە پەرستگای ئۆرشەلیم پەرستش بکەن.

بیرەکەی یاقوب، تا ئەمڕۆش ماوە، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ تێپەڕیوە بەسەر دانیشتنی عیسا لەگەڵ ژنە سامیرەییەکە لەسەر بیرەکە، ناوی ئەو شارەی کە لێی هەڵکەوتووە گۆڕاوە؛ ئێستا ناوی نابلوسە. تا ئێستا ئەو بیرە لە بنی چیای گریزیم هەڵکەوتووە. تا ئەمڕۆش سامیرەییەکان لە چیای گیریزیم دەژین، ئەگەر سەردانی لوتکەی چیاکە بکەیت دەتوانیت وێرانە و پاشماوەی پەرستگای سامیرەییەکان ببینیت.

بیری یاقوب یەکێکە لە شوێنە دڵخوازەکانم، کاتێك لە خاکی پیرۆزداین(ئیسرائیل) حەزدەکەم تیمەکەم بەرم بۆ سەر بیری یەعقوب، کاتێك لەسەر بیرەکەین داوا لە ژنەکان دەکەم کە بازنەیەك بەدەوری بیرەکەدا دروست بکەن، تەواوی چیرۆکی یۆحەنا ٤ بە دەنگی بەرز بخوێننەوە، ئایەت بە ئایەت.

من حەزدەکەم ئەو ساتە تایبەتە بە ژنان ببەخشم، چیرۆکی ئەو ژنە بخوێنمەوە کە چیرۆکەکەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا لەم شوێنەدا ڕوویدا.

دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکەی یۆحەنا ٤، ژنەکان بە نۆرە ئاو بە جەنجەڕەکە هەڵدکێشنەسەرەوە لەڕێگەی دۆلکەیەکەوە . بیرەکە هێشتا ئاوێکی فێنك و ڕونی تێدایە.

ئەم چیرۆکانە هێشتا ئێمە دەجوڵێنێت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و دەرونمان دەکات، قسەمان لەگەڵ دەکات کاتێك لە ڕێگەی ئێمەوە بەشداری پێدەکرێت لەگەڵ خەڵکانی تردا، کتێبی پیرۆز تەنها باشترین چیرۆك نییە کە تا ئێستا گێڕدرابێتەوە، هەروەها ڕاستترین چیرۆکە. بەڕاستی ئەم چیرۆکانە ڕوویانداوە.

بەڕاستی عیسا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی شتەکان ڕاست بکاتەوە. ئینجیل نیشانمان دەدات کە خودا چۆن جیهانی دروستکردووە، چۆن دڵی ئێمەی دروست کردووە، ژیانی ڕاستەقینە چۆنە؟

عیسا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی شتەکان ڕاست بکاتەوە. ئینجیل نیشانمان دەدات کە خودا چۆن جیهانی دروستکردووە، چۆن دڵی ئێمەی دروست کردووە، ژیانی ڕاستەقینە چۆنە؟



بیری یەعقوب لە ئەمرۆدا.

**چیای گیریزیم**

لە ناوچەی نابلوس،بە دووەم بەزترین شاخ دادەنرێت لە دوای چیای ئیبالەوە. چیای گریزیم وەك پیرۆزترین و گرنترین شوێن بۆ سامیرەییەکان دادەنرێت.

لە نزیکەی ساڵی ١٢٨ پ.ز، جولەکەکان پەرستگای سامیرەییان وێران کرد و هەوڵیاندا بەزۆر هەموو ئەو گروپانە کە لە خاکەکەدا دەژیان بە سامیرەییەکانیشەوە بگۆڕن بۆسەر بیروباوەڕی جولەکە. ئەم هێرشە ئاگری شەر و ناکۆکی نێون سامیرەییەکان و جولەکەی زیندوو کردەوە لە سەدەی یەکەمی بەر لە زاینەوە بۆ سەدەی یەکەم. چیای گێریزم سێبەرەکەی شاری سیچار کە لە پەیمانی کۆندا هاتووە دادەپۆشێت بەتایبەتی بیری یاقوب. بەهۆی نزیکییەوە عیسا گفتوگۆی لەگەڵ ژنە سامیرەییەکە هەبوو لەسەر بیرەکە، یۆحەنا(٤: ٢٦).



چیای گێریزم

.

سەیرکردن

**هیلێل دژی شامەی**

مەتای ١٩: ١-٩ بخوێنەرەوە

- تەماشای ئەوە بکە کە خوێندتەوە لە کتێبی پیرۆز لە دیدگای ڕۆژئاواییەوە هەوڵبدا شەریعە ت و یاسا یان ئەو بنەمانەی کە لەسەری دانراون دیاریبکەیت، ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

- تەماشی ئەمە بکە کە خوێندتەوە لە کتێبی پیرۆز لە دیدگای ڕۆژهەڵاتەوە وەك بەشێك لە چیرۆك یان گێڕانەوەی کتێبی پیرۆز دەستنیشانی بکەن. ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

نەوەیەك پێش عیسا، دوو ماڵ یان قوتابخانەی سەرەکی شەریعەت لە ئۆرشەلیم هەبوو. هەردوو قوتابخانەکە زۆر کاریگەرییان هەبوو لە سەر ئاینی جولەك و بیرکردنەوەی سەرۆك و سەرکردەکانی ئەو کاتە. قوتابخانەی یەکەم دوای ڕابی هیلێل کەوتن و قوتابخانەکەی دیکەیان دوای ڕابی شامەی.

کوڕەزای هیلێل ناوی گەمالائیل بوو. لەوانەیە ئەم ناوە ئاشنا بێت بۆت لەبەرئەوەی ئەو ڕابی پۆڵس بوو، پۆلس لەژێر دەستیدا خوێندوویەتی (کرداری نێردراوان ٢٢: ٣). هیلێل کەسێکە بە "ڕۆحی شەریعەت" ناسرا بوو. لە بەرامبەردا شامەی بە جۆرێك بوو (شەریعەت وەك خۆی دەقاودەق). زۆرجار هیلێل و شامەی هەمان کتێبی پیرۆزیان دەخوێندەوە و لێکدانەوە و شێوازی جیاوازیان بەکاردەهێنا بۆ جێبەجێکردنی.

بۆ ڕاڤەکردنی شەریعەت هیلێل زۆربەی کات لە لێکدانەوەکانیدا فراوانتر بوون، بوارێکی فراوانیان دەدا بۆ لێکدانەوی شەریعەت لەو شوێنانەی کە ناڕوون بوون، بەلام شامەی زۆربەی کات لە لێکدانەوەکانیدا زۆر تەسکتر بوو، واتە ئەو بە شێوەیەکی توندتر و پارێزگاریخوازی تەماشای شەرێعەتی دەکرد، لەو کاتانەی کە شەریعەتەکە تا ڕادەیەك ناڕوون بوو.

لە سەردەمی هیلێل و شامەی گفتوگۆیەکی توندی بەربلاو هەبوو لەسەر لێکدانەوە بۆ دواوتارۆ ٢٤: ١. یەکێك بوو لە بابەتە گەرمەکانی نەوە کانی ئەو سەردەمە

ئەگەر پیاوێك ژنێکی هێنا و پەسەند نەبوو لەبەرچاوی، چونکە بێ ئابڕووییەکی تێدا بینی و تەلاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی، لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد،" دوا وتار ٢٤: ١.

مشتومڕی ئەو ڕۆژە لەسەر ئەوە بوو کە وشەی (پەسەند نەبوو) لەم دەقەی دوا وتاری کتێبی پیرۆز لە تەوراتدا مانای چییە. مانای (پەسەند نەبوو) ئایا واتە هەرچییەك بوو، ئەوە زەمینە بوو بۆ ئەوەی پیاوێك ژنەکەی جیاببێتەوە و ژنەکەی لە ماڵەکەی خۆی بەڕێبکات.

بەگوێرەی ڕابی هیلێل،(پەسەند نەبوو) لەوانەیە زۆر شت بێت. بە بۆچوونی هیلێل، پیاوێك دەتوانێت لە ژنەکەی جیاببێتەوە بۆ شتێکی سادە وەك سوتاندنی نان، لەگەڵ زۆر شتی تردا.

رابی شامەی لێکدانەوەیکی زۆر جیاوزی فێرکرد دەربارەی وشەی (پەسەند نەبوو) بۆ شامەی، تاکە شتێکی ،(پەسەند نەبوو) کە بووە هۆی ئەوەی پیاوێك لە ژنەکەی جیاببێتەوە داوێنپیسی(زیناکردن) بوو.

لە جیهانی عیسادا، پیاوان تەنها دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە ژنەکانیان جیاببنەوە. ژنێك ناتوانێت دەست بە پرۆسەی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بکات، ئەم کردارە کولتوورییە نایەکسانی ڕەگەزی دروستکرد لە هاوسەرگیریدا و ژنانی بە لاوازی هێشتەوە بۆ خراپ مامەڵەکردن لە گەڵیان وایکرد وازهێنان لێیان ئاسان بێت.

"مافی جیابوونەوە تەنها هی مێرد بوو."

ج. جێرمیا

"بەم شێوەیە ڕوانگەی هیلێلیەکان مافی تاکلایەنەی جیابوونەوەی بە تەواوی وابەستەی حەزی مێرد دەکرد."

ج. جێرمیا

عیسا نەوەیەك لە دوای سەردەمی هیلێل و شامەی لە دایك بووە، هەندێك فەریسی هاتنە لای بۆ ئەوەی تاقیی بکەنەوە و گوتیان: «ئایا دروستە مێرد لەبەر هەر هۆیەك بێت ژنەکەی تەڵاق بدات؟ مەتا ١٩: ٣. ئەوان لە ڕاستیدا لێیان پرسی ئایا لایەنگری هیلێل یان شامەی دەکات؟ لە پرسی جیابوونەوەدا. ئایا پیاو دەتوانێت لە ژنەکەی جیاببێتەوە و وازی لێبهێنێت بە تانها بە جێی بیهێڵێت و تەنها لەبەرئەوەی نانەکەی سووتاندووە؟

ئەمە تەنها پرسیارێك نییە دەربارەی جیابوونەوە - پرسیارێکی تایبەت بە ڕەگەز بوو. بە چ هۆکارێك (هۆکار گەلێك) پیاو دەتوانێت لە ژنەکەی جیاببێتەوە؟. عیسا لایەنگری شامەی کرد لەسەر ئەم بابەتی جیابوونەوەیە و بە بەخشندەیی ژنانی لە جیهانی سەدەی یەکەمدا بەرزکردەوە.

عیسا بە لایەنگری شامەی، ژنانی پاراست لەوەی کە بە ئاسانی لێیّ جیا ببنەوە و بە ئارەزووی مێردەکەی پشتگوێ بخرێت و بە جێبهێڵرێت.

عیسا دادپەروەری و ڕاست ودروستی بۆ ژنان هێنا لە پەیوەندی هاوسەرگیرییەکەدا، پارێزگاری لێکرد، بونیادی نان و ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە کە پیاو دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات لەبەر هەر هۆکارێك بێت.هەروەك دەبینین عیسا داکۆکی لەو ژنانە دەکات کە لەلایەن کۆمەڵگاوە پشتگوێ خراون. ئەو بە میهرەبانی و نیعمەت و خۆشەویستییەوە ژیانی ئەوانی گۆڕی.

ژیان

**بە بەخشندەیی سەری بەرزکردنەوە**

پێی گوت: "بڕۆ بانگی مێردەکەت بکە و وەرەوە."

یۆحەنا ٤:١٦

عیسا لەسەر بیری یاقوب لە بنکەی چیای گریزیم چاوی بەو ژنە سامیرەیيە کەوت. ڕۆژێکی ئاسایی بوو، کە لە ژیان و چیرۆکەکەی ئەو ژنەدا دەبێتە شتێکی نائاسایی.

"لە سەرەتای گفتوگۆکەدا [عیسا] خۆی پێ نە ناساند، بەڵام سەرەتا چاوی بە پیاوێکی تینوو کەوت، دواتر جولەکەیەك، دوای ئەوە مامۆستایەك، پاشان پێغەمبەرێك، لە کۆتای هەموو ئەمانە مەسیح ی ناسی، هەوڵیدا لە پیاوە تینووەکە باشتر بێت، حەزی لە جوولەکە نەبوو، مامۆستاکەی بێزارکرد، لە کۆتایدا قاچەکانی شۆرد و خۆشی ویست" ئەفرێمی سوری، باوکی ڕۆژهەڵات

لەم کاتەدا عیسا گەشت بەسەرچاوەی شەرمەزارییەکەی، نەك گوناهەکەی، چووە ناو چیرۆکەکەیەوە، ڕۆحی بینی و پێدەچێت ناوی سەختترین و شەرمەزارترین شتیشی هێنابێت کە تا ئێستا بەسەریدا تێپەڕیبێت.

عیسا بە هاوسۆزی و میهرابانییەوە هاتە ناو جیهانی ئەو ژنەوە . عیسا هەوڵدەدات بە هاوسۆزی و میهرابانییەوە بێتە ناو جیهانەوە . ڕۆژە ئاساییەکان دەبنە شتێکی نائاسایی کاتێك ڕێگە بە عیسا دەدەیت بێتە ژیانتەوە تا بە بەخشندەیی سەرت بەرزبکاتەوە.

ئەگەر عیسا ئەم هەفتەیە لەسەر مێزی چێشتخانەکەت لەگەڵت دابنیشێت و بگات بەسەرچاوەی شەرمەزارییەکت - قووڵترین خاڵی شەرمەزاریت لە ژیانتدا - چی دەبێت؟

ئەم هەفتەیە هەندێك كات لەگەڵ ئەو بەسەر ببە و بیر بكەرەوە و نوێژ بكە دەربارەی ئەو بەشەی چیرۆكەكەت. رێگە بدە با مەسیح بگات بە سەرچاوەی شەرمەزارییەكەت و دووبارەو سەرلەونێ سەرت بەرزبكاتەوە، ئازادانە ئەم پەڕەیەی خوارەو بەكار بهێنە بۆ نوسینی نوێژەكەت و ستایشەكانت.

تێبینییەكان

.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
...................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.....................................

.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
...................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................
.........................................................................................................

..................................................................................................................
..................................................................................................................
..................................................................................................................
..................................................................................................................
...................................

# خولی چوارەم: مەسیح و ژنی لای دیوارەکە



پێشەکی

هەفتەی ڕابردوو لە ڕێگەی چیرۆکێکی کتێبی پیرۆزەوە بینیمان کە عیسا دادپەروەری و ڕاستی دروستی هێنا بۆ ژنێکی سامیرەی لەسەر بیرێکی کۆن کە لەلایەن باپیرانمانەوە هەڵکندرابوو، عیسا گەشت بە سەرچاوەی شەرمەزارییەکەی(ئابڕوچون)ەکەی و بە خێرای سەری بەرزکردەوە و شەرەفمەندی و کەرامەتی بۆ گەڕاندەوە، ئەو لە ژنێکی تەنیا و شەرمەزارەوە کە پێنج جار تەلاق درابووە، بوو بە نێردراوێك کە دەربارەی مەسیح بە کۆمەڵگاکەی گوت. هەفتەی ڕابردوو خۆشەویستی مەسیحمان بینی بەمیهرەبانییەوە.

ئەم هەفتەیە، کاتێك چیرۆکی دووەمی عیسا و ژنێك لە کتێبی پیرۆزدا دەخۆینینەوە، دەبینین خۆشەویستی عیسا زۆر مەزنە، چیرۆکی هەفتەی ڕابردوو لەسەر بیرێك ڕوویدا. چیرۆکی ئەم هەفتەیە لە ژەمێکی خواردندا لە ماڵی فەریسییەکان ڕوویدا، فەریسییەك بە ناوی شیمۆن.

ئێمە فێر دەبین دەربارەی گرنگی کۆبوونەوەی هاورێیانە لەسەر مێزێك لە جیهانی عیسا هەروەها چۆن میوانداری یەکێك بووە لە بەرزترین فەزیلەتەکان یان نیشانەکانی شەرەف لە کولتوورەکەیاندا. بە واتایەکی تر، شتە گرنگەکان لە کاتی ژەمەکانی خواردن لە ژیان و خزمەتکردنی عیسادا ڕوویانداوە هەروەك چۆن، من دەڵێم، ئەمڕۆ لە زۆر حاڵەتدا ڕوودەدات.

بەدوای دادپەروەری و ڕاستودروستی ئەم چیرۆکەدا بگەڕێ- ئەو شێوازەی کە عیسا بە بەخشندەیی ژنەکەی بەرزکردەوە. ئەمە هانمان دەدات وەك کچەکانی خوداوەند؛ ئەگەر عیسا ئەمەی بۆ ئەو ژنە کردبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ ئێمەشی دەکات.

لە کاتێکدا دێینە سەر ئەم مێزی خوانی کتێبی پیرۆزە با ئەم پرسیارە بکەینەوە:

لە جەژنی هەفتەی ڕابردووەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

هەفتەی ڕابردوو وەك ڕووبارێك بەرەو لای كێ ڕۆشتیت؟ئایە توانیت ئەوەی لە خوانی جەژنەكەدا فێربوویت باسی بكەیت؟

ئەو گفتوگۆیە چۆن ڕۆیشت؟ ئایە كات ڕێگەی پێدان پشتڕاستی ئەو شتانە بكەنەوە كە فێر بوویت؟

ئێمە خۆمان ئامادەدەكەین كورسییەكانمان ڕێك دەخەین بۆ چوارەم خوانی چەژنی كتێبی پیرۆز، لەبیرت بێت، زیاتر لە خوێندنەوەی وشەی خودا، هەوڵی خواردنی دەدەین. بۆ زۆرینەمان باشترین ژەمی خواردن ئەو ژەمەیە كە خۆمان لێمان نەناوە، كتێبی پیرۆز ژەمێكە كە لە لایەن باوكی هەرەبەرز و پیرۆزمانەوە بۆمان ئامادەكراوە، مێزەكەی بۆ ڕێكخستوین وشەكانی ئامادەكردووە و ئێمە لەسەر مێزەكە دەبینێت پەیوەندیمان لەگەڵ دەبەستێت كاتێك كە بە وشەی خودا تێرمان دەكات، ئێمەش خۆمان ئامادە كردووە بۆ وەرگرتنی.

با دابنیشین و هەناسەیەكی قوڵ هەڵمژین و چێژ لە خوانی جەژنەكەمان ببینین.

تەماشاکردن

**خوانی جەژنەکە**

ئەو تێبینی و بۆشاییانەی خوارەوە بەکاربهێنە لەکاتی فێرکردنی خوانی جەژنەکەماندا، ئازادبە لە نوسینی هەرتێبینییەك کە بە شیاوی دەبینیت لە کاتی تەماشاکردنی فێر کردنەکە.

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
|---|---|
| ئەرك | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |
| باوەڕ ⟵ تێگەیشتن | تێگەیشتن ⟵ باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە<br>(پوختە – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو ووردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

پاراشا (Parashah) ئەو بەشەی تەوراتە، کە هەفتانە دەخوێندرێتەوە لە مەراسیمەکانی جولەکەکاندا ؛ لە ڕۆژانی شەممەدا.

عیسا لە هەر شوێنێك بین ئێمە دەبینێت، بەڵام هەرگیز لەوێ بەجێمان ناهێڵێت.

هەفتەی ڕابردوو، عیسا لە سەر بیری یاقوب چاوی بەو ژنە سامیرەییە کەوت. ئەم هەفتەیە، دەبینین، کە لە کاتی نانخواردندا ژنێك دەبینێت کە لە لای دیوارەکە دانیشتووە، لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمدایە، ژنە سامیرەییەکە، کە بیرەکەی بەجێهێشت هەرگیز وەك خۆی نەبوو. عیسا ئەم ژنەی لەلای دیوارەکە بینی بە بەخشندەییەوە بەرزی کردەوە وپێی وت بە ئاشتییەوە بڕۆ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چی لە ئێستا و چی لە کۆندا ، سێ پێوانەی سەرەکی کولتوری هەیە:

- شەرەفمەندی /شەرمەزاری

- میوانداریکردن

- ژیانی بە کۆمەڵ( ئەولەویەتدان بە ئێمە نەك من)

## تەماشاکردن

ڕەتکردنەوەی میوانداری کەسێك لە جیهانی کتێبی پیرۆزدا زۆر شەرمەزارکەر بوو.

کۆبوونەوەی هاوڕێیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر گرنگە، یەکێکە لە بەرزترین شێوەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

لە جیهانی عیسادا، نۆرمە بنەڕەتییەکانی میوانداریکردن، کە دەبوو لەلایەن خانەخوێیەکەوە (خاوەن ماڵەوە) پێشکەش بکرێت بریتی بوون لە:

- ماچکردن و بەخێرهاتنی میوانەکان لە کاتی هاتنیان

- شۆردنی پێی میوان بە ئاو

- ئامادەکردنی زەیتی زەیتون بۆ دەستی میوان (لە بری سابون)

- مەسحکردنی سەری میوانە بەڕێزەکان بە زەیتی تایبەت

- دەرکراوان و گوناهباران و هەژارەکان دوور لە مێزەکە، لە پشت میوانەکانەوە، دادەنیشتن بەرامبەر دیوارەکە، دوای ئەوەی کە میوانەکان خواردنەکەیان خوارد، خۆردنیان پێدەدرا.

قژی ژن لە جیهانی کتێبی پیرۆزدا زۆر گرنگە، تا ئەمڕۆش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی خۆی هەیە. قژی ژن شکۆمەندییەکەیەتی.

خەڵکی جولەکە کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە و هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدەن لە ژیانیاندا، ئەوان تەنها ڕۆشنبیری لێوە وەرناگرن. ئەوان دەیانەوێت ژیانی ڕۆژانەیان بە پێی کتێبی پیرۆزبێت.

گۆزەی فرمێسکڕێژ (بیر لە ڕێڕەوی فرمێسکڕێژ لە چاوتدا بکەرەوە) بریتییە لە پەرداخێکی فرمێسکڕێژ یان گوڵدانی فرمێسکڕێژ.

گرنگی پشت بەکارهێنانی گۆزەی فرمێسکڕێژ لە نەریتی جولەکەکاندا ڕەگ و ڕیشەی لە زەبوردا هەیە زەبوری ٥٦: ٨

زەبورەکان هەزار ساڵ پێش سەردەمی عیسا نووسراون. هەزاران ساڵە ژنانی جولەکە گۆزەی فرمێسکڕێژیان هەیە؛ تەنانەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆزەفرمێسك ڕێژەکەیان

گواستۆتەوە. ئەم ژنانە فرمێسکەکانیان کۆدەکەنەوە بە ڕەچاوکردنی زەبور ٥٦: ٨. گۆزەی فرمێسك نوێنەرایەتی کۆی گشتی خەم و و پەژارەی ژن دەکات.

بەسەرهات-بەسەرهاتەکان

بەسەرهات: مەبەست لێیَ چیرۆکێکە کە بەشیوەی پەند ئامێز دەگێڕدرێتەوە، زۆرجار چەند شتێکی جیاواز بەراورد دەکات. مەبەست لە بەسەرهات ئەوەیە کە تۆ بەرەو بڕیاردان ببات.

تەماشاکردن

---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
----------------------------------------

---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------

---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
-------

تەماشاکردن

-----------------------------------------------------------------------------------------------
-------

-----------------------------------------------------------------------------------------------

-----------------------------------------------------------------------------------------------

-----------------------------------------------------------------------------------------------

-------------------------------------------------------------------

گفتوگۆکردن

با دەست بکەین بە یەشیڤا

هەموو هەفتەیەك ئێمە هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا-کردن، بۆ ئەوەی شێوازی بە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەمکە ڕۆحییەکان و گەشەبکەین پێکەوە لە نیعمەتدا وەك کۆمەڵەیەکی ئینجیلی. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گروپەکەت تاوتوێ بکە.

-چیتان بیستووە یان چیتان بینیوە لە خوانی جەژنەکەمان کە دەتەوێت لەبیرتان بێت؟

-ئەوتاکە شتە چییە کە لە خوانی جەژنەکەماندا فێربووین، دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکەین؟

-چۆن عیسا لەم هەفتەیەدا میشپات (دادپەروەری) و تزێداکا (ڕاست و دروستی)ی هێناوەتە ژیانتەوە؟

-کێ دەناسیت کە میوانداربیەکی گەرموگۆڕی هەبێت؟ بەڕای تۆ چی وای لێدەکات ئەوەندە باش بێت لەو میواندارێکردنەدا؟

-هەندێك لە نۆرمەكانی میوانداریكردن لەلای تۆ چین كاتێك خەڵك بانگهێشت دەكەیت بۆ ئەوەی سەردانیماڵەكەت بكەن بۆ ئەوەی میوانداریيان بكەیت؟

-دوایین جار كەی بوو بەڕاستی ڕێگەت بە خۆت دا كە دڵت بۆ عیسا بكەیتەوە و ئەوەی لە دڵتدایە بیڵێیت؟ تەنانەت بۆ ئەوە، ئایا شتێك هەیە كە ڕێگریت لێدەكات بەردەوام دڵت بۆ ئەو بكەیتەوە ؟ چۆن دەتوانی بەرەنگاری ئەو بەربەستە یان ڕێگرییە ببیتەوە؟

قوڵبوونەوە

**نانی ڕۆژانە**

ئێمە ڕۆژانە ددانمان دەشۆین چونكە بۆ ددانەكانمان باشە بە تەندروستی دەیهێڵێتەوە. هەروەها ئەمە بەشێكە لە پراكتیزەكردنی پاك و خاوێنی جەستە. خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز ڕۆژانە یەكێكە لەو ڕێگایانەی كە پاك و خاوێنی ڕۆحی پراكتیزە دەكات. ئێمە ڕۆژانە هەندێك شت پراكتیزە دەكەین چونكە لە ڕووی ڕۆحییەوە بۆ ئێمە باشن- لە ڕووی ڕۆحییەوە بە دروستی دمانهێڵێتەوە.

من كە گەورەبووم ئەوكاتەنەی كە كتێبی پیرۆزم تیادا دەخوێندەوە ناوم دە نا( كاتی بێدەنگی) ئەو كاتانەم تەرخان كردووە بۆ ئەوەی بە مەبەست لەگەڵ پەروەردگار بم لە ڕێگەی وشەكانییەوە.

خەڵكی جولەكە زمانێكی جیاواز بەكاردەهێنن بۆ خوێندنەوەی هەفتانەی پەرتووكی پیرۆز. ئەوان پێی دەڵێن پاراشا كە بە واتای بەش دێت، هەفتانە بەشێكی دیاریكراو لە تەورات، یان پێنج كتێبی یەكەمی كتێبی پیرۆزی پەیمانی كۆن دەخوێننەوە.

كاتێك بیر لە بەشێك دەكەمەوە زۆرجار بیر لە خواردن دەكەمەوە بیر لە كۆنترۆڵی بەشەكان دەكەمەوە هەفتەی ڕابردوو، زانیاریمان لەسەر وشەی عیبری(hagah) وەرگرت كە بۆ خواردنی شتێك بەكار دەهات وەك چۆن شێرێك كە نێچیرەكەی بخوات. لێرەدا دیسانەوە بە

وشەی پاراشا، وێنەی خواردنی کتێبی پیرۆز دەبینین. ئێمە ئەمە وەردەگرین،  کە لە هەنگوین شیرینترە.

دەبێتە بەشێك لە ئێمە، "بەشێك لەپێکهاتەی ئێمە"، کاتێك ئێمە بەرەو پێشەوە دەرۆین  لە جەژنەکەمان، بە وشەی خوداوەند.

 لە جیهانی ڕۆژئاوای ئێمەدا زۆرجار کە بیر لە خوێندنی کتێبی پیرۆز دەکەینەوە، بیرلەوەدەکەینەوە کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بیخوێنینەوە.

بەڵام لە  ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەی  (سیم لیڤ) بەکاردێت، واتە کتێبی پیرۆز لەسەر دڵت دابنێیت، دووبارە و چەندبارە، بە شێوەیەك کە هیچ ڕێگەیەکی نەبێت  نەچێتە ناو دڵتەوە- کتێبی پیرۆز ئەوەندە بەکاربهێنیت کە ببێتە بەبەشێك لە کەسایەتیەت  ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەوێت کە دەڵێت: "وشەی خودا لە کوێتدایە؟" دەبێت "لە ناخم دا." بێت.

شێوازی تێڕوانینمان بۆ وشەی خودا بەڕاستی گرنگە چونکە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ناسینی و چۆنێتی گەشەکردنمان دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر وەك ئەو گەشە بکەین، ئێمە هەوڵدەدەین ڕیتمە ڕۆحییەکان لە ژیانماندا دروست بکەین، زیاتر لەوەی کە  هەوڵبدەین خۆمان بە دیسیپلینەکانی ڕۆحی ببەستینەوە، لە ڕێگامان  بۆ پەرتووکی پیرۆز و هەر پرسیارێکی گەورە کە پێویستە لە ژیانماندا وەڵامی بدەینەوە خودا کتێبی پیرۆز بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی تۆ زیاتر لە مەسیح بچیت ، ئەگەر دووبارە و چەندبارە کتێبی پیرۆز لەسەر دڵت دابنێیت تا وشەکانی خودا لەناو دڵتا بژی، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە تۆ. گەشەکردنی شادی و هیوا لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە ناخمانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە دڵێکەوە دێت کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە لەگەڵ خودا لەڕێگەی وشەکانییەوە. کات لەگەڵ وشەکانی خوداوەندا کەسێتی ئێمە لە ئێشتاداو لە ئایندەدا دروست دەکات.

چەند ساتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن سەیری کتێبی پیرۆز دەکەیت و ئایا خودا داوات لێدەکات  بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك بکەیت؟

چۆن سەیری کتێبی پیرۆز دەکەیت؟ئایا  شتێکە بۆ فێربوون؟ یان شتێکە بۆ خواردن؟

چۆن تەماشای ئەو کاتانەت دەکەیت کە لە بەردەم وشەی خودادایت؟ ئایە وەك ئەوە وایە کە خۆت دیسپلین کردێت بە قورسی بۆی ، یان وەك خوانی چەژنێکە بۆت، یان وەك هیچ لەو دوانە نییە و شتێکی ترە؟

دەتەوێت کێ بیت؟ ئایا ئەو ئارەزووە لە شێوازی بەسەربردنی کاتەکانت لەبەردەم وشەی خودادا ڕەنگ دەداتەوە؟ ڕوونکردنەوە لەم بارەوە بنوسە

پاراشا(parashah) کۆکەی پاراشوت(parashot)

تەورات جێگەی سەرەکی هەیە لەناو هەموو نوسراوە پیرۆزەکان بۆ جولەکەکان، لەبەرئەوە دوای دەربەدەربونیان بڕیاریان دا پابەندبن بە خوێندنەوەی هەر پێنج کتێبەکەی تەورات بە دەنگی بەرز بۆ ماوەی ساڵێك.

ئەوان تەوراتیان دابەشکرد بەسەر پەنجاو چوار پاراشوت(بەش)دا، بەشێکیان لە هەرکتێبێکیان دیاری دەکرد بۆ ئەوەی کە بخوێندرێتەوە چەند جارێك لە هەموو ساڵێك.

بەم شێوەیە هەموو هەفتەیەك بەشێکی نوێی کتێبی پیرۆز بە درێژایی هەفتە دەخوێندرا و لە کەنیسە بۆ ڕۆژی شەممە بە دەنگی بەرز دەخوێندرایەوە.

بەڵگەی مێژوویی بۆ ئەم پراکتیزەیە لە نوسراوەکانی دەریای مردوو و پەیمانی نوێدا دەبینینەوە. لە لوقا ٤ دا عیسا بەدواداچوون بۆ خوێندنەوەی تەورات کرد بە بڕگەیەك لە ئیشایا.

لە کردار ١٥:٢١ ئەنجومەنی ئورشەلیم باسی لەوە کرد کە چۆن تەورات لە کەنیشتەکاندا هەموو هەفتەیەك دەخوێندرایەوە.

سەیرکردن



دیواری رۆژئاوا

**ڕۆشتن بەرەو ڕێگاکان**

خۆت ئاگاداری سەرگەردانی منی،
فرمێسکەکانم بخەرە مەشکەی خۆتەوە،
ئایا ئەوان لە پەڕتووکی تۆدا نەنووسراون؟

زەبوور ٥٦: ٨

زەبورەکان دیارییەکە بۆ ئێمە. هەموو کتێبی پیرۆز پەیامی خودایە بۆ ئێمە، بەڵام لە زەبورەکاندا، خودا زمانمان پێدەدات بۆ وەسفکردنی هەموو کاتەکانی ژیان- خۆشی و ئازارەکان مان.

لە زەبورەکندا خوداوەند ڕێگەمان پێدەدات، کە هەست و سۆزەکانمان تەنانەت چی لە دڵمانە بۆ ئەوی باس بکەین، لە زەبورەکاندا ڕێنماییمان دەکرێت کە ئەو وشانەی خودا پێی بەخشیوین چۆن بیبەخشینەوە بە ئەوانی تر . زەبوورەکان زمانی مرۆڤایەتین لە هەموو بارودۆخێکدا و لە هەموو حاڵەتێکدا- لە کاتی ماتەمینی، خەم، خەفەت، تووڕەیی، ترس، پەشیمانی، نیگەرانی و هتد.

زەبوورەکان دیارین چونکە یەزدان لە زەبورەکاندا ئەو زمانەی کە پێویستمانە دەمانداتێ بۆ نوێژکردن بۆ دەربرینی هەستەکانمان وەك مرۆڤ لە کاتی پێویستیدا، خوداوەند دەیەوێت ئەوەی لە دڵماندا، لەگەڵ ئەو باسی بکەین، گرنگیش نییە کە ئێمە چۆن بیردەکەینەوە یان چۆن هەست دەکەین، ئەو دەتوانێت مامەڵەمان لەگەڵ بکات کاتێك کە ئێمە راستیەکان و تەواوی حەقیقەتەکانی پێدەڵێن.

"تا چەند دەتوانین بڕۆین؟ تا چەند ڕێگەپێدراوە؟ زەبورەکان ئەوە نیشان دەدان کە دەتوانین تا دورترین ڕێگە برۆین، لەبەرئەوەی هەموو شتێك ڕێگەپێدراوە: ستایش، بەڵێ، بەڵام خەم، ناسۆر، تورەیی ..." والتەر بروگمان

جولەکەکان کاتێك کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە ئەوان تەنها نایانەوێت کە ئایەتاکانی بزانن بەڵکو دەیانەوێت لە ژیانیاندا ڕەنگبداتەوە، ئەوان دەیانەوێت بەپێی ڕێنمای و شەریعەتی خوداوەند بڕۆن، کاتێك شتێك لە کتێبی پیرۆزدا دەخوێننەوە، تەنها بیری لێ ناکەنەوە و ئەوان جێبەجێی دەکەن. هەوڵ دەدەن لە شێوازی ژیانی خۆیاندا بەرجەستەی بکەن، هەندێکجار ئەوان دەقاودەق تەنیا لە دڵیاندا باوەڕیان پێی نییە؛ لە کردەوەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

زەبور ٥٦:٨ باس لەوە دەکات کە فرمێسکەکان لەناو شووشەیەکدا کۆدەکرێنەوە و خودا تۆماری ئەو فرمێسکانە دەکات کە لەم ژیانەدا ڕشتومانە. لە سەردەمی زەبورەکاندا، نزیکەی هەزار ساڵ پێش سەردەمی عیسا، هەندێك لە ژنە جولەکەکان ئەم بڕگەیەیان بە دڵ وەرگرت و لە لای خۆیانەوە گۆزەی فرمێسکڕێژیان هەڵگرت- بۆ ئەوەی لە کاتی پەرستنەکانیاندا بەکاریبهێنن. دەماری فرمێسك لە جەستەماندا فرمێسکەکانمان بەرهەم دەهێنێت.



گۆزەی فرمێشکڕێژ

ئەو ژنە جولەکانەی فرمێسکەکانیان لەناو گۆزەی فرمێسکڕێژەکانیان کۆدەکردەوە، وەك ڕێگەیەکی بەرچاوی خزمەتکردن دەیانبینی بۆ کۆکردنەوەی خەم و ناسۆر و ئازارەکانیان بە شێوەیەکی ڕەمزی.

پاشان گۆزەی فرمێسکڕێژەکەیان لەبەردەم پەروەردگاردا دەڕێژن لەکاتی پەرستشدا بە باوەڕومتمانەوە، ڕشتنی گۆزەیەکی فرمێسکڕێژ وەك ڕشتنی هەموو شتەکانی ناو دڵت بوو هەموو خەم و وناسۆر و ئاهەکانت، مومارەسەکردنی ئەمە ئاماژەیە بە ژیانکردن وەك ئەوەی لە زەبوری ٥٦: ٨ دا هاتووە.

لە زەبور ٥٦ خودا بەها بە فرمێسکەکانمان دەدات. پێمان دەڵێت هەموو ئازارێك و هەموو ئاهێکمان دەبینێت. پێمان دەڵێت ئاگای لە دڵمان و لێمان وەردەگرێت؛ لەگەڵ ئێمەدایە.

دواجار و بۆ هەتا هەتایە شادی دەهێنێت. بەو شێوەیەی کە گۆزەی فرمێسکڕێژ بەها بە فرمێسك دەدات. فرمێسکەکان لای خودا بەنرخن. ئەو دەیان خوێنێتەوە، شایەنی ئەوەشن کە لەلای خۆی هەڵیان بگرێت، ئەوان شایەنی هەڵگرتنن لەبەرئەوەی ئەو دەتوانێت چارەسەری هەموو فرمێسکەکانمان بکات، دەتوانێت هەموو خەم و ئاهو خەفەتەکان و ئازارەکانمان چارەسەربکات، دەتوانێت هەڵیانبگرێت.

داوات لێدەکات بۆ ئەوەی هەمووی بهێنیتە لای ئەو، پیرۆزی و ڕزگاربوونی ئەو وەربگریت. خودا دەیەوێت بە بەخشندەیی بەرزت بکاتەوە و شکاویەکانت چاك بکاتەوە کە بەهۆی ئەم دونیای ئازار و گوناهەوە بەسەرت هاتووە .

ئەو گۆزەی فرمێسکرێژەی کە وێنەکەی لە لاپەڕەی پێشتردایە لەلایەن یەکێك لە پرۆفیسۆرەکانمەوە لە ئیسرائیل پێم دراوە. پارچە شوێنەوارێکی ڕاستەقینەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم یان دووەمی زاییینی، لە ئیسرائیل دۆزرایەوە.

ئەم گۆزە فرمێسکڕێژە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هی ژنێکی جولەکە بووە لە کۆندا، ڕەنگە تەنانەت لەسەردەمی خزمەتەکەی مەسیحدا بووبێت.

لەوانەیە هەر لەم گۆزەدا فرمێسکەکانی کۆکردبێتەوە. زۆرجار سەیری گۆزەی فرمێسکڕێژەکە دەکەم و لەوە ڕادەمێنم کە چیرۆکەکەی چۆن بووە- ئەو ئەزموونی چی کردووە خۆشی و ناخۆشیکانی . من لەوە سەرم دەسوڕمێ کە دەبێت لە کوێ گۆزەکەی هەڵگرتبێت و چەند جار گۆزەکەی دەرهێنابێت بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی لەبەردەم پەروەردگاردا کۆبکاتەوە.

لەوانەیە ئەو ژنەی لە لوقا ٧دا دوو گۆزەی هێنا بۆ نانخواردنی ئێوارە بۆلای عیسا کە ئەو کاتەی لە ماڵی شیمۆنی فەریسی بوو ئەو دووگۆزەی بۆ دوو هۆکاری زۆر جیاواز هێنابێت، پێم وایە گۆزەیەکیان ئەلاباستری تێدا بوو، کە بۆنی گرانبەهای تێدابوو بۆ ئەوەی عیسا مەسح بکات گۆزەکەی تر فرمێسکی تیادابووە بۆ ئەوەی خەمەکانی بۆ بڕێژێت. لەم کردەوە پەرستنەدا، وا دیارە ئەو عیسا دەناسێتەوە کە ئەوە خوداوەندە، لەبەرئەوە فرمێسکەکانی لەبەردەمی دەرێژێت- ئەو فرمێسکانەی زەبور ٥٦ دەڵێت خودا دەیبینێت و تۆماریان دەکات.

عیسا توانی مامەڵە لەگەڵ هەردووکیدا بکات، تێکەڵەیەك لە زەیتی مەسحکردن و قووڵترین ئازاری ژنێك کە لە فرمێسکەکانیدا ڕژابوون. دەتوانین هەموو دڵمان بۆ عیسا بکەینەوە ئەوەی تێیدایە لەبەردەمیدا هەڵی ڕێژین، دەتوانین هەمووی لەبەردەم ئەودا بەجێبهێڵین.

دەتوانین هەمووی بدەین بە ئەوە . ئەو دەتوانێت بیبات، و دەیەوێت لەئێمەی وەربگرێت و هەڵیبگرێت. کاتێك دڵمان بۆ عیسا دەکەینەوەی ئەوەی لەدڵماندایە پێی دەڵێین، ئەو بە بەخشندەیی دەست دەکات بە بەرزکردنەوەمان لە نیعمەت و ڕاستیدا. وەك ئەو ژنەی لە لوقا ٧دا هاتووە، دەتوانێت بەرزمان بکاتەوە و بە ئاشتی بەرێمان بکات.

ڕات چییە لەسەر هەوڵدان بۆ ممارەسەکردن و بەرجەستەکردنی کتێبی پیرۆز لە گوێڕایەڵیکردنیدا؟

ئایە چۆن گۆزەی فرمێسکڕێژ کە جولەکەکان وەك جۆرێك لە پەرستش بەکاریان هێناوە، قسە دەکات دەربارەی هەر گومانێك کە تۆ هەتە بۆ ئەوەی خەم و ئاهو ئازارەکانت باس بکەی لای خوداوەند؟

هالاخ(مەزهەب یان ئاینزا)

(HALAKH)

لە سەدەی یەکەمدا، مامۆستایانی جولەکە لە بواری فێرکردنا حەزیان لە بەکارهێنانی چەمك و زاراوە گەورەکان و فێرکردنی فەلسەفیانە نەبوو کە تەنها لە پێناو مشتومڕدابوو، لەبەرئەوە فەلسەفە و زانست پەیوەست بوو بە یۆنانییەکانەوە نەك جولەکەکان، بە پێی یۆنانییەکان پەوەردە گرنگ بوو لەبەرئەوەی (مرۆڤ پێوانەی هەموو شتەکان بوو).

بەلام بە لای جولەکەکانەوە خوداوەند، خوادای هەموانە و هەمووشتێك لە ئەوەوە دێت، فێرکارییەکانی مامۆستاکان بۆ ئەوە بوون کە پێشانت بدەن کە چۆن بە پێێ مەزهەبێك بڕۆیت، مامۆستاکان فێریان دەکردیت کە چۆن بەرەو ڕێگەی خودای زیندوو هەنگاو بنێیت.

شتەکان دەربارەی ئەوە نەبوو کە چی فێربوویت،شتەکان  دەربارەی چۆنەیەتی ژیانت بوو، دەربارەی ئەوە نەبوو کە دەیزانیت، دەربارەی ئەوە بوو کە ڕێگەی گەیشتن بە خوداوەند دەگریت.

فێرکردن

ئومێدت هەبێت بە خودا

لوقا ٧: ٣٦-٥٠ بخوێنەرەوە

-لەدیدگای  ڕۆژئاواوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکە، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی من؟" ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

-لە دیدگای  ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکە، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی خودا؟" ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

ئێستا، ئەو دوو تێبینییانەی سەرەوەت بەراورد بکە. لەچیدا  لەیەك دەچن؟

لە چیدا جیاوازن؟

-چی فێربوویت دەربارەی ئەو شێوازەی کە  بە ئاسای  سەیری کتێبی پیرۆز دەکەیت؟

-چی فێربوویت دەربارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟

ئەم ڕاهێنانە ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی هەندێك لە جیاوازییەکان ببینین دەربارەی بەشێکی کتێبی پیرۆز لە ڕوانگە(دیدگای)ی جیاوزەوە بە پشتبەستن بە شێوازی خوێندنەوەکەی و ئەوەی کە بەدوای چیدا دەگەڕێین کاتێك کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە.

خوێندنەوەی بەشێکی کتێبی پیرۆز و پرسیار کردن لەوەی "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی من؟" زۆرجار لە مێشکدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەیری خوارەوە بکەین و بەرەو ناوەوەی خۆمان بگەڕێینەوە، سەرنجمان لەسەر خۆمان بێت. لە لایەکی ترەوە کاتێك بەشێکی تر لە کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە پرسیار دەکەین "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی خودا؟" لە مێشکدا سەرمان بەرز دەکەینەوە سەیری دەرەوە دەکەین، تەماشای خودا دەکەین و چاوێك بە ژیانماندا دەخشێنینەوە.

کاتێك سەرنجمان لەسەر ئەوەیە کە بەشێك لە کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات دەربارەی خودا، زیاتر کاتەکان و گرنگیدانمان بۆ خودا تەرخان دەکەین خەمەکانمان نامێنێت کاتێك دەزانین کە ئێمە گۆڕدراوین، ئومێدکردن بە خودا بە شێوەیەك دەمانگۆڕێت کە بە تەرکیزکردنە سەر خۆمان هەرگیز ناتوانێت بەو شیوەیە بگۆڕدرێین.

ئەم دەستەواژەیەت لە زەبوور لە بیربێت کە ئێمە لە خولی دووەمدا باسمانکردن.

چاوم بەرەو چیاکان هەڵدەبڕم،
یارمەتی من لەکوێوە دێت؟

یارمەتی من لەلای یەزدانەوەیە،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

زەبوور ١٢١: ١-٢

وەك كچانی خودای زیندوو، با چاومان لەسەر ئەو بێت بۆ یارمەتی و هێز و خۆشی،

ئەو هانمان دەدات ئەی کچەکانم . ئەو بۆ ئێمەیە.

ژیان

کات لەگەڵ عیسا

لە شارەکە ئافرەتێکی گوناهبار هەبوو، زانی عیسا لە ماڵی فەریسییەکە دانیشتووە، بوتڵێکی ئەلاباستەریی بۆنی هێنا، لە دواوە بە گریانەوە لەلای پێی ڕاوەستا، پێیەکانی بە فرمێسك تەڕ کرد و بە قژی بۆی سڕییەوە، پێیەکانی ماچکرد و بە بۆنەکە چەوری کردن. لۆقا٧: ٣٧-٣٨.

عیسا ئەم ژنەی لە شوێنێکدا ناسی  کە پێگەیەکی نزمی هەبوو ڕێزی لێنەگیرا بوو ، کە بەرەوڕووی دیوارەکە دانیشتبوو، ڕێگەی پێنەدرابوو  لەسەر مێزی نان خواردنەکە دابنیشێت، عیسا ئەوەی قبوڵکرد کە ئەو مەسحی بکات و هەروەها ئەو فرمێسکانەشی بڕێژێت بەسەر پێیەکانیدا،  کاتێك دەستی کرد بە سڕینی پێیەکانی بە قژی، عیسا خۆی لێدورنەخستەوە، کە لە ڕووی کلتورییەوە ڕێگەپێنەدراوبوو کە ئەم ژنە ئەمە بکات، عیسا چارەسەری ئەمەی کرد و بە میهرەبانییەوە دادپەروەری بۆ ئەم ژنە هێناو بە ئاشتییەوە بەرێی کرد.

عیسا دەتوانێت چارەسەری ئەوە بکات ئەگەر هەمووتان ئەوەی هەتانە لەدڵتان هەڵی ڕێژن بۆی

لەم هەفتەیەدا کاتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بیت لەگەڵ عیسادا.

ئەولەویات بدە بەو کاتەی کە بەتەنیا بۆ مەسیحت داناوە، بەشیوەیەك کە لەگەڵ کە سایەتی و بارودۆخی ژیانتدا بگونجێت.

-لەگەڵیدا پیاسەیەك بکە.

-کوپێك قاوە دروست بکە، دابنیشە لەسەر  کورسییە دڵخوازەکەت و لەگەڵیدا قسە بکە.

-لەگەڵ یەزدان برۆ بۆ جەولەیەك و ئەوەی لە دلتدایە بۆی هەڵڕێژە

- ئەوەی کە  پێیت نەگوتووە پێیّ بڵێ  ئەوەی کە لێت شاردۆتەوە پێیّ بڵێ

- ئەم لاپەڕەیەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ نوسینی ئەوەی لە دڵتدایە بۆ پەروەردگار.

- ساتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی، ئەوەی لە دڵتدایە بۆی هەڵبڕێژیت و پێی بڵێیت،  ئەو بەبەخشندەییەوە سەرت بەرزدەکاتەوە. بە دڵخۆشییەوە پێشوازیتان لێ دەکات.

تێبینییەکان

----------------------------------------------------------------------------------------

----------------------------------------------------------------------------------------

----------------------------------------------------------------------------------------

------------------------------------------------------------

# خولی پێنجەم: مەسیح و ژنە کۆڵنەدەرەکە



**پێشەکی**

هەفتەی ڕابردوو، سەیری چیرۆکی دووەممان کرد کە عیسا بەبەخشندەییەوە دادپەروەری بۆ ژنێك هێنا، ژنێك لە شوێنێك، پێگەیەکی نزم دانیشتبوو ڕووی لە دیوارەکە بوو، لە ماڵی شیمۆنی فەریسیی لە کاتی نان خواردندابوو . پێی عیسای بە بۆنێکی گرانبەها مەسح کرد و ڕەنگە تەنانەت فرمێسکەکانی گۆزە فرمێسکڕێژەکەشی ڕژاندبێتە سەر عیسا. بە گریانەوە هەستەکانی خۆی - خەم و ناخۆشییەکان - و پەرستنەکەی بەسەر عیسادا ڕشت، عیساش ئەمەی لێوەرگرت و هەڵیگرت.

عیسا چارەسەری ئەو بارودۆخەی کرد، لە ڕاستیدا ژوورەکەی ڕێکخستەوە. شیمۆن وەك خاوەن ماڵێکی بەخشندە دەستی بە پێشکەشکردنی بە ژەمە خواردنەکە کرد، وەك کەسێکی شەرەفمەند. ژنەکە بە شەرمەوە دەستی بە خواردنی ژەمەکە کرد، لەبەرئەوەی ئەو کەسێکی دەرکراو و گوناهبار بوو ڕوو لە دیوارەکە دانرابوو. چیرۆکەکە بەو شێوەیە کۆتایی هات کە شیمۆن لەشەرمەزاریدا بوو، چونکە نەیتوانی میوانداری عیسا بکات بەپێی نۆرمەکانی کلتووری ئەو سەردەمە.

ژەمە خواردنەکە بەو شێوەیە کۆتایی هات کە ژنەکەیان هێنایە نزیکی عیسا و لەبەردەم هەموو میوانەکانی ئێوارەخوانەکەدا ڕێزی لێگیرا و ژنەکە بە ئاشتی بەرێکرا. عیسا شیوازی دانیشتی ژوورەکەی پێچەوانە کردەوە. ئەوەی خۆی بە خۆبەزلزان و بەرزدانا نزم کرایەوە ؛ نزم و بێ فیزەکانیش بە بەخشندەییەوە سەریان بەزکرایەوە.

لە میانەی ئەم خوێندنەماندا پێکەوە، ئەوەمان بینی کە عیسا لە خۆشەویستی خۆیدا بۆ ژنە سامیرەییەکە میهرەبان بووە و لە خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو ژنەی لە ماڵی شیمۆندا بوو زۆر توند بووە.

ئەم هەفتەیە، دەبینین خۆشەویستی عیسا بۆ ژنێك بێ وێنەیە. ئێمە فێری گرنگی بەسەرهاتەکان دەبین لە فێرکردنەکانی عیسادا لە کاتی خزمەتکردنەکەیدا. شێوازی فێرکردنی عیسا لە جیهان و لەسەردەمی خۆیدا زۆر نائاسایی بوو. ئەو شتێکی کرد کە هیچ مامۆستا و فەریسییەکی دیکە لە سەدەی یەکەمدا نەیکردبوو. عیسا بەو شێوەیە بەسەرهات و و چیرۆکە کانی خۆی دادەڕشت، کە بە بەخشندەیی سەری ژنانی لە هەموو شوێنێك بەرز دەکردەوە.

به دوای دادپەروەری و راست و دروستی و بەرزکردنەوەی سەرمان  بگەرین لەم چیرۆکانەدا ، هانمان دەدات کە ئێمە وەك کچەکانی خودابین، ئەگەر عیسا ئەمانەی بۆ ژنێك کردبێت بە دڵنیاییەوە بۆ ئێمەشی دەکات؟

لە کاتێکدا دێینە سەر ئەم مێزە ئینجیلییە، با پرسێکی تر لەخۆمان بکەین

لە دوای خوانی جەژنی هەفتەی ڕابردووەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

وەك ڕووبارێك بەرەو کێ ڕۆشتیت هەفتەی ڕابردوو، ئایە ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لە خوانی جەژنەکەدا فێربوویت، بۆت باس کرد؟

گفتوگۆیەکەتان چۆن بوو ؟ ئەو کاتەی کە بەیەکەوە بوون چی شتێك وەك بەربەستێك بوولە تەئکید کردنەوە لە باسکردنی ئەوەی کە فێربوویت؟

لە کاتێکدا خۆمان ئامادەدەکەین  بۆ خولی پێنجەم خوانی جەژنی  ئینجیلیی ، ئەوەمان بیردێتەوە کە ئێمە تەنها لێرە نین بۆ خوێندنەوەی وشەکانی خودا  بە شیوەیەکی سادە، زیاترلێرەین بۆ خواردنی وشەکانی خودا چونکە خواردنی وشەکانی دڵ و ژیانمان دەگۆڕیت.

ئێمه  به متمانه و باوەڕەوه بەرەو سەر مێزی کتێبی پیرۆز دەرۆین- باوەڕ به پەروەردگار، باوکمان، که خۆراك دەدات به منداڵەکانی، و باوەڕمان  به مژدەکەی ئەو هەیه  ئەو دڵنیای داوه به ئێمه که خۆراکی تەواومان دەداتێ، ساتێك بۆ  ئارامکردنەوەی دڵت تەرخان بکەو ئاماده به بۆ وەرگرتنی وشەکانی خودا

دانیشه. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژه. چێژ له خوانی جەژنەکه وەربگره!

تەماشاکردن

**خوانەکە**

ئەم تێبینیانەی خوارەوە و ئەو بۆ شاییانەی کە بۆ نوسین جێهێلدراوە بەکار بهێنە لە کاتی خوانی جەژنی فێرکردنەکەماندا.

ئازادبە لە نوسین و زیادکردنی هەر تێبینییەك کە بە شیاوی دەبینیت لە میانی تەماشاکردنەکەدا.

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
| --- | --- |
| ئەرك | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |
| باوەڕ ← تێگەیشتن | تێگەیشتن ← باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە (پوختە – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو وردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

"ئێمە ئازارەکانمان(ناخۆشییەکانمان) لەسەر مەڕمەڕ دەنووسین، میهرەبانییەکانمان لەسەر خۆڵ." چارڵز سپێرجیۆن

لە سەردەمی عیسادا، مامۆستا و فەریسییەکان زۆرجار بەسەرهاتیان وەك شێوازێکی سەرەکی لە فێرکردنەکانیان بەکاردەهێنا.

ئەوان ئایینەکانی خۆیان لە ڕووی فێرکردنی ئەکادیمییەوە باس نەدەکرد- ئەوەی کە لەوانەیە ئێمە وەك ئایینزانییەکی سیستەماتیکی بیری لێ بکەینەوە- بەڵکو ئەوان لە ڕێگەی چیرۆکەکانەوە فێرکردنەکانیان ئەنجام دەدا، نزیکەی یەك لەسەر سێی وشەکانی عیسا لە ئینجیلەکاندا بە شێوەیەکی بەسەرهاتن.

parabolē—parable بەواتای بەسەرهات دێت لە یۆنانیدا

parallēlos—parallel بەواتای خەتی هاوتەریب دێت

بەسەرهات: بەسەرهات چیرۆکێکە دەگێڕدرێتەوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بۆئەوەی لە شتکان بگەین . زۆرجار لە بەسەرهاتدا شتە جیاوازەکان بەراورد دەکرێت، مەبەست لە بەسەرهات ئەوەیە کە تۆ بەرەو بڕیاردان ببات.

بەسەرهاتەکان لە سەردەمی عیسادا زۆر باو بوون. بەڵام مامۆستا و فەریسییەکان بە دەگمەن ژنیان وەك بابەتی بەسەرهاتەکان یان چیرۆکەکانیان بەکاردەهێنا. ژنان زۆر لەوە بەنزمتر دادەنران بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە پەیامە ئاینییەکان بگەیەنرێت. تەقریبەن هەموو بەسەرهات و چیرۆکەکانی ئەوسەردەمە کە دەگێڕدرانەوە کاراکتەرەکانی پیاوبوون.

عیسا لەڕادەبەدەر ناوازە بوو، چونکە زۆرجار ژنانی لە چیرۆك و بەسەرهات و خزمەتەکەیدا جێگیر دەکرد. لە ئینجیلی لوقادا بیست و حەوت دوانە لە فێرکارییە ڕۆحییەکانی و کردەوەکانی عیسا دەبینین. (بڕوانە خشتەی لاپەڕە١٢٣-١٢٥ ) .

شتێکی نائاسایی نەبوو کە عیسا دوو چیرۆك یان بەسەرهاتی باس دەکرد: یەکێکیان پیاوێکی تێدابوو، ئەوی دیکەیان ژنێکی تێدابوو. لەگەڵ عیسادا ژنان دووبارە و چەندبارە پێگەی خۆیان لە چیرۆکەکانیدا دەدۆزییەوە.

عیسا دادپەروەرییەکی بەخشندەی بۆ ژنان هێنا لە هەموو شوێنێك بە هەموو شێوازێك کە هەر لەسەر ئەو بنەمایەش فێرکردن و چیرۆك و بەسەرهاتەکانی دادەڕشت.

کاتێك عیسا ویستی لە فێرکردنەکەی بەسەرهاتێك باس بکات دەربارەی نوێژکردن بە بەردەوامی، دەیتوانی چەندین کارەکتەری مێژوویی و گرنگ لە کتێبی پیرۆزەوە بەکاربهێنێت، بۆ نموونە:

-ئیبراهیم لەبەردەم خودا نوێژدەکات بۆ سەدۆم و عەمۆرا( پەیدابوون ١٨ )

- یاقوب لەگەڵ فریشتەی یەزدان لە ڕووباری یابۆك زۆرانبازی دەکات (پەیدابوون ٣٢).

- موسا نوێژ دەکات بۆ ئیسرائیلییەکان واز لە بتپەرستی بیەنن، لەبەر توڕەیی خودا لە ئیسرائیلییەکان (دەرچوون ٣٢).

- نوێژکردنی هانا بۆ منداڵ بوون، لە ساڵانی نەزۆکییدا (یەکەم ساموئێل١).

عیسا بێوەژنێکی وەك کارەکتەری سەرەکی بەسەرهاتەکەی بەکارهێنا لە (لووقا ١٨: ١-٨). کاتێك کە چیرۆکەکە دەستی پێکرد ئەم بێوەژنە پێگەکەی لە خوارەوە بوو، بێدەسەڵات لە بەرامبەر دادوەرێکی ناڕەوا وەستابوو، بەڵام ئەم چیرۆکەی سەرەوە بەوە کۆتای پێهات کە کە دادوەرە نارەواکە ناچار بوو کە ژنەکە ببنێت ئەمەش دەرئەنجامی پێداگیری ژنەکە بوو کە کۆڵی نەدا .

نوسینەوەی ئەوشتانەی کە خودا بۆی کردوین ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ تۆمارکردن یادکردنەوەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەرستدا ئەمە وەك ئەرکێکی ڕۆحی دەبینرێت کاتێك تەرخان دەکرێت بۆ نوسین و بیرهێنانەوە و ئاهەنگێڕان ئەو چاکانەی کە خودا لە ژیانی ئێمەدا کردویەتی بۆ مان.

له خوانه ئینجیلییکه‌ماندا دوو حه‌فته به‌ر له ئێستا، بینیمان عیسا له‌سه‌ر بیری یاقوب چاوی به ژنه سامیره‌ییه‌كه كه‌وت. له خوانی هه‌فته‌ی ڕابردوودا، ژنێك كه له شه‌رمه‌زاریدا بوو، ڕێزی لێگرت و سه‌ری به‌رزكرده‌وه و به ئاشتییه‌و ناردییه‌وه، له خوانی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا، عیسا بێوه‌ژنێكی به‌كارهێنا، بۆ ئه‌وه‌ی كه فێری قوتابییه‌كانی بكات "هه‌میشه نوێژ بكه‌ن و واز نه‌هێنن" (لووقا ١٨: ١).

## ته‌ماشاكردن

## تێبینییەکان

---------------------------------------------------------------------------------------------
----------------------------------------------------------------

---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------------------------------------------------------------------------------------
--------------------------------

گفتوگۆکردن

**با دەست بکەین بە یەشیڤا**

هەموو هەفتەیەك ئێمە هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا-كردن، بۆ ئەوەی شێوازی بە كۆمەڵێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرین بۆ گفتوگۆكردن لەسەر چەمكە ڕۆحییەكان و گەشەبكەین پێكەوە لە نیعمەتدا وەك كۆمەڵەیەكی ئینجیلی. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گروپەكەت تاوتوێ بكە.

ئەوشتە چییە كە بیستووەتە یان بینیوتە لە خوانەكامان كە پێكەوە بووین و دەتەوێت لەبیرتان بێت؟

ئەگەر تاكە شتێك دیاریبكەیت كە لە خوانەكەماندا فێربوویت و دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ كەسانی تردا باسی بكەیت ئەو تاكە شتە چییە ؟

چۆن عیسا لەم هەفتەیەدا میشپات (دادپەروەری) و تزێداکا (ڕاست و دروستی)ی هێناوەتە ژیانتەوە؟ باسی ئەو بارودۆخە بکە بۆ گروپەکەت.

بیرهێنانەوەی زیکرە ڕۆحییەکان و مومارەسەکردنی لە جیهانی کتێبی پیرۆزدا و لە رۆژهەڵاتنی ناوەرستدا باوە. هەندێك لە زیکرەکان کامانەن لە لای تۆ بۆ ئەوەی ئەو شتانە لەبیر نەکەیت کە پەروەردگار بۆتۆی کردووە؟ ئەگەر هیچ زیکرێکت نییە، دەتەوێت دەست بکەیت بە چی زیکرێکی نوێ؟.

بۆماوەی چەندێك نوێژ بۆ شتێك دەکەیت پێش ئەوەی واز لە نوێژکردن بیەنیت و بوەستیت لە نوێژکردن بۆی ؟ ڕوونکردنەوە بنوسە

چی هەستێکت هەیە کاتێك کە درکت بەوە کرد کە عیسا ژنی لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانیدا جێگیر کردووە؟

ئەگەر عیسا لە ئێستادا سەری دەربارەی تۆ بسوڕمێت، ئایا بۆ بەهیزی باوەڕەکەت دەبێت یان کەمی باوەڕەکەت؟ ئەو بارودۆخە چییە کە وەك بەربەستێك وایە لە ئێستادا لەبەردەم ئیمانەکەت؟ ئەو بارودۆخە چییە لە ئێستادا هاندەری ئیمانەکەتە؟

لەوانەیە بتانەوێت دابەشبن بۆ گروپە بچووکەکانتان بۆ ئەوەی پرسیاری کۆتای بکەین چونکە کەمێك پرسیارێکی شەخسییە.

ئەو شتە چییە کە وەك حەسرەتێك وایە  لە ژیانتدا جێبەجێ نەکراون بۆت؟ ئەو شتانەی کە تامەزرۆیت بۆیان هەیە  ئەنجامی بدەیت کە نەگەیشتویت پێی چییە؟ ئایە قورسە بەردەوام بیت لە  نوێژکردن بۆ ئەو شتانە؟ ئایا وازت لێ هێناون؟ ئایە ئەو شتانە مردون لە ژیانتدا و تەواو بوون؟ئایە بێئومێد بوویت بۆ ئەو شتە؟  چۆن دەبێت بۆ تۆ کە دەست بکەیتەوە بە نوێژ کردن بۆ زیندوو کردنەوەی  ئەوشتانە؟ بۆ ئەوەی نوێژ بەشێوەی کۆڵنەدان بکەیت؟

بەدواداچوون

فێرکارییەکانی عیسا

عیسا جەختی لەوە کردەوە  کە  لە فێرکردنەکانی  ژنانیش لەخۆ بگرێت. ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەوشێوازە لە فێرکردن   نیشان دەدات کە عیسا خستیەتەڕوو کە هەم ژن و هەم پیاو لە فێرکارییە ڕۆحییەکانی لە خزمەتەکەیدا هەیە ، مومارەسەکردنی ئەمە شتێکی نەبیستراو و نەبینراو بوو لە سەردەمی عیسادا.

دوانەی  لە ئینجیلی لوقا

| پیاو | ژن |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| دەرکەوتنی جبرائیل بۆ زەکەریا( لوقا١: ٨-٢٣) | دەرکەوتنی جبرائیل بۆ مریەم(لوقا١: ٢٦-٣٨) |
| گۆرانی زەکەریا( لوقا١: ٦٧-٧٩) | گۆرانی مریەم (لوقا١: ٤٦-٥٥) |
| شیمۆن لە پەرستگاکەدا چاوی بە عیسای کورپەلە دەکەوێت( لوقا٢: ٢٥-٣٥). | ئانا لە پەرستگاکەدا عیسای کۆرپەلەی بینی( لوقا٢: ٣٦-٣٨) |
| نەعمان و چارەسەرکردنی نەخۆشی گولی لە ئیسرائیل(لوقا ٤: ٢٧) | بێوەژنەکەی سەرەفمەندی و بێوەژنە ئیسرائیلییەکان( لوقا ٤: ٢٥-٢٦) |
| چارەسەرکردنی پیاوێك لە کەفەرناحوم کە ڕۆحی پیس(شەیتان) چووبوە گیانییەوە ( لوقا٤: ٣١-٣٧) | چاکبوونەوەی خەسوی شیمۆن لە کەفەرناحوم( لوقا٤: ٣٨-٣٩) |
| بەسەرهاتی شەرابی نوێ لە ناو مەشکەی کۆن( لوقا٥: ٣٧-٣٩) | بەسەرهاتی پینەکردن لەسەر جلی کۆن (لوقا٥: ٣٦). |
| دیاریکردنی دوانزە نێردراوەکە (لوقا٦: ١٢-١٦) | دیاریکردنی ئەوژنانەی کەلەگەڵ عیسا بوون( لوقا ٨: ١-٣) |
| چاکردنەوەی کۆیلەی سەرپەلێك (لوقا٧: ١-١٠) | بێوەژنەکەی ناین و زیندوکردنەوەی کورەکەی لە مردن (لوقا٧: ١١-١٧) |
| بەسەرهاتی ئەو پیاوانەی کە هەریەکەیان قەرزار بوون (لوقا٧: ٤١-٤٣) | عیسا لە ژنێکی گوناهبار خۆش دەبێت( لوقا٧: ٣٦-٥٠) |

| پیاو | ژن |
|---|---|
| عیسا لەگەڵ دوانزە کەسەکە سەفەری کرد (لوقا٨: ١) | هەندێك لەو ژنانەی کە چاك بوونەتەوە لەگەڵ عیسا گەشتیان کردووە (لوقا ٨: ٢) |
| ترسی قوتابییەکان لە کاتێکدا کەمەسیح لەبەلەمەکەدا خەوتبوو لە میانەی زریانەکەدا(لوقا ٨: ٢٢-٢٥). | ترسەکە چارەسەر کرا- کچەکەی یائیروس چاك بووەوە (لوقا ٨: ٤١-٤٢-٤٩-٥٦). |
| دەرکردنی رۆحی پیس (شەیتان) لە گیانی پیاوێك لە گەراسین( لوقا ٨: ٢٦-٣٩). | چاکبوونەوەی ژنێك کە کێشەی خوێنبەربوون (لوقا٨: ٤٣-٤٨). |
| بەسەرهاتی سامیرەییە باشەکە( لوقا ١٠: ٢٥-٣٧) | نموونەی هەڵبژاردنی مریەم کە لە خوار پێی عیسا دابنیشێت(لوقا ١٠: ٣٨-٤٢). |

| | |
|---|---|
| پەرتبوون(دابەشبوون)ی خێزان، باوك بەرامبەر بەكوڕ( لوقا١٢: ٥٢-٥٣) | دابەشبوونی خێزان: دایك بەرامبەر كچ (لوقا ١٢: ٥٢-٥٣) |
| چاككردنەوەی پیاوێكی نەخۆش (لوقا ١٤: ١-٦). | چاككردنەوەی ژنێكی پەككەوتە(لوقا١٣: ١٠-١٧) |
| بەسەرهاتی پیاوێك كە تۆی خەردەلی چاندووە( لوقا ١٣؛ ١٨-١٩) | بەسەرهاتی ژنێك كە هەویرترشێك تێكەڵ ئارد دەكات بۆ ئەوەی هەڵبێت (لوقا ١٣: ٢٠-٢١) |
| بەسەرهاتی كوڕە ونبووەكە(لوقا ١٥: ١١-٢٣) | بەسەرهاتی ئەو ژنەی كە بەدوای دراوێكی ونبوودا دەگەڕێت (لوقا ١٥: ٨-١٠) |
| بەسەرهاتی بەڕیوەبەرە زیرەكەكە كە سود لە پۆستەكەی وەردەگرێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی(لوقا١٦: ١-١٥). | فێركردن لەسەر جیابوونەوە- پیاوان كە سوود لە ژنان وەردەگرن ( لوقا ١٨: ١٦). |
| دوو پیاو خەوتوون لە ناو یەك جێگادا، یەكێكیان دەبردرێت و ئەیتریان بەجێدەهێڵدرێت( لوقا ١٧: ٣٤). | دوو ژن لە كاتی هاڕینی ژەمە خواردنێكدا یەكێكیان براوە (لوقا ١٧: ٣٥). |
| فەرمانڕەوایەكی دەوڵەمەند نایەوێت عەرشی پاشایەتی وەربگرێت (لوقا ١٨: ١٨- ٣٠) | ژنان كە منداڵان دەهێننە لای عیسا- شانشینی هی ئەوانە (لوقا ١٨: ١٥-١٧) |
| بەسەرهاتی فەرەسی وباجگر- نوێژكردن( لوقان١٨: ٩-١٤). | بەسەرهاتی ئەو بێوەژنەی كە بەردەوامە لەسەر نوێژكردن ( لوقا ١٨: ١-٨) |
| فەریسییە دەوڵەمەندەكان لە گەنجینەی پەرستگادا بەخشین دەكەن (لوقا٢٠: ٤٥-٢١:١) | بێوەژنە هەژارەكە دوو دراوی مس دەدات (لوقا٢١: ٢-٤) |
| ڕۆژانی كۆتای پیاوان لە ترسا دەبورێنەوە(لوقا٢١: ٢٦) | ڕۆژانی كۆتایی- ترسناك بۆ دایكانی شیردەر و دووگیان (لوقا ٢٣:٢١) |
| دوو پیاو پرسیار لە پەترۆس دەكەن (لوقا ٢٢: ٥٨-٥٩). | كچە خزمەتكارێك پرسیار لە پەترۆس دەكات (لوقا٢٢: ٥٦-٥٧) |
| شیمۆنی كۆرێنییان خاچەكەی عیسای هەڵگرتووە(لوقا٢٣: ٢٦). | عیسا لە ڕێگای كالڤاری چاوی بە ژنان كەوت (لوقا٢٣: ٢٧-٢٩) |
| یوسفی ئاریماتیا تەرمی عیسای ناشت( لوقا ٢٣: ٥٠-٥٣) | ژنان دەبینن عیسا لە كوێ نێژراوە (لوقا٢٣: ٥٥-٥٦) |
| بەڵگەی زیندووبوونەوەی مەسیح- دوو پیاو لە ڕێگادا بۆ ئەمواس(لوقا٢٤: ١٣-٣٥). | بەڵگەی زیندووبوونەوە- ژنان لە گۆڕێكی چۆڵدا فریشتەكان دەبینن (لوقا٢٤: ١-٨) |

لەسەدەی یەکەمی زاینیدا، پێش ئەوەی عیسا شتەکان هەڵبوەشێنێتەوە، هەموو فێرکارییە ڕۆحییەکان بۆ پیاوەکان بوون، خەیاڵبکە وەك ژنێك، گوێت لە فێرکارییەکانی قسەی خودا دەبێت لەگەڵ خێزانەکەت، تەماشا دەکەیت بەکارهێنانی ڕۆحی تەنها ئاراستەی رەگەزی نێر کراوە، ئێمە ئەمڕۆ دەستمان بە زۆر فێرکاری ڕۆحی گەیشتووە، ئاسانە بە شتێکی ئاسایی وەریبگرین. بەڵام بۆ ساتێك خۆت بخەرە شوێنی ژنە جولەکەیەکی سەدەی یەکەم.

بە خەیاڵتدا چۆن دەهات، ئەگەر هیچ فێرکارییەکی ڕۆحی ئاراستەت نەکرابا؟ پێت وایە چۆن کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ڕۆحی و هەڵوێستت بەرامبەر بە خودا دەبوو؟

لە شێوازی فێرکردن و لە میانەی پەیامەکەی بۆ سەرزەوەی ، عیسا بە ژنانی سەدەی یەکەمی زاینی وت- ئێوەش بەشێکن لەم چیرۆکە. ئێوەگرنگن،. ئێوە لەلایەن خوداوە دەبینرێن. تۆ لەلای خودا بەنرخیت. تۆ لە چیرۆکەکەیدایت. خودا بانگت دەکات بۆ ئەوەی ببیت بە بەشێك لە شانشینەکەی و عیسا ئەمڕۆش وەك ژن هەمان ئەو شتانەمان پێدەڵێت.

مەبەست لەم بەسەرهاتە ئەوەیە کە ژن بگەیەنێت بە بڕیاردان.

بۆ نموونە لە بەسەرهاتی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکەدا لە لوقا ١٨دا، دەقەکە تەحەدای تێگەیشتنمان دەکات کە بۆچی و چۆن دەبێ نوێژ بکەین. بەسەرهاتەکان بۆ ئەوەن هانمان بدەن کە کاربکەین؛ دیسانەوە، لێرەدا بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین بۆ گوێڕایەڵی کردنی وشەی خودا، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی وشەکانیەوە، ئێمە بە سادەیی وشەکانی خودا ناخوێنینەوە؛ ئێمە بەرەورووی دەرۆین، ئێمە وشەکانی خودا دەکەین بە بەشێك لە خۆمان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنمان زیاتر دەردەکەوێت.

دوودانە لە هێلکارییە دوانەیەکەی پێشوو هەڵبژێرە، لەکاتێکدا کە هەردوو بەشەکە دەخوێنیتەوە تۆماریبکە کە چۆن بیر دەکەیتەوە دەربارەی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە؟ ئەو بڕیارە چییە کە ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە ئاراستەت دەکەن کە بیدەیت؟

بەراورد کاری یەکەم:

چیرۆك و بەسەرهاتەكان چیمان فێردەكەن؟

چیرۆك و بەسەرهاتەكان ئەتبەن بەرە كام بڕیارانە؟

بەراوردكاری دووەم:

چیرۆك و بەسەرهاتەكان چیمان فێردەكەن؟

چیرۆك و بەسەرهاتەكان ئەتبەن بەرە كام بڕیارانە؟

سەیركردن



**یادەوەری Zakhar**
ئێمە وەك باوەڕدارانی پەیمانی نوێ هەندێك دیسیپلین و مومارەسەی ڕۆحی تایبەت بەخۆمان هەیە. ئێمە وەك مەسیحییەکان هەندێك شت دەکەین بۆ ئەوەی بە باوەڕەوە بژین. کاتێك دەستەواژەی دیسپلینی ڕۆحی دەبیستم، زۆر شت دێتە مێشکم وەك خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، نوێژکردن، بەشداریکردن لە کڵێسایەکی ، بەخشین، ژیانکردن وەك نێردراوێك بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر.

بە درێژایی کات، گەلی جوولەکە زیکرو پراکتیزە ڕۆحییەکانی تایبەت بە خۆیان هەبووە- هەندێکیان هاوشێوەی ئەوانەی ئێمەن و هەندێکیان تایبەتن بە باوەڕەکەیان. لە کتێبی پیرۆزدا دەبینین خودا چەندین فەرمان دەردەکات، بەڵام یەکێکیان دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە- "بیرت بێت" و "لەبیرت نەچێت."

خوداوەند دەزانێت ئێمە گەلێکی زوو شتەکان لەبیردەکەین. زۆرجار لەبیرم دەچێت کە کلیلی ئۆتۆمبێلەکەم لە کوێ دادەنێم. هەندێك جار دەچمە ژوورێکەوە لە ماڵەکەم بۆ شتێك بەڵام لەبیرم دەچێت بۆچی چوومەتە ئەو ژوورەوە! ئێمە شتەکانمان لەبیردەچیت، ئەگەر کاتێك باس لە ژیانی ڕۆحیمان دەکرێت. ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە کە تووشی لەبیرچونەوەی ڕۆحی ببین. ئێمە بە ئاسانی ئەو شتانە لەبیر دەکەین کە پەروەردگار بۆی کردووین- وەفاو هەموو ئەوکارە باشانەی کە لەماوەی تەمەنماندا کردوویەتی لەبیری دەکەین.

بەلام ئێمە لە جیاتی ئەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو ترۆماکانمان، ئازارەکانمان، ئەو شتانەی کە کە وێرانینان کردوین بیرمان دەکەوێتەوە، هەوڵ دەدەین هەناسەمان بگرین. ئێمە زۆرجار.

نیعمەتەکانی خودا لەبیر دەکەین، بەتایبەت شتە جوانەکان و ئەو ساتانەی کە پڕن لە نیعمەت کە پەروەردگار شیفا، چاکبوونەوە، ڕزگاربوون، ئاراستەکردن، بە ئێمە بەخشیوە.

وشەی عیبری زەخار بە واتای یادکردنەوە دێت.

ئێمە بەشێوەیەکی گشتی واتێدەگەین، یادکرنەوە بەواتای تەماشاکردنی دواوەوە و بیرکردنەوە لەوەی کە چیمان بەدەستهێناوە لە رابردودا، بەلام لە کلتوری عیبریدا یادکرنەوە بەواتای بەرەو پێشەوە چوون دێت، یادکردنەوە یارمەتیمان دەدات کە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بچین بەرەو ئایندەیەکی نادیار لە کتێبی پیرۆزدا یادکردنەوە بەواتای چوون بەرەو پێشەوە دێت

**لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەم چەمکە ئەوەیە:**

کاتێك گەشتیتە شوێنێك یان کاتێك کە دڵنیانیت بەرەو کوێ بڕۆیت و چیبکەیت لە داهاتوودا، بوەستەو ئاورێك لە دواوە بدەرەوە، لەبیرت بێت پەروەردگار چی بۆ تۆ کردووە هەتا گەشتویتەتە ئێرە ڕینمای کردویت و پێداویستییەکانی بۆ دابین کردویت.

ئەوەت لەبیربێت کە خودا چی لە ژیانماندا کردووە، ئەمەش هانمان دەدات کە متمانەمان پێی هەبێت لەو کاتانەی کە نازانین چۆن بەرەو پیشەوەبڕۆین، بەرەوپێشەوە بڕۆ ئەوەت لەبیربێت ئەو خودایە دلسۆز و بە وەفایەی کە لەڕابردوو لەگەڵت بووە هەمان ئەو خۆدایەیە کە لە ئیستاو ئایندەشدا لەگەڵمان دەبێت.

ئێمە یادی ناکەینەوە لە پێناو ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە، بۆ ئەوەیە بە باوەڕێکی نوێ و هیواوە، بەرەو پێشەوە بچین بەپشت بەستن بەو خودایەی کە لە هەموو ژیانمان شوانیمان دەکات.

دەتوانین یادکردنەوەکان بەشێوەی تاك یان بە کۆمەڵ بە ئەنجام بگەیەنین.

لە جەژن و مناسەباتەکانی جولەکەکاندا، خودا هەندێك کۆبوونەوەی بەکۆمەڵی بۆ یادکردنەوە دیاریکردووە، لەم مناسەباتەنەدا گەلی جولەکە کۆدەبنەوە بۆ یادکردنەوە وگێرانەوەی چیرۆکاکانیان بۆ منداڵەکانیان دەربارەی ئەوەی کە خودا چی بۆ ئەوان کردووە، جولەکەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ئاهەنگبگێڕن بۆ دڵسۆزی خودا لە ژیانیان و لە چیرۆکەکانیاندا.یادکردنەوە هەمیشە ئاهەنگێڕان بەدوای خۆیدا دێنێت، خودا لە سەدا سەد هەرگێز ڕێگە نادات ئەو گەلەی کە یادی دەکاتەوە شکستبهێنێت.

ساتێك بۆ بیرکردنەوە لەناو مێشکت تەرخان بکە، تێبینی چەند ممارەسەیەکی ڕۆحی بکە لەبیرتبێت کە دەتوانیت شت زیاد بکەیت بۆ ژیانت، چی ئەو ممارەسە ڕۆحییانە لەسەر ئاستی تاك یان کۆمەڵ بن. لە خوارەوە ئەو ممارەسە ڕۆحیانە بنوسە:

من به شێوەیەکی شەخسی، ئیعتماد دەکەمە سەر نوسینەوەی ڕۆژانە بۆ زیکرەکان بۆ ئەوەی لەبیرم بێت، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی(بەکۆمەڵ) زیکری من بانگکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی لەدەوری ئاگرێك کۆببنەوە لەبەر روناکی ئاگرەکە ئەو چیرۆکانە باس بکەین کە خودا بۆ ئێمەی کردووە، ئەمەش یارمەتیم دەدات کە ئەو شتە باشانەی خودام لە یادبێت کە بۆ منی کردووە لە کاتە ناخۆشەکاندا.

فێربوون

**هەموو شتێك دەربارەی دیدگا**

لە لوقا ١٥ عیسا بەسەرهاتێك باس دەكات كە لە سێ چیرۆكی جیاواز پێكهاتووە. وەك زنجیرەیەك، سێ مرواری وایە كە بەیەكەوە بەستراونەوە بۆ ئەوەی ڕاستییە جوانەكە بەیەكەوە باس بكەن، كە چۆن پەروەردگار دێت بەدوای ئێمەدا دەگەڕێت كاتێك ون دەبین، چۆن دێت بۆ ئەوەی ئێمە بهێنێتەوە ماڵەوە. بەڕاستی دێت بۆ ئەوەی بەدواتدا بگەڕێت (بچێت بەدوایدا بگەڕێت) و ونبووەكان ڕزگار بكات (بهێنێتەوە ماڵەوە).

بە درێژایی مێژووی چاپكردنی كتێبی پیرۆز، لەگەڵ وەرگێڕانی كتێبی پیرۆز بۆ زمانە جیاوازەكان، ڕێكخستنی كتێبی پیرۆز و زیادكردنی ژمارە بۆ ئایەت و بەشەكان و دانانی ناونیشانی سەرەكی و لاوەكی لەگەڵ ئەو وەسفە لاوەكییانەی كە لە كتێبە پیرۆزەكانتاندا دەیبینن بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەران بدەن لە دۆزینەوەی ئەو شتانەی كە لە كتێبی پیرۆزدا بەدوایدا دەگەڕێن.

زۆر جار ناونیشانە سەرەكی و لاوەكییەكانی كتێبی پیرۆز ڕەنگدانەوەی ڕۆژئاوایە بۆ نمونە "ئەم بەشە چیم فێردەكات دەربارەی خۆم؟" بەلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان بەش زۆرجار ناونیشانی سەرەكی و لاوەكییەكەی جیاوازە وەسفەكانیشی ڕەنگدانەوەی دیدگای ڕۆژهەلاتی ناوەراستە دەپرسن " ئەمە چیم فێردەكات دەربارەی خودا؟"

با لوقا ١٥ وەك نموونەیەك بەكاربهێنین كە چۆن زۆرجار دیدگاكەمان دیاری دەكات كە ئێمە بەدوای چیدا دەگەڕێین یان سەرنجمان لەسەر چییە لە بەشێكی كتێبی پیرۆزدا.

لوقا ١٥ بخوێنەرەوە

لە دیدگای ڕۆژئاواوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکەن، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی من؟" ئەوەی لەم چیرۆکانەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکەن، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی خودا؟" ئەوەی لەم چیرۆکانەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وردەکارییەکانی ئەو جیاوازیانە دەخاتە ڕوو کە لە نێوان چاپی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا هەیە دەربارەی چیرۆکانەی لوقا ١٥ لە کتێبی پیرۆز.

وەسفکردنی لوقا ١٥

| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ڕۆژئاوا |
|---|---|
| بەسەرهاتی شوانی چاك | بەسەرهاتی مەڕی ونبوو |
| بەسەرهاتی ژنە چاکەکە | بەسەرهاتی دراوی ونبوو |
| بەسەرهاتی باوکێك، کە ڕادەکات بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی | بەسەرهاتی کوڕە ونبووەکە |

پێت باشە چیرۆکێك بخوێنیتەوە دەربارەی مەڕێکی ونبوو یان شوانێکی باش؟ پێت باشە چیرۆکێك بخوێنیتەوە دەربارەی دراوێکی ونبوو یان ژنێکی باش؟ پێت باشە چیرۆکێك بخوێنیتەوە دەربارەی کوڕێکی ونبوو یان باوکێکی بە ڕاکردن دەچێت بۆ دۆزینەوەی کوڕە ونبووەکەی؟

دوای خوێندنەوەی ئەو بڕگەیە، کام لە وەسفەکان زیاتر دەنگدانەوەی هەیە لەسەر تۆ؟

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە یارمەتیمان دەدات فێربین لە خودا ڕابمێنین و چاوێك بە ژیانماندا بخشێنینەوە. ئەمە وامان لێدەکات که نیگاکانمان و تەرکیزمان لە سەر دڵمان و خۆمان و ئەو بارۆدۆخەی کە هەیە لابەرین و بیخەینە سەر خودا و کارەکانی ئەو دڵسۆزی و چاکەی و دادپەروەری و بەخشندەی ئەو لە ژیانماندا جێگیر بکەین. سەرنج بدەن عیسا ژنێکی وەك کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆکی دووەمدا بەکارهێناوە لە لوقا ١٥.

بەسەرهاتە بەناوبانگەکەی کوڕە ونبووەکە یان وەك من پێم باشە ناوی لێ بنێم، بەسەرهاتی ئەو باوکەی کە رادەکات بۆ ئەوەی بەدوای دۆزینەوەی کوڕە ونبووەکەیدا بگەڕێت.

ژیان

**چیرۆکەکەم لە گەڵ خودا**

عیسا زۆر حەزی لە بەکارهێنانی ژنان بوو لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانیدا. ئەو ویستویەتی دڵنیابێت لەوەی ژنان بزانن، کە شوێنێکیان لە چیرۆکەکانیدا هەیە، شوێنێکی گرنگیان هەیە لە چیرۆکی کتێبی پیرۆز و ڕەوتی ڕزگارکردن و چاکردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

چیرۆکەکانتان گرنگە. چیرۆکەکەت گرنگە. چیرۆکە بچووکەکان و چیرۆکە گەورەکان. هەموویان گرنگن هەمو بەرزی و نزمییەکان و بارودۆخی ژیانت. هەمووی بۆ عیسا گرنگە بەو پێیەی عیسا لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانیدا ژنانی بەکارهێناوە، پێویستە ئێمە ئەو ژنانە بین کە چیرۆکەکانمان بۆ ئەوانی تر باس بکەین بەمەبەستی بەرەکەتدارکردن، هاندان، بنیاتنان، تەحەداکردن و بەهێزکردنی ئەوانی تر. هەروەها چیرۆکەکانمان شکۆمەندی بە خودا دەبەخشن. ئەوە لەبەرژەوەندی هەموومانە

هەندێك لە گرنگترین چیرۆکەکانی خودا لە ژیانتداچین؟ لە خوارەوە یەکێك یان دووان لەوانە بنووسە.

ئایا پێشتر ئەو چیرۆکانەت نووسیوە یان بۆ کەسانی ترت باس کردووە؟ ئەگەر باست کردووە هۆکەی چی بووە؟ یان بۆ چی باست نەکردووە؟

بەشێوەیەکی شەخسی یان بەکۆمەڵ چۆن یادی خوداوەند دەکەنەوە؟

# خولی شەشەم: مەسیح و ژنی سەر پلیکانەکەی باشور



پێشەکی

تا ئێستا ئەوەمان بینیوە کە خۆشەویستی عیسا میهرەبانانە بووە بەرامبەر ژنە سامیرەییەکە، هەروەها خۆشەویستییەکەی بۆ ژنەکەی ماڵی شیمۆن زۆر توند بوو، هەفتەی ڕابردوو، نمایشێکی بێ وێنەی خۆشەویستی عیسامان بینی بۆ ژنان کاتێك بێوەژنێکی وەك کارەکتەری سەرەکی لە بەسەرهاتەکەیدا سەبارەت بە فێربوونی نوێژکردن بەبەردەوامی و بەبێ وازهێنان بەکارهێنا. عیسا دادپەروەری (میشپات) و ڕاست ودروستی (تزێداکا)ی بۆ ژنان لە هەموو شوێنێك دەهێنا، هەر بەو شێوەیە بەسەرهات و چیرۆکەکانی دروستدەکرد و دایدەڕشتن و لە فێرکردنەکانیدا بەکاری دەهێنا.

ئەم هەفتەیە خۆشەویستییەکی قوڵی عیسا دەبینین بۆ ژنێك، ئەم هەفتەیە چیرۆکێك دەخوێنین کە چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە، چیرۆکی ئینجیلی ئەم هەفتەیە تەرکیز دەخاتە سەر عیسا و ئەو ژنەی کە لە کاتی زینادا گیراوە. ئەمڕۆ دەبینین عیسا چی لەگەڵ ژنێکی گوناهباردا دەکا. دیسانەوە سەیری ئەوە دەکەین کە عیسا سەری ئەوژنە بەرزدەکاتەوە. گوناهەکانی دادەپۆشرین، فێری ئەوە بوو، وەك کچی خوداوەند ژیانی خۆی ڕێك بخات و بە ئاشتی بڕوات.

بەدوای دادپەروەری و ڕاستودروستی ئەم چیرۆکەدا بگەڕێ- بەرزکردنەوەی سەری ئەم ژنە چۆن هانی ئێمە دەدات وەك کچانی خوداوەند . ئەگەر عیسا ئەمەی بۆ ئەو کردبێت، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت بۆ ئێمەشی بیکات.

لە کاتێکدا دێینە سەر ئەم میزی کتێبی پیرۆزە: لە خوانی هەفتەی ڕابردووەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

ئەو گفتوگۆیە چۆن ڕۆیشت؟ ئایە کات ڕێگەی پێدان پشتڕاستی ئەو شتانە بکەنەوە کە فێر بوویت؟

ئێمە خۆمان ئامادەدەکەین کورسییەکانمان ڕێك دەخەین بۆ شەشەم خوانی کتێبی پیرۆز، ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ خواردنی ئەو ژەمە ئینجیلییەی کە باوکمان بۆی ئامادە کردوین. ئەو خۆراکمان دەداتێ. ئێمەش وەری دەگرین، ئێمە ئامادەین کە چاو ببڕینە خوداوەند و چاوێك بە ژیانماندا بخشێنینەوە.

لەبیرت بێت، زیاتر لە خوێندنەوەی وشەی خودا، هەوڵی خواردنی دەدەین. بۆ زۆرینەمان باشترین ژەمی خواردن ئەو ژەمەیە کە خۆمان لێمان نەناوە، کتێبی پیرۆز ژەمێکە کە لە لایەن باوکی هەرەبەرز و پیرۆزمانەوە بۆمان ئامادە کراوە، مێزەکەی بۆ ڕێکخستوین و وشەکانی ئامادە کردووە و ئێمە لەسەر مێزەکە دەبینێت پەیوەندیمان لەگەڵ دەبەستێت کاتێك کە بە وشەی خودا تێرمان دەکات، ئێمەش خۆمان ئامادە کردووە بۆ وەرگرتنی. کاتێك کە چاومان لەسەر کێشەکانمانە، کێشەکانمان لە چاوی ئێمەدا گەورە دەبن، بەڵام کاتێك کە چاومان لەسەر خودایە کێشەکانمان قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن، ئێمە بە تەنیا نابین لە ڕێگەکەماندا، خودaوەند وشەکانی خۆیمان بۆ وردو ئاسان دەکات، ئێمە گەلێکی ڕزگارکراوین، ئێمە گەلێکین خۆراکمان پێدراوە.

دانیشە. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چێژ لە خوانەکە وەربگرە!

تەماشاکردن

**خوانەکە**

ئەم تێبینیانەی خوارەوە و ئەو بۆ شاییانەی کە بۆ نوسین جێهێلدراوە بەکاربهێنە لە کاتی خوانی فێرکردنەکەماندا.

ئازادبە لە نوسین و زیادکردنی هەر تێبینییەك کە بە شیاوی دەبینیت لە میانی تەماشاکردنەکەدا.

| دیدگای ڕۆژهەڵاتی | دیدگای ڕۆژئاوای |
|---|---|
| ئەرك | شێوە(ڕوکەش) |
| بۆچی<br>بۆچی خوداوەند ئەوە دەکات؟ | چۆن<br>چۆن ئەوە ڕوویدا؟ |
| باوەڕ ⟵ تێگەیشتن | تێگەیشتن ⟵ باوەڕ |
| چیرۆك، گێڕانەوە | شەریعەت، ڕێساکان، بنەما |
| چی فێربویت دەربارەی خودا؟ | چی فێر بوویت دەربارەی خۆت؟ |
| خوێندنەوە بۆ تەواوەی دەقەکە (پوختە – کردنی چیرۆکەکە بە یەکەیەکی یەکگرتوو) | قوڵبوونەوە لە بابەتەکە، ڕۆچوونە ناو ووردەکارییەوە (لێکدانەوە، دابەشکردن) |
| ئامادەبە بۆ وەرگرتنی خواردنەکە | لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زانیندا |

سێ هەفتە لەمەوبەر خوانەکەمان دەربارەی چیرۆکی عیسا بوو لەسەر بیری یاقوب چاوی بە ژنە سامیرەییەکە کەوت. دوو هەفتە لەمەوبەر بینمان ژنێك لە ماڵی شیمۆندا بوو، کە لە شەرمەزاریدا بوو، ڕێزی لێگرت و سەری بەرزکردەوە و بە ئاشتییەو بەڕێی کرد، هەفتەی ڕابردوو ئێمە دڵخۆشبووین کاتێك بینیمان، عیسا بەسەرهاتەکەی دەربارەی بێوەژنێك بوو کە بەرامبەر دادوەرێکی نادادپەروەر بەخۆڕاگری وەستایەوە، وازی نەهێنا لە داواکارییەکەی تاوەکو دادوەرەکەی ناچارکرد بە پەسەند کردنی داوەکەی. ئەم جۆرە لە فێرکردن و بەسەرهاتانە زۆر نائاسای بوون، چونکە مامۆستاکان و پیاوانی ئاینی لەو سەردەمەدا ژنانیان وەك بابەت و کارەکتەری بەسەرهات و چیرۆکەکانیان بەکار نەدەهێنا.

ئەم هەفتەیە، باس لەوە دەکەین کە عیسا چی لەگەڵ ژنێکی گوناهباردا کردووە، ژنێك کە لە کردەوەی زینادا گیراوە.

چەندین دەستنووسی سەرەتایی و زۆرێك لە شایەتییە کۆنەکانی دیکە دەقی یۆحەنا ٧: ٥٣ ویوحەنا ٨: ١١) یان تێدا نییە.

لە دواوتار ١٦ دا خودا فەرمان دەکات بە بوونی سێ چەژنی ساڵانە، کە بە (چەژنی سێ پێکەش) ناودەبرێت، جولەکەکان لە سەرانسەری جیهانەوە ساڵانە سێ جار بەپێ گەشتیان دەکرد بۆ بەشداریکردن لەم جەژنانە دەهاتنە ئورشەلیم، جەژنەکان پێیان دەوترێت جەژنی پەسخە (لە بەهاردا)، جەژنی هەفتەکان یان پەنتەکۆست (لە بەهاردا) و جەژنی چادرەکان (لەپایزدا). ئەم جەژنە حەوت ڕۆژە لە ئورشەلیم بۆ یادی دڵسۆزی خودا بوو لە ژیانی گەلەکەیدا.

چیرۆکی ئەم هەفتەیە لە ڕۆژی هەشتەمدا ڕوویدا، ڕۆژێك دوای کۆتایی هاتنی فێستیڤاڵی چادرەکان کە حەوت ڕۆژ بوو. ڕۆژی هەشتەم واتە "شەممە" دیاری کرابوو. وەك لە لێڤییەکان(٢٣: ٣٦) دا هاتووە، دوای حەوت ڕۆژ لە ئاهانگگێڕان بۆ دڵسۆزی خوداوەند، پێویستە لە ڕۆژی هەشتەمدا پشوو بدەن.

میشنا لە ڕۆژی شەممەدا

نووسینێك كە ئاماژەیەكی هەمیشەیی بەجێدەهێڵێت (ڕەنگ لەسەر كاغەزی زەل یان  هتد) بە كاركردن هەژمار دەكرا.

نوسینێك بە پەنجە بە تۆز یان قوڕ یان لم دەنوسرا (كە با هەڵی دەكرد) قبوڵكراو بوو.

عیسا بە مامۆستای جەلیلە ناسرابوو، یان مامۆستای باكوور. زۆربەی خزمەتەكانی لە ناوچەی باكووری جەلیلە بوو. چیرۆكی ئەم هەفتەیە لە باشوور، لە ناوچەی یەهودا، لە ئورشەلیم ڕوویدا، لە پەرستگاكە دوای فێستیڤاڵی پایزە جەژنی چادرەكان- لە وكاتەدا هەموان لەوێ بوون لە پەرستگاكەدا، ئەو جولەكانەی ئەوێ لە سەرانسەری جیهانەوە هاتبوون.

فەریسییەكان ژنێكیان هێنایە ژوورەوە كە لە زینادا گیرابوو، بەڵام ئەی ئەو پیاوە كوا لەكوێ بوو كە زینای لەگەڵ ئەم ژنە كردبوو؟ ئەوان بە ڕاستگۆیی خەمی شكاندنی شەریعەتیان نەبوو، ئەگەرنا ئەو پیاوەیان دەهێنا كە بەشداربوو لە زیناكەدا. ئەوان هەوڵیان دەدا عیسا لە لەبەردەم هەمووواندا  كە خەڵكێكی زۆری لێبوو، بخەنە تەڵەوە. یەكەم جار كە عیسا لەناو خۆڵدا نووسیویەتی (ڕێزگرتن لە ڕێساكانی شەممە دەربارەی  نووسین)، لێكۆڵەرەوەكان پێیان وایە كە ئەو بە ئەگەرێكی زۆرەوە لە وەڵامی پرسیارەكەیان سەبارەت بە شەریعەتی  موسا دەربارەی زیناكردن، لێڤییەكان ٢٠:١٠ی نووسیوە. قسەكانی دواتری عیسا سەبارەت بەوە بوو كە كێ بەردبارانی ئەم ژنە دەكات وەك ئەوەی كە لە شەریعەتی موسادا هاتووە،

عیسا وتی كێ لە نیو ئێوەدا بێگوناهە بایەكەمجار بەرد بارانی ئەم ژنە بكات.

دووەم جار كە عیسا لەناو خۆڵدا نووسیویەتی (ڕێزگرتن لە ڕێساكانی شەممە سەبارەت بە نووسین)، زانایان پێیان وایە لەوانەیە دەستی كردبێت بە نووسینی ناوی ئەو فەریسییانەی كە لە دەوری خۆی  وەستابوون، بە ئاماژەدان بە یەرمییا ١٧: ١٣ ئەم ئایەتە دەربارەی ئەوانەیە كە گەلی جولەكە  بە باشی بەرێوە نابەن، بە واتایەكی تر ئەم پیاوانە بێ گوناه نەبوون. بەڵكو وازیان لە یەزدان هێنابوو؛ گوناهبار بوون.

ئەی یەزدان، هیوای ئیسرائیل!
هەموو ئەوانەی وازت لێ دێنن، شەرمەزار دەبن،
ئەوانەی لە تۆ لادەدەن، لەسەر خۆڵ دەنووسرێن،
چونكە وازیان لە یەزدان هێنا،
لە كانی ئاوی ژیان. (یەرمیا ١٧: ١٣).

کاتێك عیسا دەستی کرد بە نووسینی ناوەکانیان، سەرکردە ئاینییەکان دەستیان کرد بە جێهێشتنی ئەو شوێنە. عیسا تووڕەیی ئەوانی لەسەر  ژنەکە لابردوو خستییە سەر خۆی. فەریسییەکان کە بە تووڕەییەوە دەربارەی ژنەکە دەستیان پێکرد، شوێنەکەیان بەجێهێشت بە تورەییەوە لە مەسیح. لەبەرئەوەی مەسیح ڕاستییەکەی ئەوانی کەشفکرد.

کاتێك هەموویان ڕۆیشتن، تەنها عیسا و ژنەکە لەوێ مانەوە . بەڕای من، ژنەکە زانیبێتی یان نا، لە ڕاستیدا ئەمە ترسناکترین سات بوو بۆ ئەو ژنە. عیسا بێ گوناه بوو. ئەو تاکە کەس بوو کە دەیتوانی بە دادپەروەرانە بەردبارانی ئەوژنە بکات ئەگەر بیویستایە. عیسا بە ژنەکەی گوت کە مەحکومی ناکات. عیسا کەفارەتی گوناهەکەی داو  شەرمەزاریەکەی (داپۆشی) و بە بەخشندەیی سەری بەرزکردەوە، بە واتایەکی ڕەسەن ژیانی لە دەستی سەرکردە ئاینییەکان ڕزگارکرد کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر بۆ ئەوان جێبهێڵدرایە، بەردبارانیان دەکرد تا دەمرد.

شەممە(SABBATH)

زۆرێك لە ئێمە وا لە  بیرۆکەی ڕۆژی  شەممە تێگەشتووە کە  ڕۆژێکە بۆ  پشوودان ، کە بۆ پەرستنی خودا تەرخانکراوە. هەندێك پێیان وایە کە شەممە بەخشینێکی خودایە بۆ ئێمە کە پشوو بدەین، بەڵام زیاترە لە پشوودان بەڵکو ئاهەنگێرانێکە لە پێناو هەستانەوەمان.

لە پەیدابوون ١ و ٢ دا کاتێك کە خودا جیهانی دروستکرد، خودا هەرشتێکی لە شوێنی خۆی دانا، بەسەرهاتی دروستکردنی جیهان بەواتایەکی تر چیرۆکی هەستانەوەیە کە خودا شتەکانی دروست کرد بە ئاشتی هەرشتەی لە شوێنی خۆی دانا، لە ڕێگەی خزمەتەکەی مەسیح لە سەر ئەم زەوییەو پەیامەکەی واتای  هەستانەوەیە جارێکی تر.  ئەو زۆر حەزی لەوە بوو کە  لە ڕۆژی شەممەدا شیفا بهێنێت. بەم کارە، ئەو بە پێچەوانەی شەریعەتی شامەی خوداوە مامەڵە ناکات. لە ڕاستیدا ئەو ئاوێنەی کارەکتەری باوکیەتی، وەك باوکی وایە، شتەکان ڕاست دەکاتەوە- بەو شێوەیەی کە دروست بوون.

تەماشاکردن

------------------------------------------------------------------------------------------
------------------------------------------------------------------------------------------
------------------------------------------------------------------------------------------
------------------------------------------------------------------------------------------
---------------------

گفتوگۆكردن

**با دەست بكەین بە یەشیڤا**

هەموو هەفتەیەك ئێمە هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا-كردن، بۆ ئەوەی شێوازی بە كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرین بۆ گفتوگۆكردن لەسەر چەمكە ڕۆحییەكان و گەشەبكەین پێكەوە لە نیعمەتدا وەك كۆمەڵەیەكی ئینجیلی. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گروپەكەت تاوتوێ بكە.

ئەوشتە چییە كە بیستوتە یان بینیوتە لە خوانەكامان كە پێكەوە بووین و دەتەوێت لەبیرت بێت؟

ئەگەر تاكە شتێك دیاریبكەیت كە لە خوانەكەماندا فێربوویت و دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ كەسانی تردا باسی بكەیت ئەو تاكە شتە چییە ؟

چۆن عیسا لەم هەفتەیەدا میشپات (دادپەروەری) و تزێداكا (ڕاست و دروستی)ی هێناوەتە ژیانتەوە؟

ئێستا كە لە چوارچێوەی مێژووی و كلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چیرۆكی ئەو ژنەی كە لە زینادا گیرابوو دەزانیت، پێتوایە بۆچی دەستنووسە سەرەتاییەكان ئەم چیرۆكەیان تۆمار

نەکردووە؟ بۆچی ڕەنگە ماوەیەکی پێچووبێت تا ئەم چیرۆکە بچێتە ناو دەقەکانی کتێبی پیرۆزەوە؟

ڕات چییە لەسەر پێناسەی سوزانا وێسلی بۆ گوناه، کە دەڵێت "هەر شتێك عەقڵت لاواز بکات، ویژدانت تێکبدات، هەستکردن بە خودا تەمومژاوی بکات، یان چێژ بینینت لە شتە ڕۆحییەکان لاتبدات؛ بەکورتی هەرچی هێزی دەسەڵاتی جەستەت بەسەر عەقڵتدا زیاد بکات؛ ئەو شتە بۆ تۆ گوناهەیە ، هەرچەندە بچوکیش بێت” چۆن پێناسەی گوناه دەکەیت؟

قوڵبوونەوە

**گۆڕینی بینینەکانمان بۆ شتەکان**

لە هەر ڕۆژێکدا بەزۆری زۆربەی کاتەکانمان بە تێڕامان لە شتێك و چاوخشاندن بەسەر هەموو شتەکانی دیکەی ژیانمان بەسەر دەبەین. ئەو شتەی کە سەرنجی ئێمە دەبات، شتێکە لە مێشکماندا دەمێنێتەوە.

کاتێك تەماشای ژیانمان دەکەین سەیرێکی خودا دەکەین، کێشە و نارەحەتییەکانی ژیانمان دەست دەکەن بە گەورەبوون، ئەگەر وریا نەبین، کێشەکانمان زۆربەی شوێنی بیرکردنەوەکانمان دەگرن و لە ئەنجامدا دڵ و هەستەکانمان بەڕێوەدەبەن.

کاتێك ئێمە بە مەبەست بە مێشك و دڵمان تەرکیز دەکەینە سەر خودا، کێشەکانمان قەبارەی خۆیان وەردەگرن. خودا یارمەتیمان دەدات لە ڕۆشنایی دادپەروەرییەوە ئەو کێشانە ببینین و سەرمان بەرزدەکاتەوە.

لە ئێستادا لە ژیانتدا چاوت لەسەر چییە؟

چی کێشەیەك یان ناڕەحەتییەك گەورە دەردەکەوێت کاتێك سەیری دەکەیت؟

چۆن دەبێت بۆ تۆ کە ئەو ناڕەحەتییە، ئەو کێشەیە، بۆ خودا دابنێیت لەبەرامبەر خۆشەویستی و هێز و حیکمەتەکەی ئەودا؟

خوداوەند کێیە؟ چیمان پێدەڵێت؟ دوای ئەوەی لە ژێر ڕۆشنای ئەو پرسیارانە کێشەکەت لەبەرچاوگرت، ئێستا کیشەکە بۆ تۆ چۆنە؟

سەیرکردن



**لەو شوێنەوەی کە عیسا ڕۆشت**

کاتێك کە تیمەکەم دەبەم بۆ ئیسرائیل، زۆرجار خەڵك لێم دەپرسن کام پێگە و شوێن لە ئیسرائیل خۆشترینە سەردانی بکەین؟ ئەو پرسیارە، پرسیارێکی زۆر قورسە بۆ من کە وەڵامی بدەمەوە چونکە هەموو مەترێکی خاکەکەم خۆشدەوێت. من سەرسامم کاتێك لەو شوێنانە وەستاوم کە چیرۆکە ئینجیلییەکان ڕوویانداوە تێیدا. لە کاتێکدا سەردانی ئەم شوێنانە دەکەم، کتێبی پیرۆز بڕگەکانی لە ڕەش و سپییەوە دەگۆڕدرێن بۆ ڕەنگاڕەنگ وسری دی بۆ من. جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و بینینی ئەم شوێنانە بەچاوی خۆت.

قادرمەکانی فێرکردنی مامۆستایان

چیرۆکەکەمان لەم هەفتەیەدا  بە دڵنیاییەوە نزیك لە سەر ئەو قادرمانەی فێکردنی  مامۆستایان بووە  لە باشوور لە پەرستگای ئورشەلیم  ڕوویدا. هەندێك جار لەمڕۆدا ئەم قادرمە فێرکارییانە پێیان دەوترێت قادرمەکانی  باشوور. ئەگەر بچیتە ئیسرائیل، بە سادەیی دەبێت بچیت لەسەر ئەو قادرمانە  دابنیشیت. بۆچی؟

دەبێت سەردانی ئەم قادرمانە  بکەیت چونکە عیسا بەو قادرمانەدا ڕۆیشتووە و زۆرجار، ئەو قادرمانە یەکێکە لەو شوێنانەی کە دەزانین عیسا  لەوێ بووە . هەروەها زۆرکەسی تریش کە  لە لاپەڕەکانی کتێبی پیرۆزدا لەبارەیانەوە دەخوێنینەوە    لەوانە  یوسف و مریەم و پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب و ستیڤن و پۆڵس و سیلاس و بەرنابا و تیمۆتێۆس  بەسەر ئەوقادرمانەدا ڕۆشتبن. من زۆر حەزدەکەم  لەگەڵ تیمەکەمدا لەسەر ئەو قادرمانە  دابنیشێم، ئەو چیرۆکانە بخوێنمەوە کە لەسەر ئەو قادرمانە  ڕوویانداوە و خەیاڵ بکەم کە دەبێ هەموو ئەمانە چۆن ڕوویاندابێت.

سێ جەژنی ساڵانە

سێ جار لە ساڵێکدا هەموو نێرینەکانتان لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان ئامادە دەبن، لەو شوێنەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت: لە جەژنی فەتیرە و جەژنی هەفتەکان و جەژنی کەپرەشینە. نابێت بە دەستبەتاڵی لەبەردەم یەزدان ئامادە بن،(دواوتار ١٦: ١٦).

لە تەوراتدا خوداوەند فەرمانی بە گەلی جولەکەکان کردووە کە ساڵانە سێ جار بێنە ئورشەلیم ، بۆ ماڵەکەی (پەرستگا)کەی بۆ جەژن و ئاهەنگگێران، کە بە جەژنی زیارەت یان جەژنی پێ ناسراوە. پێشتر بە کورتی باسمان کردوون. لەم فێستیڤاڵە حەوت ڕۆژەدا گەلی جولەکەکان لە هەموو جیهانەوە دەهاتنە ئورشەلیم بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیدا ئاهەنگی دڵسۆزی  بۆ خودا بگێڕن. ئەوان بەکۆمەڵ  دڵسۆزی خودایان  یاددەکردەوە بۆ ئەوشتانەی کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا پیی دابوون، بۆیە پێکەوە ئاهەنگیان دەگێڕا.

لەگەڵ گەیشتن بە ماڵی خودا (پەرستگا)کەی لەکاتی سەرکەوتن بەسەر قادرمەکانی  باشووردا، لەوانەیە زەبورەکانی سەرکەوتنیان گوتبێت (زەبور ١٢٠-١٣٤) وەك پێشبینییەك بۆ چوونە ناو ماڵی خودا بۆ پەرستن و یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕان پێکەوە. قادرمەکان بە شێوەیەکی ناڕێك دروستکرابوون، هەم بەردی ڕەسەن و هەم ئەو بەردانەی کە لەو کاتەوە گۆڕدرا بوون تێیدا بەکارهاتبوو. بەرزی و پانی پلیکانەکان  وەك یەك نەبوون، بە تایبەتی بۆ ئەوە دانرابوو کە

سەردانکەرەکان بیربکەنەوە و ڕەچاوی ڕێوڕەسمی پەرستن و چوونە بەردەم خودا بکەن کاتێك سەردەکەون بۆ دەروازەکانی حولدا بۆ چوونە ناو پەرستگاکە. دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت کە ئورشەلیم چۆن لە سێ فێستیڤاڵی ساڵانەدا زیندوو دەبووەوە- قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ، قسە و قسەڵۆك و پێکەنین و خۆشی، گەلێك ئاهەنگی دڵسۆزی خوداکەیان دەگێڕن لە ماڵی خوداکەیاندا.

ژیانی ڕۆژانە لەسەر پلیکانەکانی باشوور لە سەدەی یەکەمی زاینیدا.

لەسەر ئەم پلیکانانە مامۆستاکان و فەریسییەکان قوتابیەکانیان فێردەکرد،لە سەدەی یەکەمی زاینیدا، مامۆستاکان لە ناو پەرستگاکان فێکردنیان ئەنجام نەدەدا، پەرستگاکان تایبەت بوون بە پەرستن و نوێژ و قوربانیدان. فێرکردنەکان لەسەر پلیکانەکانی باشور بوون، هەروەها مامۆستا و فەریسییەکان گفتوگۆ و مشتومڕیان دەکرد و فێرکارییەکانیان لەگەڵ یەکتری لەسەر ئەو پلیکانانە هاوبەشی پێدەکرد. لەبیرتان بێت، چیرۆکی ئەم هەفتەیەمان لە هەشتەمین ڕۆژی دوای فێستیڤاڵی پایز (چادرەکان) ڕوویدا؛ هەمووان بۆ فێستیڤاڵی پێ لە ئورشەلیم بوون. ڕۆژێك دوای کۆتایی هاتنی جەژنی چادرەکان، عیسا گەڕایەوە بۆ پەرستگاکە بۆ فێرکردن.

پاشان هەموویان چوونە ماڵەوە، بەڵام عیسا چوو بۆ چیای زەیتوون، عیسا لە بەیانیدا دیسانەوە لە حەوشەی پەرستگاکەدا دەرکەوتەوە، کە هەموو خەڵکەکە لە دەوری کۆبوونەوە، دانیشت بۆ فێرکردنیان. مامۆستایانی یاسا و فەریسییەکان ژنێکیان هێنایە ژوورەوە کە لە زینادا گیرابوو.

یۆحەنا ٧:٥٣ -٨:٣.

ڕەنگە عیسا لەسەر پلیکانەکانی باشوور دانیشتبێت و فێری تەلمیدیمەکانی (قوتابییەکانی) کردبێت کاتێك سەرکردە ئاینییەکان ژنێکیان هێنایە ناوەوە کە لە کردەوەی زینادا گیرابوو.

یۆحەنا ٨: ٣-١١ بخوێنەرەوە.

هەر جارێك لەسەر ئەو پلیکانانە دادەنیشیم، بیر لەو ژنە دەکەمەوە. دەبێ ئەو ڕۆژە کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دەکات ئەزموونی چی کردبێت- لەبەردەم هەمواندا زەلیل کراوە، گوناهەکەی بە دەنگی بەرز ناوی لێنراوە بۆ ئەوەی هەموو سەردانکەرەکان ببیستن. تیرۆری بکەن چونکە دەیزانی سزای زینا لە سەردەمەکەیدا بەردبارانکردنە.

ڕەنگە باوەڕی وابوو کە ئەو ئێوارەیە ئیتر خۆر ئاوابوون نابینێتەوە. من پرسیار دەکەم لە کاتێکدا ئەو لەوێ وەستابوو، کە ڕەنگە دواجار بێت، بیری لە چی دەکردەوە؟بیری لە خێزانەکەی؟ منداڵەکانی؟

بەردەکان چەندە ئازاریان دەدا ئەگەر بە توندی لێیان بدایە کاتێك کە بەردباران دەکرا؟ مردنێکی خاو دەبێت یان مردنێکی خێرا؟ منیش پێم سەیرە لەو ساتەدا نوێژکردنەکەی چۆن دەنگی دایەوە.

عیسا کەفارەتی گوناهەکانی دا و بۆی (داپۆشی)، بە بەخشندەیی لە گوناه و شەرمەزاریەکەی هەڵیگرت و بە ئاشتی ڕەوانەی کرد - هانی دا بە شێوەیەکی نوێ بژی بۆ پێشەوە بڕوات.

منیش تاوانبارت ناکەم. بڕۆ ئیتر گوناه مەکە.

یوحەنا٨: ١١

ئەی ئەم چیرۆکە لە یۆحەنا ٨ چۆن هانت دەدات کە پەرستنی عیسا زیاد بکەیت؟

نیل ئارمسترۆنگ، یەکەم پیاو بوو کە چووە سەر مانگ، لە یەکێك لەساڵەکان کە سەردانی ئیسرائیلی کرد و چووە سەر پلیکانەکانی باشوور. کاتێك زانی کە عیسا لە کاتی ژیان و خزمەتەکەیدا زۆرجار بەسەر ئەو پلیکانانەدا ڕۆیشتووە، ئارمسترۆنگ وتی: "من زیاتر پەرۆشم کە هەنگاو بنێمە سەر ئەم بەردانە لەوەی کە هەنگاو بنێمە سەر مانگ."

**قوتابی**

لە سەدەی یەکەمی زاینیدا ، قوتابی (تەلمید) دەیویست وەك مامۆستاکەی بێت. قوتابی نەیدەویست بزانێت مامۆستاکەی چی دەزانێت بەڵکو قوتابی دەیویست وەك مامۆستاکەی بێت.

خەڵك لە سەردەمی سەدەی یەکەمی زاینیدا مامۆستاکانیان هەڵدەبژارد، بە تێپەڕبوونی کات گوێیان لە مامۆستاکەیان دەگرت و ئەگەر لەگەڵ شێوازی لێکدانەوە کەی بۆ کتێبی پیرۆزدا

هاوڕا بوونایە ڕێزیان  لە سەرکردایەتییەکەی دەگرت و  دەیان پرسی لێی ئایا دەتوانن شوێنی بکەون- ئایە دەتوانن ببن بە  یەکێك لە قوتابییەکانی (تەلمیدەکانی).

عیسا بە شیوەیەکی شۆڕشگێڕانە  هاتە سەر گۆڕەپانەکە، چونکە دەستی بۆ هەندێك کەس درێژ کرد و وەك قوتابی  هەڵیبژاردن . کاتێك ئەوانی هەڵبژارد، لە کولتوری ئەو ڕۆژەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیگوت: "پێموایە ئێوە دەتوانن وەك من بن."

دواتر عیسا بە قوتابییەکانی گوت کە ئەوان کاری گەورەتر لەوە دەکەن کە ئەو کردوویەتی (یۆحەنا ١٤: ١٢). ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەو دەیزانی کە ئەوان بە شێوەی ژمارەیەکی زۆر هەموو جیهان دەگەڕێن، وەك قوتابییەکانی  خزمەت بە جیهان دەکەن- ئەو دەیزانی کە وەك ئەو دەبن ڕۆحی خودا توانایان پێدەدا  لە سەرانسەری جیهاندا.

فێرکردن

**گەڕان بەدوای (شاڵوم)دا**

چیرۆکی ئەم هەفتەمان بەوە کۆتای دێت کە عیسا سەری ئەو ژنەی بەرز کردەوەو بە ئاشتییەوە بەرێی کرد، هانیدا کە گوناە نەکاتەوە.

لە بنەڕەتدا گوناە بە واتای (لە دەستدانی نیشانەکە)دێت، چەمکێکە بۆ تیر و کەوان بەکاردێت، شەریعەتی خودا یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی کە نیشانەکە بپێکین، وشەی عیبری بۆ "شەریعەت " لە پەیمانی کۆندا یارایە(yarah)، کە بە واتای "ڕێنمایی" دێت، خودا ڕێنماییمان پێدەدات لە ڕێگەی شەریعەتەوە، ڕێنمایی بۆ چی؟ ئێمە هەوڵی  پێکانی چی نیشانەیەك دەدەین؟ کاتێك گوناە دەکەین چ نیشانەیەك نا پێکین؟

زۆرجار پێچەوانەی گوناە بیردەکەینەوە واتە بەشێوەی ڕاستودروستی یان پاکی بیردەکەینەوە. ئەمە تێگەیشتنێکی دروستە، بۆیە دەمانەوێت دەستی پێوەبگرین. لە کاتێکدا ئەم تێگەیشتنە

لەبەرچاو دەگرین، ئێمە دەمانەوێت تێگەیشتنەکەمان فراوانتر بکەین لە گێڕانەوەی چیرۆکە گەورەکانی ناو کتێبی پیرۆز.

باخچەی عەدەن لە (شالۆم) دروست بووە، کە وشەیەکی عیبرییە و بە واتای هاوئاهەنگی و گەشەکردن و خۆشی دێت. زۆربەی خەڵك وشەی شالۆم دەبیستن و یەکسەر بیر لە ئاشتی دەکەنەوە. بەڵام لە زمانی عیبریدا شالۆم زۆر زیاترە لە ئاشتی. وەك کۆرنێلیۆس پلانتینگای بچووك دەڵێت، "شالۆم ... ئەو شێوازەیە کە دەبێت شتەکان بن".

لە پەیدابوون ٣ دا، ئادەم و حەوا میوەی قەدەغەکراویان خوارد و گوناه یان کرد لەبەرئەوە هاتنە ناو ئەم جیهانەوە، ئەو چیرۆکەیە، کە شالۆم تێکچوو و هاوسەنگی نەما چونکە گوناه ئەو شێوازە تێکدەدات کە کە شتەکان هەیانە، ئێمە بۆ عەدەن دروست بووین بەڵام خۆمان بینییەوە لە جیهانێکی شێواودا، کە گوناه هێشتا شالۆم تێکدەدات. هەمووومان ئازارمان هەیە بۆ عەدەن؛ ئێمە تامەزرۆی ماڵەوەین کە ماڵەکەمان عەدەنە.

" گوناه واتە نە پێکانی نیشانەکە، ونبوون لە ڕێگەکەدا، دورکەوتنەوەیە لە دەروازەکە، گوناه دڵ ڕەقییە و کردنی کارێکە کە ئەوانی تر نایکەن، گوناه کوێری و کەڕبوونە.، گوناه هەم تێپەڕاندنی هێڵەکەیە و هەم نەگەیشتنە پێی- هەم سەرپێچی و هەم کەموکوڕی ... گوناه هەرگیز ئاسایی نییە. گوناه بریتییە لە تێکدانی ئەو هاوسەنگییەی کە هەیە و پاشان بەرەنگاربوونەوە و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی خودیی ئەو هاوسەنگییە." کۆرنێلیۆس پلانتینگای بچووك.

پێچەوانەی گوناه شالۆمە- ئەو شێوازەی کە خودا شتەکانی دروست کردووە بۆ ئەوەی وابن. خوداوەند ڕقی لە گوناه نییە، لەبەرئەوەی کە ئێمە ڕێسایەك ، شەریعەت، یان ڕێنماییەکمان شکاندووە. یەزدان ڕقی لە گوناهە چونکە گوناه شالۆممان تێکدەدات. هاوسەنگی و کۆی و گەشەکردن و خۆشی و هاوبەشیمان لەگەڵ خودا تێکدەدات. ئەو شیوازی پەیوەندی کردنەی کە لە نێوان ئێمەو خودا و یەکتریدا هەیە تێك دەدات کە خودا دروستی کردووە.

هاندانی ئەو ژنەی کە لەم هەفتەیەدا لە چیرۆکەکەماندا بوو ئەوە بوو کە واز لە گوناهە بهێنێت، عیسا بانگهێشتی کرد بۆ ناو شالۆم- هەستێکی نوێبوونەوەی لە هاوسەنگی و گەشەکردن و ئەو خۆشبەختییەی کە خودا ئاواتەخواز بوو بزانێت و ئەزموونی بکات لە ژیانیدا پێیبەخشی.

چۆن پێناسەی گوناە دەکەیت؟

کاتێك گوناە دەکەیت یان شەریعەت(یارا)ی یەزدان دەشکێنیت، هەستت چۆنە؟

هەستت چۆنە کاتێك دان بە گوناهەکانتدا دەنێیت و تەوبە دەکەیت و دەگەڕێیتەوە بەرەو...
شالۆم؟

ئەگەر ئەم پێناسەیەی شالۆم بۆ تۆ نوێیە، چۆن تێگەیشتن لەم چەمکە ئینجیلییە ڕەنگە تێڕوانینت بۆ خودا و چۆنیەتی بەرەوپێشچوونت لە ژیانتدا بگۆڕیت؟

یۆحەنا ٢١: ٤-١٩ بخوێنەرەوە.

لە دیدگای ڕۆژئاواوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکە، پرسیار بکە، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی من؟" (ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە چیرۆکەکەدا سەرنجمان لەسەر پەترۆس بێت.) ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکە، پرسیار بکە، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی خودا؟" (ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە چیرۆکەکەدا سەرنجمان لەسەر عیسا بێت.) ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لەوانەیە بەشێك لە چیرۆکی پەترۆست لەبیربێت. عیسا پێشبینی کرد کە پەترۆس نکوڵی لە ناسینی عیسا بکات لەنێو خەڵکدا پێش لەخاچدانی. هەرچەندە پەترۆس بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە هەرگیز شتێکی لەو جۆرە ناکات، بەڵام دەبینین سێ جار لە یۆحەنا ١٨دا نکوڵی لە

عیسا دەکات، هەروەك چۆن عیسا پێشبینی کردبوو. لە یۆحەنا ٢١ کە تازە خوێندمانەوە، ئێمە باوەڕمان وایە کە ئێمە باسی ئەوە دەخوێنینەوە کە پەترۆس بۆ سێ جار زیندوو بوونەوەی عیسای بینیوە.

زۆرێك لە لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە یۆحەنا ٢١ لە شوێنێك لە ئیسرائیل ڕوویداوە کە ئێستا پێی دەوترێت کڵێسە سەرەکییەکەی پەترۆس، شوێنێك کە ئاوی شەلالەکان کۆدەبێتەوە تێیدا و دەبێتە کانیاو. زۆرجار ماسیگرە جولەکەکان ئەم شوێنەیان بەکاردەهێنا بۆ شۆردنی تۆڕەکانیان. هەروەها ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئێمە پێمان وایە ئەم شوێنە یەکەم شوێنە کە عیسا پەترۆس و ئەندرۆی برای بانگ کرد بۆ ئەوەی شوێن عیسا بکەون.ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ئەم شوێنە دەبێ هەندێك یادەوەری بەرچاوی بۆ پەترۆس هەڵگرتبێت.لەوانە ماسی گرتن لەوێ، لەوانەیە ئەو ڕۆژەی هێنابێتەوەبیری کە عیسا وەك یەکێکە لە بەناوبانگترین مامۆستاکان هەڵیبژاردووە. لەگەڵ ئەو یادەوەرییە خۆشانەدا پێدەچێت پەترۆس ئازاری تاوانبارکردن و دڵەڕاوکێی لەبارەی خیانەتکردن لە عیسادا هەبووبێت.

بەڵام عیسا لە هەرشوێنێك بێت دەتبینێت و هەرگیز لەوێ بەجێمان ناهێڵێت. لێرەدا بیهێنە بەرچاوت: پەترۆس خودای دوای زیندووبوونەوە بینی، یەکسەر وەستا لەو کارەی کە دەیکرد، جلەکەی بەری فڕێدا و خۆی هەڵداوە ناو ئاوەکە تا بە خێرایی بگاتە لای عیسا. پەترۆس عیسای بینی کە بانگی کرد، کە هەڵیبژارد، کە ڕەتیکردەوە. هەمان ئەو عیسایەی کە ساڵانێك لەمەوبەر پەترۆسی بانگ کرد بۆ ئەوەی شوێنی بکەوێت، پەترۆسی بانگ کرد بۆ سەر مێزەکە، شوێنێك بۆ نوێکردنەوەی، شوێنێك بۆ خۆشەویستی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

جولەکەکان پێیان وایە بەشێکی زۆری ژیان دەوران دەورانە و ئەم چیرۆکەش لەوە بێبەری نییە. هەروەها ئەو شوێنەی کە پەترۆسی بۆ بانگهێشتکرا شوێنی نوێکردنەوەی بوو، ئەو شوێنەی کە عیسا شاڵۆمەکەی بۆ گەراندەوە، ئەو شوێنەی کە عیسا نێردراوبوونی پێبەخشی بۆ تەواوی ژیانی. ڕەنگە هەمووومان ڕۆژێك ساتێکی لەم شێوەیەمان لەگەڵ عیسا هەبێت، ساتێك کە بزانین ئێمە ئەومان لەبیرکردووە بەڵام عیسا بە میهرەبانییەوە هاوبەشیمان لەگەڵیدا دەگەڕێنێتەوە- دەمانباتە پێشەوە بە شاڵۆم، دەمانباتە پێشەوە بۆ مەبەستەکەی ئەو. کاتێك دێینە لای عیسا، ژیانمان لەدەست دەدەین، بەڵام خودا تەنها بەردەوام دەبێت لە بەخشینی زیاتر و زیاتر بە ئێمە . بەردەوام بە بەخشندەیی سەرمان بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆشمان بوێت و بیناسین. خودا لەوە باشترە کە ئێمە زانیومانە.

یارا YARAH (یاسا)

کاتێك وشەی یاسا دەبینین، دەتوانیت بیربکەینەوە و ڕێسا و بنەماکان بهێنێتە بەرچاوی خۆمان کە مەبەست لێێ - ئەو شتانەیە کە سزا دەدرێین ئەگەر بیانشکێنین (بیر لە شتێکی وەك وەسڵی خێرایی بکەرەوە).لە پەیمانی کۆندا بۆ وشەی یاسا وشەی عیبری یارا بەکاردێت. بە پێچەوانەی بیرۆکەی ڕۆژئاوایی ئێمە بۆ یاسا، کە وشەی یارا هەڵگری بیرۆکەی ڕێنماییە.

یاساکانی خودا ڕێنماییەکانی ئەون. ڕێنمایی بۆ چی؟ بۆ چۆنیەتی ژیان لە شالۆم. خودا ڕێنماییمان پێدەدات کە یارمەتیدەرمان بێت لە پێکانی نیشانەکە، بۆ ئەوەی لە شالۆمدا بژین- ئەو ژیانە فراوانەی کە ئارەزووی دەکات بۆمان.

ڕەنگە ئێمە لە یاسا خۆمان بەدوور بگرین، بەڵام ڕێنماییەکانمان خۆشدەوێت بۆ ژیان لە شالۆم دا، لە زەبور ١١٩ کاتێك لەبارەی خۆشەویستی خۆی بۆ شەریعەتی خودا دەنووسێت چونکە ڕێگای گەشەکردنمان پیشان دەدەن کە خودا نەخشەی بۆ داناوە.

ژیان

**خۆشەویستییەکی مەزن**

هەموو شتێك سەبارەت بە چیرۆکی کتێبی پیرۆز لە ئەم هەفتەیە مەزنە- سروشتی گشتی ڕووداوەکە، ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژێك دوای فێستیڤاڵێی حەوت ڕۆژە لە ئورشەلیم ڕوویدا، مەبەستی سەرکردە ئاینییەکان دانانی تەڵەیەك بوو بۆ عیسا، سروشتی گەورەی گوناهی ژنەکە لەگەڵ سزای بەردبارانکردن لە تەوراتدا، و ئەو ڕاستییەی کە عیسا لەسەر پلیکانەکانی باشوور دانیشتبوو، قوتابییەکانی فێردەکرد، کاتێك سەرکردە ئاینییەکان ژنە گوناهبارەکەیان هێنایە بەردەمی.

هەروەها خۆشەویستی عیسا بۆ ئەو ژنە مەزن بوو. بەرادەیەك تووڕەیی فەریسییەکانی لە سەری گۆڕی، توڕەییەکانیانی خستە سەرخۆی و- تا ئەو ڕادەیەی کە لە ناوەڕاستی

چیرۆکەکەدا، ڕۆیشتن. عیسا کەفارەتی گوناهی ژنەکەی دا و شەرمەزاری ژنەکەی (داپۆشی)؛ ژیانی ڕزگار کرد و بە ئارامی بەڕێی کرد.

خۆشەویستی خودا بۆ ئێوەش مەزنە، ئەگەر تۆ شوێنکەوتووی مەسیح بیت، ئەوا تووڕەیی دوژمنەکانت دەخاتە سەرخۆی، کەفارەتی گوناه و شەرمەزاریەکەت دەدات، بە ئاشتی بەڕێت دەکات - بۆ ئەوەی بە شالۆمدا دەست بە ژیانێکی نوێ بکەیت و خزمەت کردن بۆی هەروەك چۆن بۆ ئەم ژنەی کردووە.

مەزنترین ساتەکانی ژیانت چین؟

گرنگترین وەرزەکانی ژیانت چین؟

چۆن لە ژیانتدا ئەزموونی گوناهت کردووە شالۆم تی تێکداوە؟

ئایا شتێك هەیە لە ئێستادا شالۆمەکەت تێکبدات؟ ڕوونی بکەرەوە

مەترسە ناوی ئەو شتە بهێنە کە شالۆمەکەت تێکدەدات و دان بەو شتەدا بنێ بۆ عیسا. خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ مەزنە- ئەو گوناهەکات بۆ دادەپۆشیت، لێت خۆش دەبێت و لە شاڵۆمدا ڕەوانەت دەکات . بە بەخشندەیی سەرت بەرزدەکاتەوە.

# خولی حەوتەم: مەسیح و چیرۆکی دوو مریەمەکە



## پێشەکی

تا ئێستا ئەوەمان بینیوە کە خۆشەویستی عیسا میهرەبانانە بووە بەرامبەر ژنە سامیرەییەکە، هەروەها خۆشەویستییەکەی بۆ ژنەکەی ماڵی شیمۆن زۆر توند بوو، هەفتەی ڕابردوو، خۆشەویستییەکەی بۆ ژنان بێ وێنە بوو لە شێوازی دارشتن و پێکهێنانی چیرۆك و بەسەرهاتەکانی بە مەبەست وای دارشتبوون کە ژنانیش بگرێتەوە. عیسا ئەو خاڵەی ڕوونکردەوە کاتێك چیرۆکێکی دارشت کە بێوەژنێك وەك کارەکتەری سەرەکی بوو، بێوەژنێك کە خۆراگرییەکەی بەسە بۆ ئەوەی دادوەرێکی نادادپەروەر لەکاربخات.عیسا دادپەروەری (میشپات) و ڕاستودروستی (تزێداکا)ی بۆ ژنان لە هەموو شوێنێك دەهێنا، هەر بەو شێوەیە بەسەرهات و چیرۆکەکانی دروستدەکرد و دادەڕشت و لە فێرکردنەکانیدا بەکاری دەهێنا. هەربەم شێوەیە ئەو ژیا.

هەفتەی ڕابردوو خۆشەویستییەکی قوڵی عیسامان بینی بۆ ژنێك، کە لە کاتی زینادا گیراوە. بینمان کە عیسا چی لەگەڵ ژنێکی گوناهباردا کرد، کەفارەتی بۆ دایەوە، بە بەخشندەیی سەری بەرز کردەوە و پاشان داوای لێکرد کە دوور لە گوناه بژی و بە شالۆم(ئاشتی) ڕەوانەی کرد. دیسانەوە بینیمان عیسا دادپەروەری بەخشندەی بۆ ژنێك هێنا.

لەم هەفتەیەدا، سەرنج دەخەینە سەر دوو ژن کە چیرۆکەکانیان لە کتێبی پیرۆزدا لەگەڵ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عیسا دەخوێنینەوە. بە بۆچوونی من ئەو بەڵێ یە یەکێکە لە سەختترین بەڵێ کە کەسێك لە کتێبی پیرۆزدا بە خوداوەندی داوە و یەکێکە لە ناوازەترین بەڵێ کە کەسێك لە کتێبی پیرۆزدا بە عیسای داوە. وەك ئاماژە پێکردنێك هەردوو ژنەکە بەڵێ یان کردووە! هەروەها بەرەو هێڵی کۆتایی زنجیرەکەمان دەڕۆین بە سەیرکردنی ئەوەی کە چۆن دەکرێت ئەمە هانمان بدات لە ئەمڕۆدا وەك کچانی خودا بژین.

لە ئەم خوانی ئەم حەوت هەفتەیە نیشانماندا کە چۆن عیسا دادپەروەری (میشپات) و ڕاست ودروستی (تزەدێکا)ی بۆ ژنان هێنا لە سەدەی یەکەمی زاینیدا، لە هەموو چیرۆکەکانیدا ، بە بەخشندەیی سەری بەزکردنەوە کەرامەتی بۆ گەڕاندنەوە. کە ئەمە هانی ئەوانی دا وەك کچی خودا.

ئێمە ئەم چیرۆکانە بە چاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دووبارە و سەرلەنوێ دەخوێنینەوە، و دەبینین لە چوارچێوەی مێژوویی و کولتووری و زمانەوانی و جوگرافیای خۆیاندا.

له کاتێکدا دێینه سەر ئەم میزی  کتێبی پیرۆزە: له خوانی هەفتەی ڕابردووەوە بیر له چی دەکەیتەوە؟

وەك ڕووبارێك بەرەو کێ ڕۆشتیت و  ئەوەی هەفتەی ڕابردوو له خوانەکەماندا فێربوویت ئایا بۆت باسکرد؟

ئەو گفتوگۆیه چۆن ڕۆیشت؟ ئایه  کات  ڕێگەی پێدان  پشتڕاستی ئەو شتانه بکەنەوە که فێری بوویت؟

ئێمه خۆمان ئامادەدەکەین کورسییەکانمان ڕێك دەخەین بۆ حەوتەم  خوانی  کتێبی پیرۆز، ئێمه خۆمان ئاماده دەکەین بۆ خواردنی ئەو ژەمه ئینجیلییەی که باوکمان بۆی ئاماده کردوین. ئەو خۆراکمان دەداتێ. ئێمەش وەری دەگرین، گەلی جولەکه بۆ چەندین جار کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە، ئێمه  به یەك شێوه یەك ژەم ناخۆین دواتر که هەرگیز بۆمان نەخورێت، دووباره و سێباره کتێبی پیرۆز دەخۆین. هەرگیز شارەزا نابین و دەستمان به تەواوی زانیارییەکانی ناگات. ئەوان هەناسەی خودان و زیندوو و چالاکن. باسی کتێبی پیرۆز دەکەین، ئەم وتەیەی سەرەوه  له کتێبی (پیرکێی ئاڤۆت) یان ئەخلاقی باوکەکانەوە هاتووە،

وشەی خودا(کتێبی پیرۆز) بەسەرماندا بڕژێنە

لەبەرئەوەی لەودا هەموو شتێك هەیە قوڵبەرەوە تێیدا تەنانەت بە درێژای تەمەنت کە قژیشت ماش و برنج بوو لێێ دورمەکەوەرەوەچونکە هیچ شتێك نییە باشتربێت لە گەڕان بە دوای ئەودا.
ڕابی بینگ بانگ، پیرکێی ئاڤۆت ٢٢:٥ (سەدەی یەکەم تا دووەمی زایینی)

تەماشاکردن

**خوانەکە**

ئەم تێبینیانەی خوارەوە و ئەو بۆ شاییانەی کە بۆ نوسین جێهێلدراوە بەکار بهێنە لە کاتی خوانی چەژنی فێرکردنەکەماندا.

ئازادبە لە نوسین و زیادکردنی هەر تێبینییەك کە بە شیاوی دەبینیت لە میانی تەماشاکردنەکەدا.

یۆنانیەکان مەعریفەیان خۆشدەویست. ڕۆمییەکان دەسەڵاتیان خۆشدەویست. گەلی جولەکە هەمیشە ڕووناکییان خۆشویستووە. گەلی جولەکە دووبارە و چەندبارە لە کتێبی پیرۆزدەکۆڵنەوە. لەلای ئەوان خوێندن یەکێکە لە بەرزترین شێوازەکانی پەرستن لە ئایینی جولەکەدا. کاتێك کتێبی پیرۆز تەواو دەکەیت، سەرلەنوێ دەست پێدەکەیتەوە. کتێبی پیرۆز لە هەر شوێنێکدا بین دەمانبینێت هەموو ڕۆژێك.

عیسا هەر لەو شوێنەی کە هەین دەمانبینێت ، بەڵام هەرگیز لەوێ بەجێمان ناهێڵێت.

سەرنج بدەنە ڕووداوی  ناو ئەم چیرۆکانە. هیچ ژنێك دوای کارلێککردنی لەگەڵ عیسا وەك خۆی نەمایەوە.

عیسا نەهاتووە شتەکان پێچەوانە بکاتەوە. هات بۆ ئەوەی شتەکان ڕاست بکاتەوە  دووبارە و چەندبارە،  تا  ئەمڕۆش ئەو کارە دەکات!

عیسا لەسەر بیری یاقوب چاوی بە ژنە سامیرەییەکە کەوت، عیسا چاوی بەژنێك کەوت  کاتێك بەرەو ڕووی دیوارێك لە ژەمێکی خوردندا دانیشتبوو، ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کە عیسا دەیگێڕایەوە ژنی لە خۆگرتووە، تەنانەت لە فێرکردنەکەیدا بەسەرهاتی بێوەژنێکی گێڕایەوە کە پێگەیەکی نزمی هەبووە بەلام ئەو بە سوربوون لەسەر داواکەی فەرمانی دادوەرێکی نادادپەروەری هەڵوەشاندۆتەوە. ئەو ژنەی لە زینادا گیرابوو، لەسەر پلیکانەکانی باشوور لە پەرستگای ئورشەلیم کە هێنایان  هەمووان سەیرییان دەکرد.

ژنە سامیرەییەکە کاتێك کە بیرەکەی بەجێهێشت، ئەو هەرگیز هەمان ژنی پێشوو نەبوو، ئەو بوو بە نێردراوێك کە بە هەموو گوندەکەی وت کە ئەو مەسیحی بینیوە.

ئەو ژنەی کە ڕووبەڕووی دیوارەکە دانیشتبوو بە بەخشندەییەوە سەری بەرزکرایەوە و لە ئاشتیدا بەڕێکرا، لەگەڵ عیسا گرنگ بوو ژنان بخرێنە ناو چیرۆکەکانییەوە. لەگەڵ عیسا، بێوەژنەکە بە سوربوون و خۆڕاگری توانی وا لە دادوەرەکە بکات کە بیبینێت.

ئەو ژنەی لە زینادا گیرابوو، گوناهەکەی داپۆشرا و بە بەخشندەیی سەری بەرزکرایەوە فەرمانی پێکرا کە واز لە گوناهە بهێنێت بە ئاشتی بەڕێکرا.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، چی لە کۆندا یان لە ئێستادا، سێ نۆرمی کولتووری سەرەتایی هەیە:

-شەرەفمەندی/شەرمەزاری

- میوانداریکردن

- ژیانی بە کۆمەڵ ( ئەولەویەت دان بە ئێمە نەك من)

کاتێك خوداوەند سەرگەرمیەکانی شانشینەکەی دابەش دەکات، هەندێکیان بەر کچان، بەر ئێمەی ژنان، دەکەون واتە بەر ئێمە دەکەون!

یەکێك لە سەختترین بەڵێ کان لە کتێبی پیرۆزدا هی کچێکی گەنج بوو- هی مریەم (میریام) بوو. لە سەردەمی عیسادا کچانی گەنج پێش ئەوەی بکەونە سوڕی مانگانە دەزگیراندار بوون لەگەڵ کوڕانی هەژدە ساڵان.

منداڵانی دوانزە ساڵان خەریکی هاوسەرگیری بوون لەگەڵ منداڵی هەژدە ساڵان. بەزۆری دەستگیرانداری ماوەی ساڵێکی دەخایەنێت. دەتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین کە مریەم لە تەمەنی یازدە یان دوانزە ساڵ بوو کاتێك فریشتەکە سەردانی کرد.دەستگیرانی هەبوو، هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو، ڕەنگە پێش سوڕی مانگانە بووبێت. سەرگەرمی لەدایکبوون و دایکی مەسیح بۆ کچێکی گەنج هات. هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە چەندێك باج دەدات بۆ ئەوە.

ئەو دەیزانی کە لەوانەیە ژیانی خۆی لەدەست بدات چونکە ئەو لە کولتوورێکی شەرەفمەندی /شەرمەزاریدا دەژیا، ئەمە ڕەنگە تێڕوانینێکمان پێبدات ، کە لەبەرئەوەبوو لە جەلیلەوە بەپەلە پەل خۆی دەگەیەنێتە یەهودا.

یەکێکی تر لە ناوازەترین بەڵێ کانی کتێبی پیرۆز هی مریەمێکی دیکە بوو (میریام)- مەریەم خوشکی لازارۆس و مارسا. لەوانەیە ئەو ژنە بووبێت کە لە چیرۆکی لوقا ٧ی ئێمەدابینیمان کە بەرامبەر دیوارەکە دانیشتبوو، لەوانەیە ئەو کەسە بووبێت کە گۆزە ئەلاباستراکەی وگۆزەی فرمێسك ڕێژەکەی هێنایە ماڵی شیمۆن.

> پیاوێك بە ناوی لەعازر نەخۆش بوو کە خەڵکی بێتعەنیا بوو، هەمان گوندی مریەم و مەرسای خوشکی .ئەم مریەمە ئەوە بوو کە مەسیحی خاوەن شکۆی بە بۆن چەورکرد، بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، لەعازری نەخۆشیش برای بوو. (یوحەنا١١: ١-٢).

ئەگەر ئەو هەمان ژن بێت ئێمە دەبینین کە عیسا چۆن سەری ژنێك لە شەرمەزارییەوە بەرزدەکتەوە بۆ ئاستێك کە ببێت بە هاوڕێی.

دوو ئیدیۆم لەلای جولەکەکانی سەدەی یەکەمی زاینی هەیە کە گوزارشت لە قوتابی دەکات(ڕۆشتن بە ناوتەپوتۆزەکەیدا و دانیشتن لە خوارپێیەکانی).

"با ماڵەکەت شوێنی کۆبوونەوەی مامۆستاکان بێت و خۆت بە تۆزی پێیان داپۆشە، تینیۆتیت بە وشەکانیان بشکێنە."یۆسێ بن یۆیزەر، (سەدەی دووەمی پێش زایین)

کاتێك مامۆستایەك دەهاتە ماڵەکەت، ئەوە فێرکردن دەکرێت بە شێوەك ئەو دادەنیشت قوتابییەکانی لە دەوری دادەنیشتن.

پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییەکانی لە سەدەی یەکەمی زاینیدا زۆر گرنگ بوو.

قوتابییەکان تەنیا نەیاندەویست بزانن مامۆستاکەیان چی دەزانێت- ئەوان دەیانویست وەك مامۆستاکەیان بن. قوتابییەکان ئەوەندە لە نزیکەوە بەدوای مامۆستاکەیاندا دەڕۆیشتن کە تۆزی پێیەکانی مامۆستاکەیان دەکەوتە سەریان. قوتابییەکان نەیاندەویست هیچ کام لە قسەکانی مامۆستاکەیان لە دەست بدەن.

"دانیشتن لە خوار پێیەکانی مامۆستایەك لە سەدەی یەکەمی زاینیدا زاراوەیەکی فەرمی بوو. قوتابییەکان(تەلمیدیمەکان) مامۆستاکەی پێ دەناسرایەوە کە لەخوار پێی مامۆستاکەیان دانیشتبوون".

لەبیرتە، پۆڵس "لە خوار پێیەکانی گەمالائیل دادەنیشت، کە نەوەی هیلێلی بەناوبانگ بوو (کردار ٢٢: ٣). ئەمەش واتە قوتابی فەرمی گەمالائیل بووە.

لە لوقا ١٠دا عیسا سەردانی لازارۆس و مارسا و مریەمی کرد. دەستی کرد بە فێرکردنەکانی . مریەم "لە خوار پێی یەزدان دانیشت" (ئایەتی ٣٩) فێربوو، پرسیاری کرد، تێکەڵ بوو لەگەڵ ئەوانی تر. پێدەچێت ئەم برگەیە ئەوە بڵێت کە عیسا شوێنکەوتووی ژنییشی هەبووە.

## لە هەرشوێنێك بین خودا دەمانبینێت، ئەو هەرگیز ئێمە بەجێ ناهێڵێت

هەمیشە لە کتێبی پیرۆزدا دەبینین خودا مرۆڤەکان لە شوێنی خۆیان دەبینێت هەرگیز بەجێیان ناهێڵێت. کاتێك خودا دەستوەردان لە ژیانی مرۆڤێکدا دەکات، گۆڕانکاری وگواستنەوە لە ژیانیان ڕوودەدات و بانگێشتیان دەکات بۆ گەشتی ژیان لە گەڵ خۆی . ئێمە دەبینین خودا بەم شێوەیە مامەڵە دەکات لە هەردوو چیرۆکی مریەمەکەی ئەم هەفتەیەماندا.

مریەمی گەنج خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆی بوو کاتێك فریشتەیەك خۆی نیشان دا و ڕایگەیاند کە مەسیح لەدایك دەبێت. ژیانی هەرگیز وەك جارانی لێنەهاتەوە. مریەمەکەی ترمان، ئەگەر ئەو کەسە بێت، کە لە لوقا ٧دا بەرامبەر دیوارەکە دانیشتبوو ، کاتێك چاوی بە عیسا کەوت، لە کۆتاییدا دەبێتە هاوڕێی عیسا، دەبێتە تالمید (قوتابی) کە لە خوار پێیەکانی دانیشت.

لەو شوێنەی کە ئەژین عیسا دەمانبینێت، و دەمانباتە شوێنێکی تر. ئەو بە دڵسۆزیەوە تا کۆتایی ژیانمان ئەو لەگەڵماندایە و پاریزگارمانە(شوانمانە) .

تەماشاکردن

-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------------------------------------------------------------------------------
-----------------------

گفتوگۆکردن

**با دەست بکەین بە یەشیڤا**

هەموو هەفتەیەك ئێمە هەندێك كات تەرخان دەكەین بۆ یەشیڤا-کردن، بۆ ئەوەی شێوازی بە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەمکە ڕۆحییەکان و گەشەبکەین پێکەوە لە نیعمەتدا وەك کۆمەڵەیەکی ئینجیلی. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەگەڵ گروپەکەت تاوتوێ بکە.

تازە چیتان بیستووە یان چیتان بینیوە لە جەژنەکەمان پێکەوە کە دەتەوێت لەبیرتان بێت؟

ئەگەر تاکە شتێك دیاریبکەیت کە لە خوانەکەماندا فێربوویت و دەتەوێت لەم هەفتەیەدا لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکەیت ئەو تاکە شتە چییە؟

چۆن عیسا لەم هەفتەیەدا میشپات (دادپەروەری) و تزێداکا (ڕاستودروستی)ی هێناوەتە ژیانتەوە؟

یەکێك لە سەختترین بەڵێ کان چی بووە کە تا ئێستا بە خوداوەندت داوە؟

ئەو چیرۆکە بۆ گروپەکەت باس بکە.

یەکێك لە ناوازەترین بەڵێ کان چی بووە کە تا ئێستا بە خوداوەندت داوە؟

ئەو چیرۆکە بۆ گروپەکەت باس بکە.

ئایا خوداوەند لە ئێستادا لەم وەرزەی ژیانتدا سەرگەرمییەکت بۆ دەهێنێت ؟ (پێموایە ئەو سەرگەرمی دەهێنێتە ناو ژیانی هەریەکێکمانەوە.) ئەو سەرگەرمییە چییە؟

قوڵبوونەوە

مریەم

خوانی ئەم هەفتەیە لەسەر دوو ژن بوو کە هەردووکیان ناویان مریەم بوو. حەزم لێیە وانەی ئەم هەفتەیە ناوی بنێم، "چیرۆکی دوو مریەمە"کە. بەڵام مریەم ناوێکی جولەکە نییە. مریەم وەرگێرانی کوردییە بۆ ناوی عیبری میریام.

گەلی جولەکە گەلێکن ڕەگوڕیشەیەکی مێژووی قوڵیان هەیە. وەك گەلێك بە ئەنقەست یادی ڕابردوو دەکەنەوە، ئاوڕێك لە مێژووی خۆیان دەدەنەوە وەك گەلێك تەماشای ئەوە دەکەن کە خودا بۆی کردوون، و هاندان و ئازایەتی لێوە بەدەست دەهێنن بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕۆن.

زۆرجار منداڵەکانیان بە ناوی "گەورەکانی مێژووی ئیسرائیلەوە "ناودەنران. هەردوو مریەم کە لە چیرۆکەکانی ئەمڕۆماندا هەن، بە ناوی میریامی پەیمانی کۆنەوە ناونراون- کە خوشکی موسا و هارون بوون.

میریەم لە کاتی کۆیلەکردنی عیبرانییەکان لە لایەن میسرییەکانەوە لە دایکی عەمرام و یوحەبێد لەدایکبووە. پێش هارون و موسا لەدایك بوو، ناوی میریەم بە واتای "تاڵیی" دێت، هەستێکە کە گوزارشت لە ژیانی ژێر دەسەڵاتی میسر و ستەمکارییەکانی وێنا دەکرد. دەبینین میریام بە ئیمانێکی زۆرەوە مامەڵە دەکات کاتێك لە سەبەتەکەدا موسا بە ڕووباری نیلدا دەڕۆیشت دوای

کەوتبوو، کاتێك کچەکەی فیرعەون دۆزیەوە، میریام لێی نزیك بووەوە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە پەرستارێکی جولەکەی هەبێت بۆ ئەوەی چاودێری موسای کۆرپە بکات. کچەکەی فیرعەون وتی بەڵێ، مریەمیش چوو یۆحەبێدی دایکی موسای هێنا.(دەرچوون٢).

دواتر میریام لە نێو ئیسرائیلییەکان وەك پێغەمبەرێك ناسرا (دەرچوون ١٥: ٢٠).

گۆرانییەکەی موسا و میریام لە دەرچوون ١٥ تۆمار کراوە دوای دابەزاندنی موعجیزەیی دەریای سوور.

کچ و خوشکێکی دڵسۆز بوو لە کاتی مەترسی و ڕزگاربووندا بۆ ئیسرائیلییەکان. ئەو پێغەمبەرێك بوو بۆ گەلەکەی- پێغەمبەرێك بوو کە وشەی بەهێزی هەبوو.

ئایا کچێکی جولەکە هەیە کە نەیەوێت کە بە ناوی کەسێکی مێژووی ئاوا ناوبنرێت؟

با ساتێك تەرخان بکەین بەچاوخشاندنەوە بە ژیانماندا، ئایا ژیانمان بە بوێری و متمانە بوون بە خودا جیا دەکرێتەوە؟ یان زیاتر متمانەکردن بە خۆمانە؟ دەتەوێت لە کۆتایی تەمەنتدا بە چی بناسرێیت؟ بیرکردنەوەکانت لە خوارەوە بنوسە یان لە تۆماری ڕۆژانەکەتدا تۆماری بکە.

تەماشاکردن

**شانشینی سەرگەرمییەکان**

لۆقا ١: ٢٦-٥٦ بخوێنەرەوە

مریەم گوتی: «ئەوەتا من کارەکەری یەزدانم. ئەوەی تۆ دەیفەرموویت با بێتە دی.» فریشتەکەش بەجێی هێشت. لەو ڕۆژانەدا، مریەم هەستا و خێرا بۆ شارۆچکەیەك چوو لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی یەهودیا. چووە ماڵی زەکەریا و سڵاوی لە ئەلیسابات کرد".

ئێمە پێمان سەیرە چەند کەس لە ناسیریە باوەڕیان بە مریەم دەکرد، کاتێك ئەم چیرۆکەیان بیست،. تەنانەت یوسفیش سەرەتا باوەڕی پێ نەدەکرد. ئەو خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی "بە نهێنی جیاببێتەوە" کاتێك فریشتەیەك لە خەودا سەردانی کرد تا پێی بڵێت ئەوە ڕاستە وەك لە (مەتا ١: ١٩- ٢٥). ئەگەر یوسف کێشەی هەبووبێت لەوەی کە بە دڵ و عەقڵ باوەڕ بەم هەواڵە بکات، ئاخۆ کۆمەڵگە و گوندەکەی چۆن لەمە بڕوانن ئەوان بە هیچ شێوەیەك باوەڕناکەن.

کچێکی دەزگیراندار کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە بە دووگیانی دەرکەوت؟ مریەم لە کولتوورێکی شەرەفمەندی/ شەرمەزاریدا دەژیا کە ژنان بەهۆی ئەو جۆرە شتانە بەردباران

دەکران تاوەکو دەمردن، مریەم بە پەلە ڕۆشت (ئایەتی ٣٩). ئایا مریەم تا چەند دوور ڕۆشتووە؟ ئەو تەنها نەرۆشت بۆ خوار شەقامەکە دوو گوند دورتر نەڕۆشت.


ئەو بە درێژایی ڕێگاکە لە ناوچەی باکووری جەلیلەوە تا ناوچەی باشووری یەهودا گەشت دەکات. چووە ماڵی ئەلیسابات، کە ئامۆزاری بوو، ماڵی زەکەریا و ئەلیسابات لە گوندێکی بچووکی کۆندا بوون بە ناوی عەین کەرەم، کە گوندێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئورشەلیمی مێژووییەوە. عەین کەرەم بە واتای "بەهاری باخە ترێ " دێت. هەروەها شوێنی لەدایکبوونی یەحیایە.

بەهۆی ئەمەوە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا کڵێسا و خانەقا زۆرن، گەڕەکە نوێکان (ئێستا بەشێکە لە ئورشەلیم کە هەمیشە فراوانتر دەبێت) ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی دوو هەزار کەسە. ساڵانە نزیکەی سێ ملیۆن سەردانکەر سەردانی دەکەن، زیاتر لە هەشتا میل لە ناسیریەوە بۆ عەین کەرەمە، مریەم لە چینی جوتیارەکان بوو. ڕەنگە ئەو هەشتا میلە سواری کەر نەبووبێت. بەڵکو دەتوانین خەیاڵ بکەین کە لەناو کاروانێکی هاوسەفەرەکانیدا دەڕوات کاتێك ڕێگەیان بەرەو باشوور گرتۆتەبەر بۆئورشەلیم. ئێمە خەیاڵ دەکەین کە ئەو هەشتا میلە بە پێ دەڕوات، بە دووگیانی، کوڕی خودای زیندوو لە سکیدا گەورە دەبێت.

مریەم وەك کچێکی گەنجی دەزگیراندا، ڕۆژێك خەریکی کاری رۆژانەی خۆی بوو، کاتێك کە فریشتیەك لە شوێنێکی نادیارەوە هات بۆ لای و بانگهێشتی کرد بۆ سەرگەرمییەك کە تەواوی ژیانی بگرێتەوە. هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە دەبێت چەند باج بدات لە پێناویدا، بەڵام دەیزانی کە دەتوانێت ژیانی لەدەست بدات. هەروەها دەیزانی کە ڕەنگە هەمیشە ئەو و عیسا لەگەڵ جۆرێك لە چەواشەکاری کۆمەڵایەتیدا بژین سەبارەت بە شەرعی بوونی منداڵەکەی، چیرۆکی ڕاستەقینەی پشت دووگیانییەکەی، ئێمە بۆ هەمیشە سوپاسگوزارین کە مریەم وتی بەڵێ بۆ ئەو سەرگەرمییەی کە بۆی هات.

"با بەردەوام بین و ئەو سەرگەرمییە قبوڵبکیەن کە دێت بۆ ئێمە."

ج. س.لویس، شێر، جادووگەر و دوڵاب




کاتێك خودای زیندوو دەیەوێت سەرگەرمیەکانی شانشینەکەی دابەش بکات، هەندێکیان بەر کچان، و ژنان دەکەون، واتە بەر ئێمە دەکەون! پێویست ناکات بچین بۆ دۆزینەوەی سەرگەرمیەکانی شانشینی خودا، ئەوان ڕێگەی خۆیان هەیە بۆ دۆزینەوەی ئێمە.

بیر لەو کاتانە بکەرەوە کە خەریکی کاروباری خۆت بوویت و شتێك لە شوێنێکی نادیارەوە هات و سەر و دڵی داگیر کردیت - شتێك کە ئاراستەی ژیانتی گۆڕی. چۆن ئەمە کاریگەری لەسەر کەسایەتیت هەبوو ؟ چۆن تۆی گۆڕی؟ چۆن تۆی پێگەیاند ؟ تێچووی ئەوە چەند بوو لەسەر ژیانت؟.

ئەگەر ئەمڕۆ خودا بە سەرگەرمییەکی نوێوە بۆ تۆ دەربکەوێت ، ئایا شتێك هەیە کە ڕێگریت لێبکات لە وتنی بەڵێ بۆی؟ ڕوونکردنەوە لەو بارەیەوە بدە.

قافڵە (کاروان)

لە سەردەمی کۆندا هەرگیز بە تەنیا گەشتت نەدەکرد. گەشتکردن بە تەنیا بە مەترسیدار دادەنرا. بیر لە چیرۆکی سامرییە چاکەکە بکەرەوە- ئەو پیاوەی کە بە تەنیا گەشتی کرد، دزی لێکرا و لێیدرا.

لە کولتوری کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەڵك بە کاروان پێکەوە گەشتیان دەکرد- تاك و خێزانەکان پێکەوە گەشتیان دەکرد. گەشتکردن  بەو جۆرە  و بە کۆمەڵ هەستت بە پارێزراوی و ئاسایش دەکرد  هاوڕێیەتی و هاوبەشیکردنی یەکتری بە درێژای گەشتەکە هەبوو. ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکەکەی بەهێزتر دەکرد لەگەڵ ڕۆیشتنیان.

ئێمە وا خەیاڵ دەکەین کە مریەم لە  کاروانێکدا  لە ناسیریەوە بۆ عەین کەرەم گەشت دەکات. ڕەنگە زۆرینە یان هەندێك لەو کەسانەی ناسیبێت کە لەگەڵیاندا سەفەری دەکرد.

هەندێك جار پرسیار دەکەم ئایا مریەم باسی بینینی  فریشتەکە و ئەو قسانەی بۆ کەس کردووە؟ من پرسیار دەکەم ئایا لەو کاروانە کۆنەدا بە کەسی وتووە کە  ئە مەسیحی لە سکی خۆیدا هەڵگرتووە؟.

فێربوون



**باشترین بژاردە**

کاتێك عیسا و قوتابییەکانی بەرەو ئۆرشەلیم دەچوون، عیسا لایدایە گوندێك، ژنێك لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکرد ناوی مەرسا بوو. خوشکێکی هەبوو ناوی مریەم بوو، لەبەرپێی مەسیح دانیشت و گوێی لە

فەرمایشتەکانی دەگرت. بەڵام مەرسا لەبەر زۆری خزمەتکردن شڵەژا بوو، ڕاوەستا و گوتی: «گەورەم، باکت نییە خوشکم بە تەنها بەجێی هێشتووم و خزمەت دەکەم؟ پێی بفەرموو با یارمەتیم بدات.»مەسیح وەڵامی دایەوە: «مەرسا، مەرسا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و نارەحەتیت.بەڵام یەك شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە لێی ناسەنرێتەوە.» لوقا ٣٨:١٠-٤٢

- سەیری ئەم بڕگەیەی کتێبی پیرۆز بکەن لە دیدگای ڕۆژئاواوە، سەرەتا لێیّ تێبگە، دواتر لە تێگەیشتنەکەتەوە با باوەڕکردن بێت، ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

- لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بڕگەیەی کتێبی پیرۆز بکەن، سەرەتا باوەڕی پێبکە، دواتر لە باوەڕەکەتەوە با تێگەیشت بێت ، ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

مریەم لە خوار پێی عیسا دانیشتبوو، گوێی لێدەگرت و فێر بوو لێوەی کاتێك، کە فێری قوتابییەکانی دەکرد. ئەگەر چاوەڕێ بکەیت کە هەموو شتێك لەم بەشە تێبگەیت بۆ ئەوەی باوەڕت پێی هەبێت، لەوانەیە هەرگیز باوەڕی پێنەهێنیت. ئەگەر وشەکە وەك خۆی وەربگریت و ڕێگە بەی کە لە دڵتدا جێگیر بێت، ئەوا دەست دەکەیت بە هەنگاونان بەرەو پێشەوە بە دیدێکی نوێ و تێڕوانینێکی تازە لەنێو شتەکانی تردا.

لە دیدگای ڕۆژئاواوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکەن، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی من؟" ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بڕگەیەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکەن، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی خودا؟" ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

لە دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز بکەن، پرسیار بکەن، "ئەمە چیم فێر دەکات دەربارەی عیسا؟" ئەوەی لەم چیرۆکەدا تێبینی دەکەیت بینووسە.

کام دیدگا زیاتر هانت دەدات، بە بەخشندەیی سەرت بەرز دەکاتەوە؟ ڕوونکردنەوە بدە لەو بارەیەوە

ژیان

**ڕۆیشتن بەرەوپێشەوە**

ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی خوانی جەژنە حەوت هەفتەییەکەمان کە پێکەوە بووین. لە کاتی وانەوتنەوەدا زۆر شت فێر بووین هاوبەشیمان پێکرد لە کاتی یەشیڤادا، ئێمە فێربووین دیدگای ڕۆژئاوایمان لابەرین و دیدگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێین لە شوێنی کاتێك کە کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە و دەیخۆین. ئێمە فێربووین کە عیسا زۆر باشترە لەوەی کە زانیومانە!

لەم حەوت هەفتەمان کە بەیەکەوە بەسەرمان بردووە و فێربووین چاومان ببڕینە خودا و چاوێك بە ژیانماندا بخشێنین. ئێمە فێربووین خۆمان ئامادەبکەین بۆ وەرگرتن، بۆ ئەوەی لەلایەن باوکمانەوە وشەی خودامان پێ بدرێت. ئێمە وەك ڕووبارەکان دەژیاین نەك دەریاچە، ئەوەی لەم کاتەی خۆماندا پێکەوە لە کتێبی پیرۆزدا بەدەستمان هێناوە بە کەسانی دیکەی دەبەخشین.

ڕۆحی پیرۆز وشەی خودا دەدات بە کچەکانی خودا بۆ ئەوەی کە خزمەتی پرۆژەکەی بکەن، وشەی خودا زیندووە چالاکە وەك ئێمە، وشەی خودا هەناسەی خودای پیادا کراوە بۆیە بە دڵمان ڕۆحی پیرۆز دەبەخشێت، ئێمەش باشترینین کە ئەم حەوت هەفتەیەمان پێکەوە بەسەر بردووە.

ئێمە لە جیهانی جوولەکە و سەدەی یەکەمدا عیسامان ناسیوە. هەروەها ئێمە ژن لە جیهانی جوولەکە و سەدەی یەکەمی ئەودا دەناسین. ئێمە سەیری عیسامان کردووە کە پەیوەندی بە گروپێکی جۆراوجۆری ژنانەوە هەیە (سامری، جولەکە، بێوەژن، زیناکار) ئەو بە ئامانجەوە بەرەو ئەوان ڕۆیشت؛ ئەو بۆ ئەوان هات و لەگەڵ ئەوان بوو. ئەو کار دەکات بۆ ئەوەی بە قووڵی نوێیان بکاتەوە لە کاتێکدا میشپات (دادپەروەری) و تزێداکا (ڕاست و دروستی)ی هێنا-سەری بەرزکردنەوە بە بەخشندەیی، عیسا بۆ هەریەکەیان. خۆشەویستی میهرەبانییەکی توند و بێ وێنە و قوڵی هەبوو.

عیسا نەهاتووە شتەکان پێچەوانە بکاتەوە. ئەو هاتووە شتەکان ڕاست بکاتەوە. ئامانجی هەر مامۆستایە ئەوە بوو کە قوتابییەکانی (تەلمیدیمەکان) فێربکات کە چۆن هەڵگا (ڕێگا یان بەدوا)ی خودا بڕۆن بە ئاشتی(شالۆم). عیسا مەبەستی ئەوە بوو کە ژنان لە هەموو شوێنێك بە سەربەرزی بژین. ئەگەر ئەو ئەو شتانەی بۆ ئەو ژنانە کردبێت، بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ دەتوانێت بۆ ئێمەشی بکات.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە- چۆن دەتەوێت دوای ئەم حەوت هەفتەیە بەرەو پێشەوە بچیت؟ چی شتێك هەیە کە  دەتەوێت بۆ هەمیشە لەبیرت بێت؟ ئەو شتانە چییە کە بۆ ئەوانیتری باس دەکەیت؟

گرنگترین ئەو شتانە چین کە لەدوای ئەم حەوت هەفتەیە کە لەلای خۆت دەمێنێتەوە؟

ئەو شتانە بنوسە کە بەڵێن دەدەیت پێوەیان پاباند بیت لە دوای ئەم حەوت هەفتەیە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕۆیت لە ژیاندا؟

چۆن دەتەوێت ژیانت بگۆڕیت لە دوای بەشداریکردن لەم خوانی جەژنە حەوت هەفتەییەدا؟

چۆن دەست دەکەیت بە ژیانکردن بە تەرکیزکردنێکی زیاتر بۆ سەر خودا؟ وەك کەسێك کە ڕۆژانە مەسیح سەرت بەرز دەکاتەوە؟

# ئاهەنگی کۆتای



# ئاهەنگگێڕان

دوای ئەوەی هەر حەوت خولەکەمان پێکەوە تەواو کرد، چەند ساتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی بیر لە ئەو شتانە بکەیتەوە و ئاهەنگبگێڕیت کە خودا لە ژیانتدا کردوویەتی بۆ تۆ. ئازادانە پەیوەندی بە هاوڕێیانی گروپە بچووکەکانتەوە بکەن یان نامە بنێرن بۆیان تا بتوانن پێکەوە ستایشی خودا بکەن بۆ ئەو کارەی کە کردوویەتی بۆتان.

لە ڕۆژئاوا هەمیشە نازانین چۆن کۆتایی بە شتێك بهێنین. بەڵام من دەڵێم دەبێ بە ئاهەنگ کۆتایی پێ بێنین. وەك گەلێك کە باوەڕمان وایە خودا کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆ جیهان، شوێنکەوتوانی عیسا، مەسیح دەبێ گەلێکی ئاهەنگگێڕبن، شێوازی ئاهەنگگێڕانمان ئەوە دەردەخات کە ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە دەربارەی خودا.

لە کلتوری عیبریدا دوو زیکری ڕۆحی بنەڕەتی هەیە (لە نێوان زیکرەکانی تردا) کە پراکتیزەیان دەکەن- ئەوانیش یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕانە. ئەم زیکرە ڕۆحیانە ژیانی منیان گۆڕیوە. پێشتر باسمان لە زاخار کردووە (یادکردنەوە)، بەڵام هێشتا باسمان لە ئاهەنگگێڕان وەك زیکرێکی ڕۆحی نەکردووە.

من باوەڕم وایە خودا ئەم پراکتیزە ڕۆحیانەی خستۆتە بەردەم گەلەکەی چونکە دەزانێت ئێمە گەلێکین زۆر بە زووی شتەکان لەبیردەکەین، ئێمە زۆر بە ئاسانی دڵسۆزی پەروەردگار لە ژیانماندا لەبیر دەکەین، چونکە ژیان پڕە لە نەهامەتی.

ئەو ئازارە لە ناکاوانەی کە بۆ ئێمە دێت وادەکات کە ژیانمان قورستر بێت، کە بیرمان نەیەتەوە کە ئەو چی کردووە و بەڵێنی ئەوەی داوە کە چی مان بۆ بکات. ئەم زیکری یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕانە وامان لێدەکات کە لە واقیعدا بژین.

ئێمە پێویستمان بەم زیکرانە هەیە، چونکە زۆرجار هەست دەکەین کە بە ئەمەك نین بە ڕاستی بەرامبەر ئەوەی کە خودا کێیە. یادکردنەوە دەمانباتەوە بۆ ئەو تۆمارە مێژووییە ڕاستەقینەی کە خودا کێیە، ئەو شکستی پێنەهێناوین و هەرگیز شکستمان پێناهێنێت.

شتێك هەیە دەربارەی یادکردنەوە بە شێوەی ئاهەنگگێڕان کە بەرەو پێشەوەمان دەبات- هاندەرمانەو ئەوەندە بوێریمان پێدەبەخشێت کە پاڵمان پێوەبنێت کە فێربین و بەرەو ئەو شتانەی لەبەردەمماندایە بڕۆین

ئێمە یادکردنەوە وەك تەنها سەیرکردنێك بۆ دواوە دەبینین، بەڵام بۆ خەڵکی عیبری، ئەوە ئاوڕدانەوەیە بۆ دواوە بەمەبەستی سەیرکردنی پێشەوە. کاتێك یادی مێژووی دڵسۆزییەکانی خودامان دەکەینەوە، چی ئەو دڵسۆزیانەی کە لە ژیانماندا کردوویەتی چی وەك خێزانی خودا لە ڕابردوو و ئێستادا، ئەوە هەستکی ئاهەنگگێڕان لە ئێمەدا خێراتر دەکات چونکە دلسۆزییە نەبڕاوەکەی ئەومان بیردەخاتەوە.

ئەوەمان بە بیردەهێنێتەوە کە مەسیح بەسەر مردواندا هەستاوەتەوە، ئەوەشمان بیردەخاتەوە کە خودا بە درێژایی ژیانمان چیرۆکەکەمان دەبینێت، شوانی ئێمە و ئەم جیهانە شێتانەیە دەکات بۆ گەڕانەوەی ئاشتی بۆی.

ئێمە بۆ هەمیشە لە ئاشتییەکی تەواودا دەژین، لەگەڵ خودا. ئاهەنگگێڕان دەمانبەستێتەوە بەو واقیعە ڕۆژانەیەی کە گەراندنەوە و نوێبوونەوەی قووڵ لە هەموو شتەکان ڕوودەدات، تەنانەت ئێستاش لە ناوەڕاستی شتە ئاساییەکاندا.

وەستان بۆ پەیوەندیکردن بۆ گێڕانەوەی کتێبی پیرۆز لە ڕێگەی مێتاوە، بەرەو پێشەوەمان دەبات. خێراترمان دەکات بۆ بیرکردنەوە دووبارە و سەرلەنوێ نوێبوونەوە؛ ئەگەر ئەمە خودایە ، ئەوا من دەمەوێت کێ بم؟ بۆیە با چەند خولەکێك تەرخان بکەین بۆ سەرنجدان لەوەی ، لەبیرمان بێت، ئاهەنگبگێڕین و بەرەو پێشەوە بچین، بە تامەزرۆییەوە شایەتحاڵی گەڕانەوەی خودا بین لەناو ئێمە و لە دەوروبەرمان.

یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕان هەندێك لەو ڕێگایانەن کە وەك کچێك وامان لیدەکات بەباوەڕەوە بین. لەبیرمان بێت خودا کێیە؛ ڕەگ و ڕیشەی بوێری خۆمان لە کارەکتەری دڵسۆزی ئەودا دابڕێژین. ئاهەنگی خۆشەویستی ئەو بۆ ئێمە بگێڕین.

کام شێوازە وەردەگریت بۆ ممارەسەکردنی یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕان لە ژیانتدا؟ لە کاتە تایبەتییەکانی خۆت لەگەڵ خودا؟ لەگەڵ خێزانەکەت یان ئەو کۆمەڵەی باوەڕدارانەی کە بەشێکیت لێی؟

له ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی عیسا فێربووین، دەتەوێت کێ بیت؟ دەتەوێت چۆن بژیت؟ جیاواز لە پێش و تر کە چۆن بوویت؟ بیروڕاکانت ڕوون بکەرەوە.

دەتەوێت چۆن ببیتە دروستکراوێك کە چاکەی خودات لەبیربێت و ئاهەنگ بگێڕێت بۆی ؟

لە خوارەوە، یان لە دەفتەری ڕۆژانەکەت چەند خولەکێك تەرخان بکە بۆ ڕاهێنانی ئەم زیکرە ڕۆحییانە. لەبیرت بێت- چەند شیوازێك تۆمار بکە کە بینیوتە خودا لە ژیانتدا یان لە ژیانی منداڵیت دڵسۆز بووە لەگەڵت.

ئاهەنگ بگێڕن- چۆن ئەو شتانەی لە سەرەوە کە ئاماژەت پێکرد هانت دەدات بۆ ئەوەی بە دڵخۆشی بژیت و بۆ پێشەوە بڕۆیت؟

# ڕێبەری سەرکردایەتیکردن



## پێشەکی ڕێبەری سەرکردایەتیرکردن

عیساو ژنان، ڤیدیۆ و گفتوگۆکردنە لەسەر بنەمای خوێندنی کتێبی پیرۆز، خوێندنەکانی هەفتانەتان لەپاڵ ڤیدیۆکانی فێرکردنی خوانەکەمان یارمەتیمان دەدات ڕاستگۆیانە گفتوگۆبکەین ئەو کاتەنەی کە پێکەوە کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە، بەو پێیەی گفتوگۆکردن بۆ ئەزموونەکردن زۆر گرنگە، چەند پرسیارێکی دەستپێك لە هەردوو بەشی گفتوگۆ و ڕێبەری سەرکردایەتی کردنەکە دەبینیتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدات گفتوگۆکە بەڕێوەبچێت. ئەم توێژینەوەیە ڕەنگە لە چەندین شوێن بتوانرێت بەکاربهێنرێت لەوانە لەگەڵ گروپی گەورە یان بچووکدا، لە کڵێسا، لە ماڵ، لە ئۆفیس، لە قاوەخانەکان، یان شوێنە خوازراوەکانی تر.

## ئامۆژگاری بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز

نوێژکردن: لەکاتێکدا خۆت ئامادە دەکەیت بۆ بەڕێوەبردنی خولی عیسا و ژنان، ئەوەت لەبیربێت کە نوێژکردن شتێکی بنەڕەتییە. هەفتانە کاتێك دیاری بکە بۆ نوێژکردن بۆ ژنانی گروپەکەت. گوێ لە پێداویستییەکانیان بگرە و ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستەنگی و پێداویستییەکانیان بهێننە بەردەم یەزدان. هەرچەندە ڕێکخستن و پلاندانان گرنگە، بەڵام پێش هەر کۆبوونەوەیەك پابەندبە بە نوێژکردن، ژنەکان هانبدە کە نوێژ وەك بەشێك لە دیسیپلینە ڕۆحییەکانی ڕۆژانەیان ببینن.

ڕێنمایی: ژنان لەو شوێنانەی کە هەن قبوڵ بکە، بەڵام تەوەقوعاتێك دابنێ کە پاڵنەر بێت بۆ پابەندکردنیان، یەکگرتوو و متمانەپێکراو بە، هانیان بدە بۆ بەردەوام بوون لەم خوێندنە و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی گروپەکایان و ئەنجامدانی خوێندنە کەسییەکانیان.

بە وردی گوێ بگرە، بەرپرسیارانە گفتوگۆکە بەڕێوەبەرە، متمانە هاوبەشی پێکراوەکان لەناو گرووپەکەدا بهێڵەرەوە، ڕاستگۆبە و بە هێزبە دەربارەی باسکردنی ئەوەی کە خودا فێرت دەکات بە درێژایی خوێندنەکە. زۆربەی خانمان شوێن پێشەنگی تۆ دەکەون و زیاتر ئامادەن هاوبەشی بکەن و بەشداری بکەن کاتێك شەفافیەتی تۆ دەبینن، خۆت بگەیەنە ئەو ژنانەی کە تەمەنیان جیاواز و باگراوندی جیاواز و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندان، ئەم ئەزموونە جۆراوجۆرە بە دڵنیاییەوە گفتوگۆ و کاتەکانتان پێکەوە دەوڵەمەندتر دەکات.

پەیوەندی: لەگەڵ ژنانی گروپەکەتدا لە پەیوەندیدا بمێنەرەوە، سۆشیال میدیا، ئیمەیڵ، نامەی کورت، پەیوەندی تەلەفۆنی، یان تێبینییەکی خێرا لە پۆستدا بەکاربهێنە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیان و هاوبەشکردنی پێداویستییەکانیان بۆ نوێژکردن بۆیان بە درێژایی هەفتە. کاتێك کە نوێژیان بۆ دەکەیت پێیان بڵێ کە نوێژیان بۆ دەکەیت، هەموو شتێك ڕەگ و ڕیشەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هەیە، هانی ژنان بدە لەپەیوەندیدا بن لەگەڵ مەسیحدا.

**ئامۆژگاری بۆ ڕێکخستنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی کتێبی پیرۆز**

لەگەڵ قەشەکە، بەریوبەری فێرکردنی قوتابییەکان قسە بکە: ئەگەر تۆ وەك بەشێك لە کڵێسایەکی ناوخۆیی سەرپەرشتیاری ئەم کارە دەکەیت، داوای زانیاری و نوێژ و پشتگیری لە سەرکردەی کڵێساکە بکە.

شوێنەکەت مسۆگەر بکە: بیر لە ژمارەی ئەو ژنانە بکەرەوە کە دەتوانیت شوێنیان بۆ دابین بکەیت. مێز، کورسی، یان ئامێری ڕاگەیاندن بۆ ڤیدیۆکان ، مۆسیقا و پێداویستییە دەنگییەکان ئامادە بکە بۆیان.

چاودێری منداڵان لە ئەستۆبگرە: ئەگەر تۆ دایکی منداڵی بچووك /یان دایکێکی تەنیایت، بە ئامانج گرتنی، چاودێری منداڵان زۆر پێویستە.

دابینکردنی سەرچاوەکان: دوای ئامرازەکانی بەرێوەبردن و ژمارەی پێویستی کتێبەکان، کتێبی خوێندنی کتێبی پیرۆز داوا بکە. لەوانەیە چەند شتێکی زیادە بکڕیت، ناو تۆماربکە لە کۆتا خولەکەدا.

پلان دابنێ و ئامادەکاری بکە: ئاشنا بە بە سەرچاوەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و ئەو پێداویستیانەی کە بۆ بەریوەبردنەکەت بەردەستن. تەماشای ڤیدیۆ فێرکارییەکان بکە و ئەو دەرئەنجامانەی کە دەستت دەکەوێت لە گەڵ گروپەکەت هاوبەشی پێبکە، سەردانی ماڵپەڕی lifeway.com/jesusandwomen بکە بۆ دۆزینەوەی بابەت و پێداویستی زیاتر بە خۆڕای بەمەبەستی بەکارهێنانی لە فێرکردنەکەت.

هەڵسەنگاندن: لە کۆتایی هەر خولێکدا  لە گەڵ گروپەکەت، لە خۆت بپرسە: چی بە باشی بەڕێوەچوو؟ چی دەتوانرێت باشتر بکرێت؟ ئایا ژیانی ژنانتان بینی کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ ئایا گروپەکەت گەشەیان کرد، نزیك بوونەوە لە مەسیح و لە یەکتری؟

**هەنگاوەکانی داهاتوو**

تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی خولەکە، بەدواداچوون بکە و چاڵنچی ژنەکان بکە کە بەشداری بکەن لە ڕێگەی خوێندنێکی تری کتێبی پیرۆز، دەرفەتی چوونە کڵێسا، یان خزمەتێکەوە کە بەردەوام دەبێت لە گەشەکردنی ڕۆحییان و هاندەربێت بۆ بەردەوامی هاوڕێیەتی یان، چەند بژاردەو دەرفەتیان پێبدە کە بەشداری خزمەتێك بکەن چی بە تاك یان وەك گروپ بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە فێربوون. .

خولی یەکەم

١- بەخێرهاتنی ژنان بکە بۆ ئەم خوێندنە. کتێبی خوێندنەکە دابەشبکە بەسەریاندا.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی یەکەم بکە، بە بەکارهێنانی پوختە و تێبینییەکان کە لە لا(١٨-٢٠) دا هەیە، لە کاتێکدا کە دێیت بۆ خوانی هەفتانە.

٣- لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستەن ڕووی پرسیارەوە، بەشیوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لاپەڕە(٢١ ).

٤-ئەوە بە بیر ئەندامانی گرووپەکەت بهێنەرەوە کە لە مالەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە( ٢٢-٣٧ ) بەرلەوەی جارێکی تر کۆببینەوە.

٥- خولەکە بە نوێژکردن کۆتای پێبهێنە.

خولی دووەم

1. بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی دووەمی عیسا و ژنان.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی دووەم بکە، پوختە و تێبینییەکان بەکاربهێنە لە لاپەڕەکانی(٤٢-٤٦)، و هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣- لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستنە ڕووی پرسیارەوە بەشیوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لاپەڕە(٤٧)

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گرووپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(٤٨-٦٢) بەرلەوەی جارێکی تر کۆببینەوە.

٥-کۆتایهێنان: کات تەرخان بکە بۆ نوێژکردن پێکەوە، داوا لە خودا بکەن کە چارەسەری ژنەکان بکات لە هەرشوێنێك ئەگەر ژنەکانی ناو گروپەکەت زوڵمیان لێکرابێت، یان بە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کرابێت. داوا لە خودا بکە کە نوێکردنەوەیان بۆ بهێنێت، بیر لەوە بکەرەوە کە دەرفەت بە ژنان بدەیت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، پاشان با لە دەوروبەرت کۆببنەوە، بەتایبەت نوێژ بۆ دانە بە دانەیان بکە.

**خولی سێیەم**

١- بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی سێیەم عیسا و ژنان.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی سێیەم بکە، پوختە و تێبینییەکان بەکاربێنە لە لاپەڕەکانی (٦٧--٧٢)، هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣-لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستەنە ڕووی پرسیارەوە بە بەشیوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لە لاپەڕە (٧٣).

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گرووپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(٧٤-٨٦) بەرلەوەی جارێکی تر کۆببینەوە.

٥-کۆتایهێنان: داوا لە ژنەکان بکە گروپی دوو تا چوار کەسی پێکبهێنن و باسی ئەوە بکەن کە چۆن شەرمەزاری لە ڕابردوودا ئیفلیجیانی کردووە یان لە ئێستادا ئیفلیجیان دەکات. ڕێنماییان بکە دوای ئەو هاوبەشی کردنە نوێژ بۆ یەکتری بکەن.

**خولی چوارەم:**

١- بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی چوارەمی عیسا و ژنان.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی چوارەم بکە، پوختە و تێبینییەکان بەکاربهێنە لە لاپەرەکانی (٩١-٩٦)، و هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣-لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستەنە ڕووی پرسیارەوە بە بەشێوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لە لاپەڕە (٩٧).

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گرووپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(٩٨-١١٠) بەرلەوەی جارێکی تر کۆبببنەوە.

٥-کۆتایهێنان: بیری ژنان بخەرەوە کە زانینی ئەوەی عیسا بەڕاستی کێیە، زۆر گرنگە بۆ زانینی ئەوەی کە بەڕاستی چی ڕاستە. بۆ ناسینی دەبێت کات لەگەڵیدا بەسەر بەریت لە نوێژ و وشەکانیدا. تەحەدای گروپەکەت بکە، کە لەم هەفتەیەدا دانانی کات بۆ عیسا لەکارە یەکەمینەکانیان بێت.

خولی پێنجەم:

١- بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی چوارەمی عیسا و ژنان.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی پێنجەم بکە، پوختە و تێبینیەکان بەکاربهێنە لە لاپەرەکانی (١١٦-١٢٠)، هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣-لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستەنە ڕووی پرسیارەوە بەشێوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لە لاپەڕە (١٢١).

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گروپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(١٢٢-١٣٣) بەرلەوەی جارێکی تر کۆبببنەوە.

٥-کۆتایهێنان: دابەشبن بەسەر گروپە بچووکەکاندا و پرسیاری بەر لە کۆتای (بادەست بکەین بە یەشیڤا) بکە: ئەگەر عیسا لە ئێستادا سەرسام بێت بە تۆ، ئایا بۆ بەهێزی باوەڕەکەت دەبێت یان لاوازی باوەڕەکەت؟ لە ئێستادا چی بارودۆخێك بەربەستە لەبەردەم باوەڕەکەت؟ چ بارودۆخێك لە ئێستادا هاندەری ئیمانەکەتە؟ ژنان ڕێنمایی بکە کە نوێژ بۆ یەکتری بکەن لەدوای هاوبەشیکردنەکەیان.

خولی شەشەم:

١- بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی شەشەم عیسا و ژنان.

٢- سەیری ڤیدیۆی خولی شەشەم بکە، پوختە و تێبینییەکان بەکاربهێنە لە لاپەڕەکانی (١٣٨-١٤٢)، هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣-لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستنە ڕووی پرسیارەوە بەشێوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لە لاپەڕە (١٤٣).

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گروپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(١٤٤-١٥٦) بەرلەوەی جارێکی تر کۆببینەوە.

٥- کۆتایهێنان: داوا لە ژنەکان بکە کە چیرۆکی ئەو ژنە بگێڕنەوە کە وەك ڕووبارێك بەرەو ڕووی ڕۆشتن و ئەوشتانەیان بەشداریپێکرد کە لەم خوانی جەژنەدا فێربووین، هەردوو ژنێکتان پێکەوە نوێژ بکەن بۆ ئەو کەسەی کە ئەوشتانەی لەم خوانەدا فێربوون هاوبەشیتان پێکرد لەگەڵی و داوا لە خودا بکە نزیك بێت لەو کەسە. نوێژبکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسە خودا لە نزیکەوە وەك ڕزگارکەر و پەروەردگار بناسێت.

خولی حەوتەم:

١- بەخێرهاتنی ژنەکان بکە بۆ خولی حەوتەم عیسا و ژنان.


٢- سەیری ڤیدیۆی خولی حەوتەم بکە، پوختە و تێبینییەکان بەکاربهێنە لە لاپەڕەکانی (١٦٢-١٦٦)، هانی ژنان بدە کە تێبینی بنووسن لە کاتێکدا کە کریستی فێریان دەکات.

٣-لە دوای ڤیدیۆکە، لە ڕێگەی خستنە ڕووی پرسیارەوە بەشێوەی یەشیڤا ڕابەرایەتی ژنان بکە لە لاپەڕە (١٦٧).

٤- ئەوە بە بیر ئەندامانی گروپەکەت بهێنەرەوە کە لە ماڵەوە خوێندنە کەسییەکەیان تەواو بکەن لە لاپەڕە(١٦٨-١٧٨) بەرلەوەی جارێکی تر کۆببینەوە.

٥- ڕێنمایی ژنان بکەن کە ئەو شتانە باس بکەن کە ڕێگرە لە متمانەکردنیان بە پەروەردگار، ئەوەی ڕەنگە ڕێگرییان لێ بکات لە وتنی بەڵێ بۆ خودا. ڕێبەرایەتی بکە لە نوێژکردن بۆ ئەوەی سوپاسی خودا بکەیت کە متمانەپێکراوە. سوپاسی بکە کە سەرگەرمیەکانی ئینجیلی بۆ هێناین، داوای لێ بکە ئەو نیعمەتەمان پێ ببەخشێت کە بەڵێ بکەین بۆی. چەند خولەکێك تەرخان بکە بۆ ئاهەنگگێڕان بەو کارانەی کە خودا لە گروپەکەتدا کردوویەتی لەم حەوت خولەماندا.

# فەرهەنگ



شوع بن سیراخ: نوسەرێکە بە ڕەچەڵەك خەڵکی ئورشەلیم بووە، کە قوتابخانەی جولەکەی لە ئەسنکەندەرییەی/میسڕ لە دەوروبەری (٢٠٠) ساڵ بەرلە ئێستا دروست کرد، بن سیرا زۆر شارەزا بوو لە کتێبی پیرۆز (ئەوەی ئێستا بە پەیمانی کۆن ناسراوە) لەگەڵ سروشتی مرۆڤ. فێرکارییەکانی بەوە دەناسرانەوە کە مامەڵەی توندی لەگەڵ کۆیلە و ژن تێدابوو، پێی وابوو کە ئەوان موڵکی خاوەنەکەیانن و بەهەرشیوەیەك بیەوێت دەتوانێت مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەم فێرکاریانە لە سەردەمی ئەودا قورس بوو کە قبوڵ بکرێت تەنانەت لە ئەمرۆشدا ئەستەمە کە قبوڵ بکرێت.

کتێبی بن سیرا/سیراخ: هەرچەندە چەندین ناونیشان بۆ ئەم کتێبە هەیە لەوانە (کتێبی ژیری) لە سەدەی دووەمی پێش زایین نوسراوە، بەڵام زۆرترین جار بە (ئیکلیسیاستیکۆس) یان سیراخ ناسراوە. بن سیرا لە بنەڕەتدا دەقەکەی بە زمانی عیبری نووسیوە و دوای دەیان ساڵ نەوەکەی وەریگێڕاوە بۆ زمانی یۆنانی.

هەرچەندە لەلایەن پرۆتستانتەکانەوە بە بەشێك لە کتێبی پیرۆز نازانرێت و هەژمارناکرێت، بەڵام هەردوو کلێسەی کاسۆلیکی و ئۆرتۆدۆکس بە کتێبی پیرۆز دەزانن و لە کتێبە پیرۆزکانیاندا پۆلێنیان کردووە، لە ناوەڕۆکدا، ئەم کتێبە زیاتر هاوشێوەی ژانەرێکی ئەدەبیاتی ژیرییە چونکە چەندین پەند و فێرکاری ئەخلاقی لەخۆدەگرێت.

ڕەچاوکردنی کولتووری: لەگەڵ تێڕوانینەکانمان بۆ کتێبی پیرۆز لە دیدگای نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگە لە هەندێك جیاوازی بەرچاو لە نێوان کولتوری ئەمڕۆمان و کلتوورەکانی سەدەی یەکەمی زاینیدا تێبگەین، هەرچەندە کەلەپووری کلتووری و تێڕوانینە جیهانییەکانمان ڕاستن، بەڵام ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا بە سێ ڕێگای زۆر جیاواز لە خەڵکی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا لە پەرتووکی پیرۆز دەڕوانین.

یەکەم: ئێمە لە کلتورێکدا دەژین لەسەر بنەمای تاوان/بێتاوانییە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تێروانینمان دەربارەی ئەوەی کە چۆن دادپەروەری جێبەجێ بکەین، ئێمە دەزانین کە بنەمایەك هەیە دەڵێت(تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو ئەوکاتەی کە تاوانەکەی لەسەر دەسەلمێنرێت ) با ویژدانت ڕینوێنیت بکات، بەڵام چی ڕوودەدات کاتێك دادپەروەری نادۆزرێتەوە؟ یان کاتێك دادپەروەری هەڵە بێت؟ تا چ ئاستێك متمانەمان بە ویژدانمان هەیە کە چیتر هەست بە تاوانباری ناکەین کاتێك شتێکی هەڵە دەکەین؟

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازتر لە جیهان دەڕوانن، ئەوان لەسەر بەردەوامیدان بە کلتوری شەرمەزاری /شەرەفمەندی کاردەکەن. لەم کلتوورەدا، لەبەرئەوەی هەموو شتێك لەسەر بنەمای بەسەنتەری بوونی - خێزان، ئایین، نەریت و سیاسەتە هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە بەرپرسیارێتی یان شەرەفمەندی بۆ کەسوکاری خۆی هەڵدەگرێت. شەرمەزاریکردن سەرزەنشت دەکرێت، بۆ نموونە، فێڵکردن لە خێزانێکی تر لە مامەڵەیەکی بازرگانیدا، نەبوونی منداڵ و بوونی پەیوەندی نەشیاو هەموو ئەمانە شەرمەزاری بۆ تەواوی خێزانەکە دەهێنێت، لە لایەکی ترەوە جێبەجێکردنی ئەرکەکان وەك کچ یان کوڕ، ژن یان مێرد، قەشە یان فەرمانڕەوا شەرەف دەهێنێت، مرۆڤ وەك ئەندامێك، یەکەیەکی خێزانەکەی، هەموو کارێك یان شەرەف دەهێنێت یان شەرمەزاری بۆی، هەروەها سەبارەت بە گوناە و دادپەروەری، هەمووی پەیوەستە بە شەرەف و شەرمەزارییەوە.

ئەمەش دەمانباتە سەر دووەم جیاوازی کلتوری دیار، ئێمە جەخت لەسەر تاکەکان دەکەینەوە لە ئێستادا، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر هەموو شتێك دەربارەی کۆمەڵ بوو. سەرنج بدەن ئەمە چەندە گرنگە بۆ تێگەیشتنمان لەو جیاوازییە کلتوورییەی کە تازە باسمان کرد- بێتاوانی/تاوانباری و شەرەفمەندی/شەرمەزاری.

لە کلتووری تاکگەرایی ئێمەدا، ئەوە جێگیر بووە، کە گوناە بابەتێکی تایبەتە، هەربۆیە گوناە تا ڕادەیەك بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕێژەییە. ئەوەی ڕەنگە بۆ تۆ گوناە بێت، ڕەنگە بۆ من نەبێت؛ خاڵە لاواز و خاڵە بەهێزەکانی من جیاوازن لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی تۆ، بەڵام لە کلتوورێکی بەکۆمەڵدا هەمووان تێدەگەن کە چاوەڕوانی چی دەکرێت و کەم شت بە نهێنی ئەنجام دەدرێت. تەنانەت داود، کاتێك بەتشەبای برد، لەلایەن خزمەتکارەکانیەوە ئاگادارکرایەوە کە ئەو کچە هاوسەری کەسێکی ترە! لەکاتی ژیانکرن بە کۆمەڵ، گوناە لەسەر قۆڵ دەبەسترێت. هەموو کەسێك دەزانێت چی ڕوودەدات و کردەوەکانی مرۆڤ یان شەرمەزاری یان شەرەف بۆ کۆمەڵەکەی دەهێنێت.

لە دواجاردا، کلتوری کۆن و ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر میواندۆستە، من تەنها باس لەوە ناکەم کە خەڵك لە هەیوانی پێشەوە بۆ خواردنەوەی چای پاشنیوەڕۆ دادەنیشن، میوانداری بە یەکێك لە گەورەترین فەزیلەتەکان دادەنرێت کە مرۆڤ دەتوانێت دەریببڕێت. ئەگەر کەسێکی غەریب هاتە ماڵەکەت، یان بە سادەیی لە نزیك ماڵەکەتەوە بە پێ ڕۆشت، دەبێت بانگهێشتی

بکەیت بۆ ماڵەکەت، کاتێك بانگهێشتیان دەکەیت بۆ ژوورەوە، میوانەکەت هیچی بۆتۆ پێنییە بەڵام تۆ باشترینی!

ئەگەر پلانت داناوە بۆ ئاهەنگێکی تایبەتی لەدایکبوون بۆ منداڵێکت، ئەوا ئەو خەڵکانەی کە دێن بۆ ئاهەنگەکەت، دەبێت تۆ ئەو پارەیەی کە پاشەکەوتت کردووە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلێکی نوێ، ڕێژەیەکی زۆر لەو پاشەکەوتەکە سەرف بکەی بۆ میوانەکان بۆ خواردن و کات بەسەربردنیان، لە هەندێك کلتووری کۆچەری ئەمڕۆدا، خێزانەکان بەپێی داب و نەریتیان پێویستە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باشترین خواردن و خواردنەوەکانیان پێشکەش بکەن. گرنگ نییە تۆ جولەکە بیت، موسڵمان بیت، مەسیحی بیت، هیندۆس بیت، یان تائۆیست بیت. ئەگەر بەلایدا تێپەڕیت و بەدوای شوێنی نیشتەجێبوون یان پەناگەیەك گەڕایت، ئەوان وەك میوانێکی بەڕێز گرنگیت پێدە دەکەن.

زاراوە(ئیدیۆمە) کلتوورییەکان: لە هەر زمانێکدا، ئێمە جیاوازی و تێگەیشتنی کلتووری دەدۆزینەوە کە زۆر جار ناتوانرێت بە پێناسەکردنی سادەی وشەکان دانە بەدانە لە دەستەواژەکان تێبگەین. ئەگەر بڵێم ”من لە ئاوی گەرمدام”، ئەمە پەیوەندی نییە بەوەوەی کە لە ئاوی کوڵاودا دانیشتووم. بەڵکو تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە من تووشی کێشە بووم. نموونەی دیکە: "ئەوان ڕێگە دەدەن پشیلەکە لە جانتاکە بێتە دەرەوە."، ”پشیلە و سەگ دەبارێت” و ”قاچێك بشکێنە.”.

ئێمە لە کتێبی پیرۆزدا دەستەواژەی هاوشێوەمان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی زمان و کلتوورەکە باش نازانین، زۆرجار ئەم دەستەواژانە واتاکەی لە دەست دەدەن لە کاتی وەرگێڕان یان لێکدانەوەیدا، بۆ نموونە، لە چوارچێوەی کتێبی پیرۆزدا، هەبوونی "چاوێکی باش" بە واتای بەخشندەیی دێت، "بیستن" بە واتای بیستنی وشەکە و هەروەها گوێڕایەڵیکردنی، "مل ڕەق" بە واتای سەرسەختی دێت، هەندێك زاراوە بە شێوەیەکی باش بۆ ئێمە وەرگێڕدراوە بەڵام تاوەکو ئێستا زۆر ئیدیۆم هەیە کە واتاکەیان ڕون نییە.

داڤار: لە زمانی ئینگلیزیدا یەکێك لە ماناى داڤار بریتییە لە (وشە). لەم حاڵەتەدا، قسەکەرانی عیبری هەمان ناو وەك کردارێك بەکاردەهێنن، بۆیە داڤار بە مانای تەنها "وشە" نییە، بەڵکو بە واتای (ئەو قسە دەکات) دێت، لە ڕاستیدا یەکێك لەو شتانە کە وادەکات کە زمانی عیبری پەیمانی کۆن زۆر سەرنجڕاکێش بێت ئەوەیە کە وشەکان دەتوانن چەندین مانای جیاواز

هەڵبگرن- تەنانەت لە هەمان ئایەت یان دەستەواژەشدا. بۆ نموونە دەتوانرێت داڤار بە «شت»یش وەربگێڕدرێت.

بەهۆی ئەم پەیوەندییە نزیکەی لە نێوان وشە و بەرکاردا هەیە، جولەکە ئایینییەکان لە جیهانی کۆندا زۆر بە وردی ووشەکانیان هەڵدەبژارد. (ئەمە تا ئەمڕۆش ڕاستە)، ئەوان زۆر بە کەمی یان هەرگیز باسی یەکتری ناکەن چونکە پێیان وایە باس کردنی یەکتری، قسە هەڵباسین کارێکی خراپە و زمانی شەیتانە، قسەکان قورسای خۆیان هەیە بۆچی و چۆنیەتی باسکردنی ئەوانیتر گرنگە، بۆ نموونە " خودا وتی، ......لەوێ بوو....)پەیدابوون(١)، خودا وشەی وتووو بوو.

هاگا(Hagah): وشەیەکی عیبرییە کە باس لە دەنگی شێرێك دەکات کە بەسەر نێچیرە گیراوەکەیدا دەنەڕێنێت. لە ڕاستیدا، وەك زۆرێك لە وشەی عیبری، هاگا دەنگێکە دەنگەکە دواتر دەبێت بە وشە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە چەند وشەیەك لەبەردەستدایە بۆ نووسەری زەبووری یەك، بەڵام ئەو بڕیاری لەسەر هاگا دا بۆ وەسفکردنی ڕێگایەك بۆ ووردبوونەوە لە تەوراتی خودا. زۆربەی وەرگێڕەکان وشەی "مێدیتەیشن" وەك باشترین بژاردە بەکاردەهێنن. بەداخەوە، کاتێك بیر لە "مێدیتەیشن" دەکەینەوە، زۆرێك لە ئێمە بیر لە کاهینێکی بوزی دەکەینەوە کە بە تەنیا بە بێ جوڵە لەسەر چیایەك دانیشتووە. بەڵام بەنیسبەت زەبوری ١:٢ خوێندنی وشەی خودا شەو ڕۆژ وەك، مرەمرى شێرێك وایە کە لەکاتی خواردنی نێچیرەکەی دەیکات و زۆر برسییەو ناتونێت لێی تێر بێت.

ماننا (Ha-man/Manhue): لە ئەمڕۆدا بە (ماننا) وەردەگێڕدرێت، لە بنەڕەتدا مانای وشەکە لە شێوەی پرسیارێکدا دێت. مان هوی بە واتای "ئەمە چییە؟" ئەم پرسیارە ئیسرائیلییەکان کردویانە کاتێك مادەیەکی سپی وەك بەفریان بینیوە کە زەوییەکەی داپۆشیوە، خودا لە ماوەی چل ساڵ لە بیاباندا هەموو ڕۆژێك ئەم مادەیەی بۆ ئیسرائیلییەکان دابین دەکرد و ئەم ڕزق و ڕۆزییە لە سەدەی یەکەم بە "نانی ڕۆژانە" ناسرا

هاڤەر (کۆکەی هاڤەریم) (Haver -Haverim):لە زمانی عیبریدا دەقاودەق بەواتای هاوڕێ یان برادەردێت لە سەدەی یەکەمی زاینیدا، (haver) هاوڕێ هاوبەشی خوێندنەکەت بوو کە دەتتوانی پرسیاری قورسی لێبکەیت وچاوەڕێی ئەوت دەکرد، کە ئەویش پرسیاری قورست لێبکات.

هاڤەریمەکان پشتگیری یەکیان دەکرد بۆ ئەوەی کە بگەن بە حەقیقەت، ئەگەر کەسێکت بە هاڤەر بانگ بکردایە لەسەدەی یەکەمی زاینیدا، ئەوە بەواتای ئەوەی دەکرد کە تۆش بە هەمان شێوەی ئەو پەیڕەوی تەورات دەکەیت، تەنانەت لەوانەیە شوێنی هەمان ڕابی بکەویت

لەوانەیە زۆربەی ڕۆژەکانت لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەت بەسەر بەریت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گرنگترین پرسەکانی ژیانت و ژیانی دەوروبەرەکەت.

کەناف (کۆکەی کەنافاییم) (Kanaf- Kanafayim): کەناف لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (گۆشە) دێت. کاتێك خودا فەرمانی بە ئیسرائیلییەکان کرد کە شاڵی نوێژکردن لەبەر بکەن، خەڵکەکەی ڕێنمایی کرد لەسەر گۆشەی جلەکانیان داینێن. هەروەها کەناف بە "باڵ" وەرگێڕدراوە، وەك لە ئیشایا ٢:٦دا دەبینین کە سەرافیمەکان هەریەکەیان شەش باڵیان هەبووە.

لیخایم(L’chaim): بەشێوەیەکی نەریتی لە عیبریدا بەواتای بە تەندروستی دێت کاتێك کە دووکەس کاسی شەرابەکەیان بەرزدەکەنەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا دەقاو دەق بە واتای (بۆژیان) دەگەیەنێت یان بە (خۆشی).

مایم چایم(Mayim Chayim): لە سەدەی یەکەمی زاینی گرنگ بوو بۆ جولەکەکان کە بە پاکی بمێننەوە لەبەر ئەوەی پەنایان بۆ ڕێوڕەسمی پاکردنەوە دەبرد، پاك ڕاگرتنی خۆت بابەتێکی بەرچاوی گفتوگۆ کردن بوو لەو کاتەدا لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆ گرنگانەدا بوو، کە حەکیمەکان باسیان لەو جۆرە ئاوە کرد کە گونجاوە، بە پێێ یاسا و شەریعەت، کە نەك تەنها بۆ ڕێورەسمە ئاینییەکان بەڵکو بۆ پاکوخاوێنی ژیانی ئاسای دەبێت، مایم چایم بە واتای "ئاوی زیندوو" دێت، و ئاماژەیە بۆ ئەو ئاوەی کە لەبەری دەڕوات و وەستاو نییە. سەرچاوەی ئاوی زیندوو بریتییە لە باران، کانیاو، بیر، چەم، ڕووبار و دەریاچەی ئاوی شیرین، لە بنەڕەتدا هەر سەرچاوەیەکی ئاو کە دەستی مرۆڤی بەر نەکەوتبێت واتە لە خەزانەکان هەڵنەگیرابێت، ڕاستەوخۆ لە خودی خوداوە بێت دەگرێتەوە.

ئەم وێنەیە لە پەیمانی کۆندا چەندین جار دووبارە دەبێتەوە وەك ئاماژەکردنێت بۆ خودا، هەروەها لە کتێبی پەیمانی نوێی، لە یۆحەنادا. عیسا باس لە ئاوی زیندوو دەکات لە هەردوو لە یۆحەنا ٤ و یۆحەنا ٧، کە بە شێوەیەکی مەجازی باس لە ڕۆحی پیرۆز دەکات. کەواتە دەبینین کە ئاوی زیندوو لە پاڵ خزمەتکردن بە ڕیورەسمە ئاینییەکان، خزمەت بە ئامانجێکی ئایینی و

مێتافۆریکیش دەکات. بۆ گەلێك کە زۆرتر خۆیان لە بیابانەکاندا دەبیننەوە، کەم شت هەیە لە وێنە و واقیعی مایم چایم، بەقەدەر ئاوی زیندوو بەنرخ یان بەهێز بێت بۆیان!.

میکاڤ(Mikveh): ڕێوڕەسمی پاککردنەوە، لە سەدەی یەکەمی پێش زایین بە دەستی پێکردووە و تا ئەمڕۆش، ڕێوڕەسمی پاککردنەوەی (میکاڤ) بە درێژایی چەندین سەدە خزمەتی بە چەندین مەبەست کردووە. ئەمە وەك پێشینەی لە ئاو هەڵکێشانی مەسیحی بوو، کە لە حەوزی ئاودا دەکرا و نوقمکردنەکە هەنگاو بە هەنگاو بوو. تاکێك بە ڕووتی دەچووە ناو حەوزەکەوە بە تەواوی خۆی نوقم دەکرد و لەگەڵ دەرچوون لە ئاوەکە بە شێوەیەکی ڕێوڕەسمی پاك دەبوویەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی نوقمبوونی تەواو دەبوو لانیکەم دوو شایەتحاڵ ئامادەبن.

(بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر حەیا(شەرمەزاری) لە کولتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ژن و پیاو بە جیا خۆیان نوقم دەکرد.) بەڵگە شوێنەوارییەکان سەدان لەو حەوزانە نیشان دەدەن. شوێنەوارەکانی ئەم حەوزانە وەك نەخشەیەکی دیفاکتۆ ماون کە ڕادەی دانیشتووان و کاریگەریی جولەکەکانی سەدەی یەکەمی پێش زایینی نیشان دەدات بەم حەوزانە بە تایبەت لە ویلایەتە مۆدێرنەکانی ئیسرائیل و ئوردن.

میشنا(Mishnah): بە پێی بیروباوەڕی جولەکە کاتێك خودا تەوراتەکەی بەخشی بە موسا لە چیای سینا، کۆمەڵە شەریعەتی دووەمی بە شێوەی زارەکی پێداوە، بە ناوی میشنا، وشەی میشنا بەواتای (دووبارە بونەوە) دێت، بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە، شەریعەتی نووسراو (یان میکرا) زۆر مەزنتر و گرنگتر بووە، میشنا (تەوراتی زارەکی) واتای تەوراتی نوسراو فراوانتر دەکات و ڕونی دەکاتەوە، " موسا لە سینا تەوراتی وەرگرت و گواستییەوە بۆ یەشوع، یەشوع بۆ پیرەکان و پیرەکان بۆ پێغەمبەران و پێغەمبەرانیش بۆ مەجلیسی پیاوە گەورەکان" (پیرکێی ئاڤۆت ١: ١). لە مەجلیسی پیاوە گەورەکاندا ئەوە بوو بە نەریت کە لێکدانەوە بکەن بۆی لە سەدەی یەکەم بەر لە زاینیدا کە ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەکرد پێیان دەوترا مامۆستایان(حاخامەکان).

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا، پیاوێك ناسراو بە یەهودا، یان بە ئینگلیزی یەهودای شازادە، سەرکردایەتی پڕۆژەیەکی کرد بۆ تۆمارکردنی ئەو نەریتانەی کە تا ئەو کاتە گوازرابوونەوە، ئەم بەڵگەنامە نووسراوە پەنجەرەیەکی بچووك پێشکەش بە ئایینی جوولەکە دەکات دەربارەی ماوەی ٢٠٠- ٣٠٠ی زایینی، ئەوەی جێگای سەرنجە، کڵێسا سەرەتاییەکان نامەکانی پۆڵسیان بە هەمان شێوە لە کتێبی پیرۆزدا ڕێکخستووە لە درێژترینەوە تا کورتترین.

میشپات (MISHPAT): وشەی عیبری میشپات، زۆرترین جار بە "دادپەروەری" وەرگێڕدراوە، میشپات ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە خزمەتکردن لە ئابووری خودادا. لەبەرئەوەی خودا داکۆکی لە هەژاران و ستەملێکراوان دەکات، بەتایبەتی بێوەژن و هەتیوەکان، چاوەڕوانی شوێنکەوتووانی دەکات هەمان شت بکەن.

لە ڕاستیدا، میشپات ئەوەندەی شەرەفمەندی و شەرمەزارییە هێندە کێشەی بێتاوانی و تاوان نییە، بۆ ئەوەی دادپەروەری بۆ جیهان بهێنێت، خودا بە شکۆمەندییەوە بەرزیان دەکاتەوە بە شەرەفمەندی و شەرمەزارییان دادەپۆشێت.

میشپات کە لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە وشەی تزێداکاە، یان "ڕاست و دروستی"، مامەڵە لەگەڵ سزادانی هەڵەکان دەکات ، بەڵام هەروەها لە خەمی مافی یەکسانە بۆ هەمووان- دەوڵەمەند و هەژار، مێ و نێر، بێگانە و ڕەسەن.

نموونەیەکی باشی میشپات دەبینین لە سەرژمێری ٢٧: ١-١١ کە باس لە ناکۆکی دەکات لە سەر میرات بردن لە زەوی و زار لەلایەن ژنانەوە، کە پیاوێك بە ناوی سەلۆفحاد پێنج کچی هەبوو و کوڕی نەبوو، بەهۆی ئەوەی کە تەنها کچی هەبوو، کچەکان لە میرات دوور خرانەوە و بێبەشکران، بەڵام کاتێك دۆسیەکەیان هاتە بەردەم موسا، خودا داواکارییەکەی ئەوانی پەسەند کرد و زەوی پێدان.

میشپات بەم شێوەیە کاردەکات: خودا شەرەفی کچەکانی بەرزکردەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵیان بە یەکسانی- تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریشدا. لە کۆتاییدا، میشپات پەیوەندی بە پێدانی ئەوە هەیە بە هەموو کەسێك کە شایەنیەتی، جا ئەوە پاراستن بێت لە سزا یان پێدانی ڕزق و ڕۆزی بێت.

چیای گێریزیم(Gerizim) بە دووەم بەزترین شاخ دادەنرێت لە دوای چیای ئیبالەوە، چیای گریزیم وەك پیرۆزترین و گرنترین شوێن بۆ سامیرەییەکان دادەنرێت.(تا ئەمرۆش لەوێ دەژین)

لە نزیکەی ساڵی ١٢٨ پ.ز، جولەکەکان پەرستگای سامیرەییان وێران کرد و هەوڵیاندا بەزۆر هەموو ئەو گروپانە کە لە خاکەکەدا دەژیان بە سامیرەییەکانیشەوە بگۆڕن بۆسەر بیرو باوەڕی جولەکە. ئەم هێرشە ئاگری شەر و ناکۆکی نێون سامیرەییەکان و جولەکەی زیندوو کردەوە لە سەدەی یەکەمی بەر لە زاینەوە بۆ سەدەی یەکەم. چیای گێریزم سێبەرەکەی شاری سیچار کە لە

پەیمانی کۆندا هاتووە دادەپۆشێت لەگەڵ بیری یاقوب. بەهۆی نزیکییەوە، عیسا گفتوگۆی لەگەڵ ژنە سامیرەییەکە هەبوو لەسەر بیرەکە یۆحەنا(٤: ٢٦).

پاراشا(parashah) کۆکەی پاراشوت(parashot): تەورات جێگەی سەرەکی هەیە لەناو هەموو نوسراوە پیرۆزەکان بۆ جولەکەکان، لەبەرئەوە دوای دەربەدەربونیان بڕیاریان دا پابەندبن بە خوێندنەوەی هەر پێنج کتێبەکەی تەورات بە دەنگی بەرز بۆ ماوەی ساڵێك.

ئەوان تەوراتیان دابەشکرد بەسەر پەنجاو چوار پاراشوت(بەش)دا، بەشێکیان لە هەرکتێبێکیان دیاری دەکرد بۆ ئەوەی کە بخوێندرێتەوە چەند جارێك لە هەموو ساڵێکدا.

بەم شێوەیە هەموو هەفتەیەك بەشێکی نوێی کتێبی پیرۆز بە درێژایی هەفتە دەخوێندرا لە کەنیشتدا بۆ ڕۆژی شەممە بە دەنگی بەرز دەخوێندرایەوە.

بەڵگەی مێژوویی بۆ ئەم پراکتیزەیە لە نوسراوەکانی دەریای مردوو و پەیمانی نوێدا دەبینینەوە. لە لوقا ٤ دا عیسا بەدواداچوون بۆ خوێندنەوەی تەورات کرد بە بڕگەیەك لە ئیشایا، لە کردار ١٥:٢١ ئەنجومەنی ئورشەلیم باسی لەوە کرد کە چۆن تەورات لە کەنیشتەکاندا هەموو هەفتەیەك دەخوێندرایەوە.

مامۆستا ئەلیزەر (Rabbi Eliezer): لە ماوەی نێوان سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا ژیاوە ، مامۆستا ئەلیزەر یەکێکە لەو حەکیمانەیە کە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە لە میشنادا. بەداخەوە بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ هاو پیشەکانیدا لەسەر ئەوەی کە ئەو دیدگاو ڕێبازێکی پارێزگاری خوازی هەبوو بۆ نوسراوە پیرۆزەکان دەربارەی خواردن دروست کردن، لە مەجلیسی گەورە پیاوانی جولەکە دەردەکرێت.

قوتابخانەکانی هیلێل و شامەی: لە سەدەی یەکەمی بەر لە زاین و سەدەی یەکەمی زاینیدا دوو قوتابخانەی جولەکە، کە بارەگای سەرەکییان لە ئورشەلیم بوو دەرکەوت بە ناوی دوو مامۆستاوە بوون کە ئەوانیش مامۆستا هیلێل و مامۆستا شامەی، کە هەریەکەیان قوتابی خۆیان هەبوو، هیلێل کە ١١٠ بۆ ١٠ ساڵ بەر لە زاین ژیاوە زیاتر ڕێبازێکی بەخشندەی و نەرمی دەربارەی لێکدانەوە بۆ کتێبی پیرۆز گرتەبەر لەو بابەتانەی کە ڕوون نییە. لە لایەکی دیکەوە شامەی کە لە نزیکەی ٥٠ پێش زایین تا ٣٠ی زایینی ژیاوە، ڕوانگەیەکی زۆر پارێزگاری خواز و توندی هەبوو بۆ لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز.

بۆ خستەن ڕووی جیاوازییەكانی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە، چیرۆكێك دەگێڕدرێتەوە دەربارەی خوێندكارێك كە ئارەزووی فێربوونی تەورات دەكات لەكاتێكدا لەسەر یەك پێ ڕاوەستاوە. كاتێك چووە لای  مامۆستا شامەی بۆ ئەوەی بپرسێت چۆن ئەم كارە بكات، شامەی بە دارێك لێیدا و دووری خستەوە، تا ڕادەیەك توندوتیژی بەرامبەر نواند و پێی وت كە تەمەنێكی دەوێت شارەزابوون لە تەورات و ئەوە خۆ بەزلزانی و بێڕێزییە باوەڕ بەوە بكەیت كە مرۆڤ دەتوانێت تەوارات لەبەربكات، لەسەر یەك قاچ وەستابێت، كاتێك گەنجەكە چووە لای هیلێل و هەمان پرسیاری كرد، هیلێل وەڵامی دایەوە، ئەوەی بۆ خۆت ڕقت لێیەتی، لەگەڵ كەسانی تر مەیكە. تەورات بە تەواوەتی ئەمە دەڵێت؛ ئەوانەی تر كە هەیە ڕوونكردنەوەكەیەتی. ئێستا، بڕۆ فێری ببە" (شەبات ٣١ئە)

هەرچەندە هیلێل و شامەی لە یەكتری جیاوازبوون  بەڵام لە ئەدەبیاتی لاهوتدا، ناوەكانیان لە پاڵ یەكتری دادەنرێت، جیاوازییەكانیان لەسەر چۆنیەتی لێكدانەوەی تەورات بوو كە پەیوەندی بەو كلتوورەوە هەبوو كە تێیدا دەژیان، بۆ نموونە پرسیارێك هاتە ئاراوە كە مرۆڤ چۆن مۆمەكان بۆ جەژنی هانۆكا داگیرسێنێت؛ ئایا پێویستە شەوی یەكەم هەر هەشت مۆمەكە داگیرسێنیت و دواتر بۆ هەر شەوێكی ماوەتەوە یەك مۆم كەمتر داگیرسێنیت؟ یان دەبێت شەوی یەكەم یەكێكیان داگیرسێنیت و بۆ ئەو شەوانەی كە ماوە مۆمەكان زیاد بكەیت؟ شامەی وتی ڕووناكی هێواش هێواش بە درێژایی جەژنەكە كەم دەبێتەوە، لە كاتێكدا هیلێل وتی زیاد دەكات (شەبات ٢١ب: ٥)

بڕیاردرا، لە زۆربەی بابەتەكاندا، كە بۆچوونی هیلێل پەیڕەو بكرێت نەك بۆچوونی شامەی. سەرسوڕهێنەرە، عیسا بە هەمان شێوە هاتە ناو مشتومڕەكانیانەوە و لە هەموو ئارگیومێنتێكدا (جگە لە جیابوونەوە) عیسا لەگەڵ لێكدانەوەی هیلێل بوو كە پێچەوانەی لێكدانەوەی شامەی بوو.

حەفتا (Septuagint) : وەرگێڕانێكی كتێبی پیرۆزە لە عیبرییەوە بۆ یۆنانی. ئەو جولەكانەی كە لە یۆنان دەژیان پشتیان پێبەستووە، سێپتواجینت (زۆرجار كورتكراوەی “LXX”)یان وەك دەقی سەرەكی خۆیان بەكاردەهێنا. مەسیحییە سەرەتاییەكان بە پلەی یەكەم ئەم وەرگێڕانەیان بەكارهێناوە، هەر بۆیە پۆڵس زۆرجار وتەی لەم وەرگێڕانەوە وەرگرتووە،

مێژووی ئەوەی كە  گەلی جولەكە چۆن ئەم وەرگێڕانەیان هەبووە  بە ئەفسانە و نهێنی داپۆشراوە، بەڵام زانایان مێژووی وەرگێڕانەكە بۆ سەدەی سێیەم تا دووەمی پێش زایین دەگەڕێننەوە كاتێك فەرمانڕەوایەك بە ناوی بەتلیمۆسی دووەم حەفتا و دوو زانای جولەكەی بۆ

میسر بانگهێشت کردووە، چیرۆکەکە دەڵێت کە لەگەڵ گەیشتنیان، ئەم حەفتا و دوو سەرکردەیەی جولەکە لە حەفتا و دوو ژووردا دانران کە تێیدا داوای ئەوەیان لێکرا کتێبی پیرۆزی عیبری وەربگێڕن بۆ سەر زمانی یۆنانی، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوویان لە یۆنان بێبەش نەبن لە وشەی خودا، لێرەوە وشەی لاتینی (Septuagint) کە حەفتا دەکات بەکارهێنرا.

تاڵیت: بۆ داپۆشینی سەر لە کاتی نوێژدا بەکاردێت، تالیت بە باشترین شێوە وەربگێڕدرێت ، دەبێت بە (شاڵی نوێژ). تالیتەکان قەبارە و ڕەنگی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی نەریتی درێژ دەبنەوە بە درێژی قۆڵ لە هەردوو لا و دەتوانرێت وەك شاڵ بە دەوری کەسێکدا بپێچرێتەوە، .جێگای ئاماژەیە کە گۆشەکانی تالیت نوێنەرایەتی باڵەکان دەکەن و بە شێوەیەکی ڕەمزی باڵەکانی خودا وەکو داپۆشینی ئەو کەسە دەبن کە نوێژ دەکات.

تەلمود (تەلمودی ئورشەلیم و بابلی): دوای ئەوەی میشنا لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینیدا نووسرا، لە ماوەی چەند سەد ساڵی داهاتوودا، نووسەران و مامۆستایان شرۆڤەی زیاتریان لەسەر دەقی نووسراوەکە کرد. ئەو کۆمەڵە کارە بە گەمارا (Gemara) ناسرا. لەگەڵ پەرەسەندنی دوو ناوەندی گەورەی فێربوون لەناو ئایینی جوولەکەدا کە یەکێکیان لە جەلیل و ئەویتریان  لە بابل بوو دروست بوو، ئەم دوو ئەکادیمیایە میشنا و گەمارەیان( Gemara) پێکەوە هێنا و  یەك بەرهەمیان لێدروست کرد  کە بە تەلمود ناسرا.

قوتابخانەی جەلیل (تەبرییا بە تایبەتی) بە تەلمودی ئورشەلیم ناسرابوو، قوتابخانەی بابلیش بە تەلمودی بابلی ناسرا. تەلمودی بابلی لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی زایینیدا ئامادەکراوە، ڕەنگە سادەترین ڕێگە بۆ بیرکردنەوە لەم بەرهەمەی جوولەکەکان ئەوە بێت کە تێبگەین کە تەورات لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا بنەڕەت و گرنگترینە.

میشنا تا ڕادەیەك وەك تەفسیرێك بۆ تەورات کاردەکات و تەلمود وەك شرۆڤەیەك بۆ میشنا کاردەکات. ئەگەر ئەمڕۆ کەسێك بڕواتە قوتابخانەیەکەوە (یەشیڤا)بکات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە خوێندکاران نەك هەر تەورات دەخوێنن و لەبەری دەکەن، بەڵکو تەلمودیش دەخوێنن و لەبەری دەکەن.

چیرۆکێك هەیە، باس لە زانایەك دەکات کە  لەم دواییەدا لە ئورشەلیم دەرکەوتووە، کە ڕۆژێك بە تەواوی تەلمودی بابلییەوە خۆی نیشان دا (تێبگە، ئەمە وەك ئەوە وایە هەموو بەرگەکانی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیت لەگەڵ خۆتدا هەڵگرتبێت.) لەگەڵ چوونە ناو پۆلەکەدا، داوا لە

یەكێك لە خوێندكارە خۆشەویستەكانی دەكات " ئەو هەمووی لەبەر كردووە لەسەر دڵێ، ئێستا نۆرەی ئەوە كە ڕۆڵەكەی خۆی پێبدات".

تناخ (كتێبی پیرۆزی عیبری): ئەوەی مەسیحییەكان پێی دەڵێن پەیمانی كۆن، جولەكەكان پێی دەڵێن تناخ یان میكرا كە بەواتای ("ئەوەی بانگ دەكرێت/دەخوێندرێتەوە"). هەروەك چۆن ئێمەی مەسیحییەكان پەیمانی كۆنمان دابەشكردووە بەسەر چەندین بەشی جیاجیادا بۆ نموونە (شەریعەت، مێژوو، شیعر، پێغەمبەرە گەورەكان، پێغەمبەرە بچووكەكان)، جولەكەكانیش بە هەمان شێوە كتێبی پیرۆزیان دابەشكردووە، پیتی (ت) بۆ تەورات كە (ڕێنمای و شەریعەت) لە خۆدەگرێت، بۆ گەشتی نێردوراوەكان(پێغەمبەرەكان) پیتی (ن)هەروەها (ك) بۆ كەتوڤیم (نووسراوەكان).

بەڵام قورسایی هەریەك لەم بەشانە جیاوزە بۆ جولەكەكان هیچ شتێك لەسەر و تەوراتەوە نییە هیچ شتێك لە تەورات گرنگتر نییە. تەورات یەكەم شوێنە كە دەگەڕێنەوە بۆی لەكاتی وەرگرتنی دەسەڵات لە كتێبی پیرۆزەوە. كتێبەكانی تەورات بریتین لە (پەیدابوون، دەرچوون، لێڤییەكان، سەرژمێری و دواوتار) كە زانایان ئەمڕۆ پێی دەڵێن پێنج كتێبەكە ("پێنج كتێب"). هەرچەندە بە شێوەیەكی نەریتی بە "شەریعەت" وەرگێڕدراوە، بەڵام وشەی تەورات زیاتر فێركاری و ڕێنمونی دەگەیەنێت نەك شەریعەت.

بە پێی تەورات فەرمانەكان(ڕاسپاردەكان) ئازادمان دەكەن زیاتر لەوەی بمان چەوسێننەوە، كە وەك چوارچێوەیەك وان ڕێگە بە مرۆڤ دەدات لە خێزان و هۆز و نەتەوەكەیدا بە باشی كارەكانی بكات.

بەشی دووەم، پێغەمبەران، ئەم بەشە وەك شرۆڤەیەك بۆ تەورات كاردەكات، لێكدانەوە و نموونە پێشكەش دەكات كە چی بكرێت و چی نەكەین لەناو ئەو سیستەمە و شەریعەتەی كە خودا دایناوە، كتێبەكانی كتێبی پیرۆزی عیبری لەناو ئەم بەشەدا بریتین لە: یەشوع، دادوەرەكان، یەكەم و دووەم ساموئێل، یەكەم و دووەم پاشاكان، ئیشایا، یەرمیا، حزقیێل، هۆشەع، یوئێل، ئامۆس، عوبەدیا، یونا، میكا، ناحوم، حەبەقوق، سەفنیا، حەجای ، زەكەریا و مەلاخی).

بەشی سێیەمی نووسینەكانە، بە كەمترین دەسەڵات دادەنرێت، بەڵام هێشتا بە قسەی خودا و بەشێك لە كتێبی پیرۆز دادەنرێت. كتێبەكان بریتین لە: (زەبور، پەند، ئەیوب، گۆرانی

گۆرانییەکان، ڕوث، ماتەمینی، بانگەواز، ئەستێر، دانیال، عەزرا، نەحەمیە، و یەکەم و دووەم ی کۆرنسۆس).

کتێبەکانی کتێبی پیرۆزی عیبری، هەرچەندە بە شێوەیەکی جیاواز لە کتێبی ئێمە و بە ڕیزبەندییەکی جیاواز هەژمار کراون، بەڵام هەمان ناوەڕۆك و واتایان هەیە. لە کتێبی پیرۆزی عیبریدا کتێبەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەکەونە ئەو ڕێزبەندییەی کە نووسراون. ئەمەش دەمانباتە سەر تێڕوانینێکی سەرنجڕاکێشی تیۆلۆژی: تەواوی کتێبی پیرۆزی عیبری لە شوێنێکی هاوشێوەدا دەست پێدەکات کە کۆتایی دێت. تناخ لە سەرەتای پەیدابوونەوە دەست پێدەکات و بە مێژوو کۆتایی دێت، لە ڕووی تیۆلۆژییەوە گەلێکی دەربەدەر دەباتەوە بۆ ئورشەلیم و دەوروبەری- لە بنەڕەتدا، بە عەدەنێکی نوێ هەژمار کراوە، بەم شێوەیە ئەوەی لە سەرەتای پەیدابووندا لە باخچەیەکدا (باخچەی عەدەن) دەست پێدەکات، لە مێژوودا بە خواست و بانگەوازێك کۆتایی دێت بۆ گەڕانەوە بۆ "عەدەن"ێکی نوێ، کە مەبەست لێی خاکی ئیسرائیلە کە ئورشەلیم ناوەندەکەیەتی.

هەروەها ڕێزبەندی کتێبەکانمان لەناو پەیمانی کۆن ئاماژە بە واقیعێکی نوێ دەکات. خودا قسە دەکات و قسەکە دێتە دی؛ قسەی خودا دەبێتە مرۆڤ. بە کۆتایی هێنان بە پەیمانی کۆنمان بە مەلاخی، پێشبینی بۆ شوێنێك ناکات، بەڵکو سەیری کەسێك دەکەین. بەم شێوەیە، دەبینین کە چۆن قسەی خودا نەك تەنها لە دروستکردنی گەردووندا، بەڵکو لە هێنانەکایەی کوڕدا- عیسا- کە دەرکەوتنی تەواوەتی خودا بووە لە شێوەی مرۆڤدا دێتە دی « وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوانماندا نیشتەجێ بوو.» (یۆحەنا ١: ١٤).

تەخلیت: مەبەست لێی ئەو پەتە شینەیە کە لە شاڵی نوێژکردنەکاندا هەبووە، ئەم ڕەنگە لەمڕۆدا بە شێوازە کۆنەکەی نەگەشتۆتە دەستی ئێمە بۆیە جولەکە ئۆرتۆدۆکسییەکان لەمڕۆدا زۆر بە دەگمەن بۆیەی شین لەناو شاڵی نوێژەکانیان جێگیردەکەن، بەڵام لە ڕێگەی دۆزینەوە شوێنەوارییەکانەوە، زانایان قاوخەشەیتانۆکەیەکیان دۆزیوەتەوە وەك ئەگەری زۆرترین بەرهەمهێنەری ڕەنگی شین دەستنیشان کراوە، کە پێویستی بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە لەم بوارەوە. کە هەوڵی گەراندنەوەی دەدەن.

تزێداکا (Tzedakah) وشەیەکی عێبرییە بە واتای (ڕاستو دروستی) و زۆر شتی تر دێت. کاتێك کە ئەم وشەیە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤاکان بەکاردەهێنرێت، واتای وشەی (تزێدك) ڕاستکردنەوەی شتکانە بە بەخشندەییەوە.

وهرگێڕانێکی دیکە بۆ ئە م وشەیە هەیە، بە ئاسانی دە کرێت بڵێین بە واتای (میهرەبان)ی دێت. لە ڕاستیدا، لە جیهانی سەدەی یەکەمدا، بەخشین بە هەژاران وەك کردەوەیەکی ڕاستودروستی سەیر دەکرا. (بڕوانە مەتا ٦: ١-٤).

مرۆڤ بە هاوبەش نەکردن لە بەخشیندا لەگەڵ ئەوانی تردا، خودی دادپەروەری و ئیرادە و فەرمانی خودا پێشێل دەکات. ئەم پراکتیزەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە tzedakah لە ئابووری خودادا ئیختیاری نییە.

کاتێك لەگەڵ میشپاتدا یەکدەگرێت، وەك ئەوەی دەیان جار لە پەیمانی کۆندا هەیە، دەتوانین بە ڕوونی کارەکتەری خودا خۆی ببینین. ئێمە بۆ یەکەمجار ئەم قسانە پێکەوە دەبینین لە پەیدابوون: ١٨: ١٩ کاتێك خودا دەربارەی ئیبراهیم دەڵێت " لەبەر ئەوەی هەڵمبژاردووە کە منداڵەکانی و ماڵەکەی لەدوای خۆی ڕابسپێرێت ڕێچکەی یەزدان بگرنەبەر، بۆ ئەوەی ڕاستودروستی و دادپەروەری پەیڕەو بکەن، تاکو یەزدان ئەو بەڵێنە بهێنێتە دی کە بە ئیبراهیمی دابوو." (جەختکردنەوە) وەك لەم بڕگەیەدا بەڵگەی لەسەرە، ڕێگای پەروەردگار بریتییە لە پراکتیزەکردنی هەردوو میشپات و تزێداکا پێکەوە- دادپەروەری و ڕاست و دروستی.

**گوڵنگ :** لە سەرژمێری ١٥: ٣٧-٤٠ خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل کراوە کە گوڵنگ لە گۆشەی جلەکانیان دروست بکەن. گوڵنگ ڕاسپاردەکانی خودای بیردەخستەوە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بن، گوڵنگ لە کتێبی پیرۆز ئەوەندە گرنگ بووە کە تا ئەمڕۆش لە کۆتایی خوێندنەوەی (شیما)کە نوێژی جولەکەکانە دەخوێندرێتەوە. گرنگی چۆنێتی و لە کوێ بەستن و لەبەرکردنی گولینگ پێش و دوای وێرانکردنی پەرستگای جولەکەکان گەشەی کرد و عیسا وەك جولەکەیەکی ئاییني، گولینگی لەسەر جلەکانی لەبەردەکرد.

عیسا لە ڕاستیدا ئاماژەی بە گوڵینگەکە کردووە لە مەتا ٢٣: ٥ دا لە ڕەخنەکانیدا لە فەریسییە دووڕووەکان کە هەوڵیان داوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە خۆیان بدەن، زاراوەی یۆنانی کە لە پەیمانی کۆن بۆ گوڵینگ بەکارهاتووە، کراسپێدۆنە، بە واتای گۆشە یان لێوار. هەمان زاراوەی یۆنانییە کە بەکارهاتووە کاتێك ئەو ژنەی کە کێشەی خوێنبەربوونی هەبوو کە دەستی بە لێواری جل و بەرگی عیسا کەوت.

ئەمڕۆ، گوڵینگەکان  بە وریاییەوە بەستراونەوە بەجۆرێك کە هەموو گرێ و بۆشاییەك مانای تایبەتی هەڵگرتووە بە واتایەکی تر، بوونی پێنج گرێ نوێنەرایەتی پێنج کتێبی موسا [تەورات] دەکەن، و چوار بۆشایی نێوان گرێکان نوێنەرایەتی چوار پیتەکە دەکەن کە بەواتای ناوی خودا بە عیبری.

یەشیڤا: ئەمڕۆ یەشیڤا زاراوەیەکی فەرمییە کە ئاماژە بە سیستەمێکی پەروەردەیی دامەزراو دەکات کە تیشك دەخاتە سەر خوێندنی تەورات و تەلمود. هەرچەندە لە سەدەی یەکەمدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چۆن مامۆستایەك لێکدانەوە بۆ بەشێکی کتێبی پیرۆز یان چەمکێکی تیۆلۆژی(لاهوتی) دەکات کە ئەم فێرکردنە ڕەوایە یان نا. چۆن کۆمەڵگایەك ڕەوایەتی فێرکردنی پەرتووکی پیرۆز دیاری دەکات؟ یەشیڤا لە کردارێکی زمانی  عیبرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە واتای " نیشتەجێبوون" دێت، یەشیڤا کاتێك ڕوودەدات کە خوێندکارەکان مناقەشەو دیبەیتی مامۆستاکەیان لە پرسیار و گفتوگۆکردندا دەکەن

کە ئایا ئەوەی مامۆستا فێری کردوون دەکرێت جێبەجێ بکرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا یان نا، چۆن دەتوانرێت ئەنجام بدرێت.  فێربوون بە شێوەیەکی فرە ڕەهەند وەك مونا‌قەشەیەك لە نێوان هاوتەمەنەکاندا ڕوویداوە، قسەکانی مامۆستاکەیان گفتوگۆیان لەسەر دەکرد. ئەم هێڵە لە بیرکردنەوە، یارمەتی دەدا تا  کۆمەڵگا باشتر کتێبی پیرۆز بناسێت، تێڕوانینەکان قووڵتر بێت لەبەرئەوەی لێکدانەوەکانی مامۆستایان دەهێنرێنە ناو بابەتەکەوە.

زاخار(Zakhar): تەنها لە پەیمانی کۆندا زیاتر لە ٢٣٠ جار هاتووە، زاخار بە واتای "یادکردنەوە"  چەندین جاریش بەواتای ئەرێنی بەکار هاتووە (لەبیرم مەکە)کاتێك خودا قسە لەگەڵ گەلەکەی دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگەی پێغەمبەرانی وەك موسا، چەندین جار دووبارە دەبێتەوە کە دەڵێت لەبیرم مەکەن، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە جولەکەکان لە سەدەی یەکەمدا بەکاریان هێناوە کاتێك کە قسەکانی خودایان بە دڵ بوو، دووبارە و سێبارە وانەکانیان دووبارە دەکردەوە. لە تەلمودی بابلیدا ئەم قسانە لە هیلێلەوە وەرگیراوە کە  (کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین ژیاوە): "ئەو کەسەی سەد جار پێداچوونەوە بە خوێندنەکەیدا بکات، بەراورد ناکرێ بەو کەسەی کە سەد و یەك جار پێداچوونەوە بە خوێندنەکەیدا بکات" (چاگیگا ٩ب). بە واتایەکی تر، دووبارەبوونەوە فێربوون پتەوتر دەکات و کلیلی یادەوەرییە.